حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان

سەرەتاکانی زانستی ئابووری

بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی وێژەیی وبازرگانی

دانانی: د.زكي حسين قادر
د.جودت جعفر خطاب
د.خالد حيدر عبد
كامران احمد حمد

پێداچوونەوەی زانستی: د.محمد سلمان محمد
عمر علي شريف
احمد رسول درويش

چاپی نۆیەم ٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی ١٤٣٦ کۆچی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: عبید خضر فتح الله
سەرپەرشتی هونەری وچاپ: عوسمان پیرداود
ئاری محسن أحمد

نەخشەسازی بەرگ: زاگرۆس محمود
نەخشەسازی ناوەرۆک: سابات صدقی أسماعیل
جێبەجێکردنی بژاری هونەری: لانە مجید میریحی

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

پێشەکی

ئـەم کتێبـە هـەنگاوێکی نوێیـە لـە پلانـی بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە،دوای ئەوە دێ کە خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی (وێژەیی) وبازرگانی پۆلێن کرا بۆ دوو بەش– زانستی ووێژەیی– مەبەست لە دانانی ئەم کتێبە دەوڵەمەند کردنی پرۆگرامـەکانی پـۆلی دەیـەمی ئامـادەیی و (وێـژەیی) و بازرگانی،چـونکە بابەتی زانستی ئابووری وەك پێویستییەکی گرنگی ئەم قۆناغی خوێندنەیە. بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی تایبەت هەستا بـەم کارە،ولـە ئەنجامـدا ئـەم کتێبە دەکەوێتە بەردەستی فێرخوازانی خۆشەویست.

کتێبەکـەش شـەش بەشـە، سـەرەتاکانی زانـستی ئـابووری دەگرێتـە خۆی، لەبەشـی یەکـەم پێناسـەی زانـستی ئـابووری چـەمکە بنەرەتییـەکان ،ولەبەشی دووەمدا باس لە سیستەمە ئابوورییەکان دەکات.

هەرچی بەشی سێیەمی کتێبەکەیـە (بـیردۆزی خواسـت وخـستنەڕوو) دەگرێتە خۆی ولەبەشی چوارەم(نەرمی نواندن) ڕوون دەکاتـەوە، ولەبەشـی پێنجەم (بیردۆزی ڕەفتاری بەکاربەر)ە وبەشی شەشەم (تێچوون وبـیردۆزی بەرهەم هێنان)ە.

جـا مامۆسـتایانی بـەڕێز وفێرخـوازانی ئـازیز ئـەم کتێبـە نوێیـە (سـەرەتاکانی زانـستی ئـابووری) لـە هـەر بابـەتێك تێبینیتـان هـەبوو ، بفەرموون بە پێشنیارەکانتان کتێبەکە دەوڵەمەند بکەن.

دانەران

بەشی یەکەم

سەرەتاکانی زانستی ئابووری

سەرهەڵدانی زانستی ئابووری و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە :

یەکەم: سەرهەڵدانی زانستی ئابووری:

وشەی ئابووری (Economics) لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو وشەی لێکدراوی یۆنانی(Nomas) کەمانای بەڕێوەبردن یان هەڵسوڕاندن دێت (Oikos) کە مانای ماڵ دەگەیەنێت ، لەبەر ئەوەی مانای سەرەکی ئابووری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی سامان بووە لە لایەن تاك یان کۆمەڵ یان حکومەتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەی مرۆڤ ئابووریانە هەڵسوکەوت دەکات ئەگەر هاتوو بە باشی سەرچاوەکانی سامانی بەکارهێنا یاخود لێهاتووانە بەکاری هێنا کە ئەمەیان بەمانای بەدەست هێنانی گەورەترین سووی ماددی بە کەمترین تێچوون و ڕەنج.

بیروڕا ئابوورییەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا ﴿شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانی کە دوو شارستانی کۆنن﴾ بوونی خۆیان هەبووە، ئەرستۆ بەیەکەم کەس دادەنرێت کەسەرەتاکانی تیۆری ئابوری دارشتووە لە سەر بنەمای شیکردنەوەی دیاردەکانو گیروگرفتە ئابوورییەکان و یەکەم کەسە کە هەوڵی داوە ئابووری بکات بە زانست.

لە سەدەکانی ناوەراستدا بیروڕا ئابووریەکان هەبووە چ لە ئەوروپای مەسیحی یان لە رۆژ هەلاتی ئیسلامیدا، بەلام بوونی ئەم بیروڕا ئابوریانە مانای ئەوە نییە کە زانستی ئابووری بە مانا زانستیە تەواوەکەی بوونی هەبووبێ.زانستی ئابوری تارادەیەك لەمێژووی نوێدا دروست بوو لە پاش پەرەسەندنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەو جۆرە چەند رەوتێکی نوێی

بیروڕای ئابووری پەیدا بوون لەوانەش (قوتابخانەی بازرگانییەکان) کە لە سەرەتای سەدەی پانزە هەبووە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، لە پاشاندا قوتابخانەی فیزیوکراتەکان (سروشتیەکان).

پاش ڕوودانی چەندین پەرەسەندن لەگشت بوارەکانی کۆمەلآیەتیو رامیاری و ئابووری لە ئەوروپا قوتابخانەی کلاسیکی پەیدا بوو وەك رەنگدانەوەیەك بۆ ئەوگۆران و پەرەسەندنانە ، پاش پەیدابوونی قوتابخانەی کلاسیك بیری ئابوری زۆر پێش کەوتو زانستی ئابوری بە تەواوی دروست بوو وە وەك زانستێکی سەربەخۆ سەری هەڵدا. لە ساڵی ١٧٧٦ز زانای ئابووریناسی ئوسکتلەندی ئادەم سمث کتێبی (سامانی میللەتان) ی دەرکرد کە بەدانانی ئەم کتێبە زانستی ئابوری پێشکەوتنێکی بەرچاوی بینی وەك تەواوکەرێك بۆ بۆچوونەکانی نوسەرانی قوتابخانەی کلاسیکی ئەگەر بە رەخنەگرتنیش بێ.

دووەم: پێناسەی زانستی ئابووری:

زانستی ئابووری کۆمەڵێك پێناسەی جیاوازی هەیە بە هۆی فرەیی وهەمەلایەنی ڕۆڵی ئابووری و زیادبونی گرنگی ئەم زانستە، لەگەڵ بوونی جیاوازی لە ئاڕاستە بیرییەکانی سەرجەم قوتابخانە ئابوورییەکان. بۆ نموونە ووشەی ئابووری لای ئەرستۆ مانای (زانستی هەڵسوڕاندنی ماڵە)[1]

بەلاّم نووسەری فەرەنسی (مونکراتیان) لە کتێبی (توێژینەوە لە ئابووری سیاسیدا) دەڵێت زاراوەی ئابووری ڕامیاری مانای (پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی ئابووری دەوڵەتە) لەبەر ئەوەی گرنگی دەدات بە بنەماکانی دارایی دەوڵەت[2].لە پاشاندا بەکارهێنانی زاراوەی ئابووری ڕامیاری بەرفراوان بوو تاوەکو ئابووری کۆمەلاّیەتیشی گرتەوە لە ساڵی ١٧٦٧ (جون ستیوارت مل) ئەم زاراوەیەی لە کتێبی (An eqairy in to economy the principle of political) بەکارهێناوە. لەو سەردەمەدا ئەو باوەڕە باو بوو کە پێی وابوو زانستی ئابووری تایبەتە بە توێژینەوەی ئەو ئامرازانەی کە گرنگی دەدات بە دەوڵەمەندبوونی (ولاّت، نیشتمان) لە ڕووی مادیەوە ئەم باوەڕە لە کتێبی (سامانی میللەتان)ی ئادەم سمیث دا رەنگی دایەوە کەساڵی ١٧٧٦ بلاّوکرایەوە.

(مارکس) زاراوەی ئابووری ڕامیاری لە کتێبی (سەرمایە) بەناونیشانێکی ناسەرەکی کە (ڕەخنەی ئابووری سیاسی) بوو لە ساڵی ١٨٦٧ بەکاری هێناوە . ئابووریناسی ئینگلیزی (ئەلفرێد مارشال) زانستی ئابووری پێناسە دەکات و دەڵێت (توێژینەوەیەلە چالاکی ژیانی ئاسایی مرۆڤ و وردبوونەوەیە لەو بەشەی چالاکی تاك و پەیوەندییە بەتینە

کۆمەڵایەتییەکەی بۆ بەدەست هێنانی بنەما مادییەکانی خۆشگوزەرانی و بەکارهێنانیان)[٣] هەروەها مارشال دەڵێت: (زانستی ئابووری بریتییە لە توێژینەوەلە سامان لە لایەك و توێژینەوە لە مرۆڤ لە لایەکی تر)[٤].

بەڵام ئابووریناسی سویدی (ویکسل) پێی وایە کەدیاردەی ئابووری یاخود چالاکی ئابووری بریتییە لە (هەموو تەقەلایەکی ڕێکخراو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە مادییەکان یاخود گەڕان بەدوای ئەو ئامرازانەی کەوا لەبەر دەستن بۆ هێنانەدی گەورەترین بڕی بەرهەم، یان هێنانەدی ئاستێکی دیاریکراوی بەرهەم هێنان تابکرێ بە کەمترین ئامرازەکان)[٥].

بەڵام لای ئابووریناسی فەرەنسی (بیجو) (زانستی ئابووری ئامرازێکە بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتی زیاد کردنی بەرهەم بە ئامانجی چاك کردنی ئاستی بژێوی)، هەروەها زانای ئینگلیزی (ڕۆبنز) پێناسەیەکی زۆر باو بۆ زانستی ئابووری دەکات کە ئەمڕۆ زیاتر قبوڵ کراوە و بەکاردەهێنرێت (زانستی ئابووری بریتی یە لەو زانستەی لێکۆڵینەوە دەکات لە ڕەفتاری مرۆڤ وەك پەیوەندییەك لەنێوان ئامانجەکانی ولەنێوان ئەو ئامرازە دەگمەنانەیکە دەتوانرێ شوێنگرەوەی تری بۆ بەکاربهێنرێ) بەڵام زانای ئەمەریکی (ساملسۆن) بەم جۆرە پێناسەی ئابوری دەکات «زانستی ئابوری بریتیە لە توێژینەوە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی کەبەهۆیەوە تاك وکۆمەڵگا دەرامەتە دەگمەنەکان بەکاردەهێنن کە دەتوانێ شوێنگرەوەی تریان بۆ بەکاربهێنرێ بۆ بەرهەمهێنانی شمەکە هەمە چەشنەکان و دابەش کردنەوەیان بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بەکارە بێنن لە ئێستا یان لە ئایندەدا)[٦].

لەو پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی پێناسەکان ئەوە دەردەخەن زانستی ئابووری جەخت دەخاتە سەر (چۆنیەتی بەکاهێنانی دەرامەتە دەگمەنەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا).

بەشێوەیەکی گشتی زانستی ئابووری تایبەتمەندە بەوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- ئەو شمەك و خزمەت گوزاریانەی کە بەرهەم دەهێنرێن چین؟ وە چەند بەرهەم دەهێنرێن؟.

ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ لە دەگمەنی دەرامەتەکانەوە دروست دەبێت ئەوانیش (کار، زەوی، سەرمایە، ڕێکخستن) پێداویستیەکانی مرۆڤ کە دەکرێت پڕبکرێنەوە لە ڕێگەی شمەك و خزمەت گوزاری بەکاربردنەوە، ئەمڕۆ لە جیهاندا ئەم پێداویستیانە بێ سنورن، بەلاًم لە بەرامبەر ئەم پێداویستییە زۆرانەدا خستنە ڕووی دەرامەتەکان بەش ناکەن بەڵکو تەنها بەشی بەرهەمهێنانی بڕێکی کەم لە شمەك و خزمەتگوزارییەکان دەکەن کە خەڵك دەیانەوێت، ئەم ڕاستییە وای کردوە کە پسپۆرانی ئابووری ڕوو بە ڕووی گرفتێکی بنچینەیی بکاتەوە ئەویش گرفتی دەگمەنییە، کە دەرامەتی تەواو لەبەردەستدا نییە بۆ بەرهەمهێنانی سەرجەم ئەو شمەکانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە دەیانەوێت.

بەڵام دەربارەی جۆری ئەو شمەکانەی کە دەبێت بەرهەم بهێنرێن یان بەرهەم نەهێرێن، ئەم بابەتە وابەستەیە بە گرفتی تەرخانکردنی

دەرامەتە دەگمەنەکان بۆ بەکاربردنە داواکراوەکان لـە چوارچێوەی بـوونی کۆمەڵێك لە شۆێنگرەوەکان (البدائل)،بڕیاردانی تایبەت بۆ تەرخانکردنـــی ئەو دەرامەتانە لە ئابووری بازاڕی ئازاد دا لەلایـەن هێـزی بـازاڕەوە دەبێـت ئەویش یان خواست و خستنە ڕوە یان میکانیزمی نرخە.

٢- بە چ ڕیگەیەك ئەو شمەکانە بەرهەم بهێنرێت؟

لە کاتێکدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت گەر هاتوو زیاتر لە ڕێگایەکی هونەری هەبێت بۆ بەرهەم هێنـانی شمـەك, بـۆ نمونـە دەکرێـت بـەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەم بهێنرێت بە بەکارهێنانی شێوازی کشتوکاڵی چڕو پـڕ لـە ڕوبەرێکی بچوکی زەوی دا بەکارهێنانی بڕێکی گەورە لە پەیینی کیمیـایی و هێزی کاری زۆر و ئامێری پێشکەوتوو یان بە هۆی بەکارهێنانی ڕووبـەرێکی بەرفراوان لە زەوی و بەکارهێنانی بڕێکی کـەمی پـەیینی کیمیـایی و هێـزی کار و ئامێر, هەردوو ڕێگاکە دەشێت بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی هـەمان بڕ لە هەندێ شمەك, ڕێگەی یەکەم ئابووری کردن لە زەویدا بـەکاردەهێنێت بـەڵام دەرامەتـەکانی تـر زۆر بـەکاردەبات . بـەڵام ڕێگـەی دووەم ڕووبـەری بەرفراوان لەزەوی بەکار دەهێنی،بـەڵام دەرامەتـەکانی تـر ئابوریانـە بـەکار دەهێنی.

٣- چـۆن بـڕی بەرهـەمی شمـەك دابـەش دەکرێـت بەسـەر تاکـەکانی کۆمەڵگەدا؟

مەبەسـت لـەم پرسـیارە ئەوەیـە چـۆن بەرهـەمی نەتـەوەیی دابـەش دەکرێت بەسەر سەرجەم تاکەکان و و چینەکانی کۆمەڵگادا, وەکو کرێکاران و خاوەن زەوی و خاوەن سەرمایەکان لە سەرجەم وڵاتانـی دنیادا. تـا چ

ڕادەیەك حكومەت دەتوانێت سەركەوتوو بێت بەهۆی دەست تێوردانیوە لە ڕاستكردنەوەی شێوازی دابەش كردنی داهاتدا؟ ئایا ئەنجامی ئەم دەست تێوەردانە چی دەبێت؟

٤- ڕادەی لێهاتوویی لەبەكارهێنانی دەرامەتەكان چەندە؟

ئەم پرسیارە دوو پرسیاری دیكە دەگرێتە خۆ ئەوانەش:

أ- ئایا بەرهەم هێنان بەشێوەیەكی لێهاتووانە دەبێت؟

ب- ئایا دابەشكردنی بەرهەم هێنراو بە شێوەیەكی لێهاتووانە دەبێت؟

پاش ئاماژەكردن دەربارەی بڕی ئەو شمەكانەی كە بەرهەم هێنراون و چۆن بەرهەم هێنراون, وە بەسەر كێدا دابەش كراون, ئنجا ئەو پرسیارە دێتەوە ئاراوە ئایا بڕیارە تایبەتەكان بەبەرهەم هێنان و دابەشكردن بڕیاری لێهاتوون ولەشوێنی خۆی دان؟

٥- ئایا دەرامەتەكانی وولآت هەمووی بە تەواوی بەكارهێنراون یان هەندێكیان هێشتا كاریان پێ نەكراوە؟

دەشێ ئەم پرسیارە كەمێك نامۆ بێت، چونكە چۆن دەكرێت بگوترێت دەرامەتەكان دەگمەنن لە هەمان كاتدا پرسیار بكرێت دەربارەی بەكار نەهێنانی تەواوی دەرامەتەكان.گومان نییە هیچ كەس و حكومەتێك پلان دانانێت بۆبەفیرۆدانی دەرامەتەكان، بەلآم ئەو ولآتانەی كە پێڕەوی سیستەمی بازاڕی ئازاد دەكەن هەندێك جار توشی كرداری بە فیڕۆ دانی دەرامەتدەبن، یەكێكلە ئەركەكانی زانستی ئابووری بریتی یە لە گەڕان بە

دوای ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەو بارودۆخە, یان بڵێین بێ کاری هاووڵاتیان و پاشان چارەسەر کردنی.

٦- ئایا توانای ئابووری وڵات بۆ بەرهەمهێنانی شمەك و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکان گەشەدەکات (زیاد دەکات)؟ یان هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟

ئاشکرایە کە کارێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا توانای ئابووری نیشتمانی بە جێگیری و نەگۆڕی دەمێنێتەوە دەربارەی بەرهەم هێنانی شمەك و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان یاخود پەرەدەسێنن ساڵ دوای ساڵ. ئەگەر هاتوو ئەو توانایە پەرەی سەند بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادی (وەکو زۆربەی وولاتانی ڕۆژ ئاوا بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو) ئەو کاتە دەشێت زیادبوونێکی خێرا و گەورە بێتە دی لە ئاستی بژێوی و گوزەرانی خەڵکدا. بابەتی پەرەپێدانی تواناکانی بەرهەم هێنان گرنگترین کێشەن کە بیری ئابووریناسانیان سەرقاڵ و خەریك کردووە لە سەردەمی (ئادەم سمث) ەوە تاکو ئەمڕۆ.

زانستی ئابووری و پەیوەندی
بە زانستەکانی ترەوە

زانستی ئابووری بە یەکێك لەو زانستانە دادەنرێت کە پەیوەندی و تێکەڵاو بوونی زۆری لەگەڵ زانستەکانی تردا هەیە, ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری زۆری هەیە لە سەر زۆربەی لایەن و ئاراستەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی, وە دەکرێت کورتەی هەندێك لەو پەیوەندیانە ڕوون بکرێتەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە:

١- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و زانستی ڕامیاری:

زانستی ئابووری پەیوەندی توند و تۆڵی بە زانستی ڕامیاریەوە هەیە, چونکە زانستی ڕامیاری گرنگی دەدات بە چاودێری کاروباری کۆمەڵگا ,زانستی ئابووریش گرنگی دەدات بە کاروباری کۆمەڵگا لە گۆشەی پێداویستییەکانی وچۆنیەتی پڕکردنەوەیان, هەروەها کار بەدەستە سیاسیەکان دەبێت بەرچاو ڕوونی تەواویان هەبێت دەربارەی بارودۆخی ئابووری لە کاتی بڕیاردانداا.

وەك زانراوە زۆربەی جەنگ و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان هۆکاری ئابووری لە پشتەوە بووە, بارودۆخی ئابووری زۆرجار وێنەی بەڕێوەبردنی رامیارییەکان دەکێشێت،بۆیە دەتوانرێ بوترێ کە رامیاری و ئابووری دوو رووی یەك دراون.

٢- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و مێژوو:

زانستی مێژوو تۆماری پێشکەوتنی مرۆڤە لە سەرجەم ئەو قۆناغانەی کە پیایدا تێپەڕیوە , لەگەڵ ئەو رووداو و بارودۆخانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە و دەربڕینی چۆنیەتی کارکردن لەگەڵیاندا, زانستی ئابووری ناتوانێت مێژووی ئابووری و ئەزموونی گەلان لە بواری ئابووریدا فەرامۆش بکات , زانستی ئابووری هەوڵ دەدات خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەزموونی گەلان بزانێت بە هۆی مێژووەوە، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرامەتە ئابوورییەکان لە کۆن دا بزانرێت، تۆمارەکانی مێژووی ئابووری ئەم بارودۆخانە دەگوازێتەوە بۆ نەوەکانی ئاییندە.

٣- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و ئامار:

پەیوەندی نێوان ئابووری و ئامار پەیوەندیەکی توند و بەهێزە، چونکە شیکردنەوەی ئابووری بە تایبەتی پێوانە کاری بەڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێ بەزانیارییە ئامارییەکان، هەروەها شێوازی ئامار ئاسانکاری دەداتە توێژەی ئابووری لە بواری کاری خشتەو وێنەکردنی چەماوەکان کە دەربڕی دیاردە ئابوورییەکانن.

٤- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و دەروون ناسی:

زانستی ئابووری پەیوەندی هەیە بە دەروونناسییەوە، چونکە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ڕێگایەکی دیاری کراو کاریگەری هەیە لەسەر پەرەسەندنە ئابوورییەکان لەو کۆمەڵگایەدا. توێژەری ئابووری گرنگی دەدات بە زانینی ڕەفتاری تاکە کەس لە کاتی خەرجکردنی داهاتەکەیدا بۆ کڕینی شمەك و خزمەتگوزاری، گومانی تێدا نییە لە پشت ئەو ڕەفتارانەوە هۆکار و پاڵنەری دەروونی هەیە.

٥- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و لۆژیك (المنطق):

بــیردۆزی زانستییەکان بــە گــشتی و بــیردۆزە ئابوورییەکان بـە تایبەتی,ڕاست نین ئەگەر بێتو لۆژێکی (منطقي) نەبن, کەس ناتوانێت تێـی بگات ئەگەر بێتو توێژەر نـەزانێت چـۆن پێـشەکی و سـەلمێنراوەکان بـەکار بهێنێت و بیروڕای نوێیان لەسەر دروست بکات بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی نویێ, لەبەر ئـەوەی ئەگـەر گریمانـەکان لـۆژیکی نـەبن دەبێتـە هـۆی بـەدی هاتنی دەرئەنجامی هەڵە و دەرئەنجامی ناڕاست.

٦- پەیوەندی نێوان زانستی ئابووریو بیرکاری:

زانستی ئابووری زۆرجار پـشت دەبەسـتێت بـە بـەکارهێنانی شـێوازە بیرکاریەکان لە شیکردنەوە و سەلماندنەکان دا وە بە بێ شێوازی بیرکاری زانستی ئابووری ناتوانێت بگاتە ئاکامی ڕاست و تەواو.

گرفتی ئـابووری

زۆری پێداویستییەکانی مرۆڤ و دەگمەنی دەرامەتەکان بۆ پڕکردنەوەی ئـەو پێداویـستیانە دوو هۆکـاری گرنگـی پەیدابوون و سـەرهەڵدانی گـرفتی ئابوورین گوڕوتینی ئەو گرفتانە لە وڵاتێکەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر جیـاوازە ، بۆشیکردنەوەی گرفتیئابووری جەخت دەکرێتەسەرئەم لایەنانە :–

یەکەم: چەمکی گرفتی ئابوری .

دووەم:تایبەتمەندییەکان و هۆکارەکانی گرفتی ئابوری .

سێهەم: پایەکانی گرفتی ئابوری .

یەکەم: چەمکی گرفتی ئابووری:

نـاوەڕۆکی گـرفتی ئـابووری بەسـتراوەتەوە بـە دەگمـەنی دەرامەتـە ئابووریە پێویستەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستە بـێ سـنورەکانی کۆمـەڵگا لەبەرئەوە بەستراوەتەوە بە دوو هۆکاری سەرەکی یەوە:

١. پێداویستییەکانی مرۆڤ:

پێداویستی (الحاجة) بریتی یە لە بوونی ئارەزوو لە لایەن مرۆڤەوە بۆ بـە دەسـت هێنـانی شمـەك و کـارگوزاری, بۆیـە دەشـێت بـە ئـاڵۆز نـاوزەد بکرێت, وە ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:–

أ–پێداویستییەکانی مرۆڤ زۆر و جۆراوجۆرن و ئاڵۆزن.

ب—پێداویستییەکانی مرۆڤ تازە دەبنەوە وەك پێداویستی مرۆڤ بۆ خواردن ، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ پاش ماوەیەك لە تێر بوونی برسی دەبێتەوە وە دەبێت جارێکی تر پێداویستیەکە پڕ بکاتەوە.

ج – پێداویستیەکانی مرۆڤ تێکئالاّون.

٢. دەگمەنی دەرامەتەکان :

لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو جۆر دەرامەت دا:

أ— دەرامەتە نا ئابووریەکان :

ئەمەش بریتی یە لەو دەرامەتانەی کە سنوردار نین, بە مانای بونیان لە سروشتدا زۆرە کە لە پێداویستی مرۆڤ زیاترە، بە مانای ئەوەی کە دەگمەن نین واتە شمەکی گشتین وەکو (هەوا، لم، دەریا، و زەریاکان، ....هتد)

ب — دەرامەتە ئابوورییەکان:

ئەمانە بریتین لەو دەرامەتانەی کە ئامرازی سەرەکی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤن وە ئەم دەرامەتانە بە شێوەیەکی ئاسایی کراون بە چوار جۆرەوە,پێیان دەوترێت بنەماکانی بەرهەم هێنان:

١—کار (العمل) (هێزی کار):

کار بریتی یە لە چالاکی هۆشیارانە و ئامانج داری مرۆڤ کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە پێناوی بەرهەم هێنانی شمەك و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری,دەشێت ئەو چالاکیە بیری بێت یان چالاکی هێزی بازوو بێت کە بە هۆیەوە مرۆڤ کار لە سروشت دەکات و دەی گۆڕێت و دەیگونجێنێت بەو جۆرەی پێداویستیەکان تێر بکات.کار مەرجێکی پێویستە بۆ ژیانی

مرۆڤ لەبەرئەوەی وەلأمی پێداویستیە مادی ومەعنەوییەکانی مرۆڤ دەداتەوە وە دەبێتە هۆی دارشتنی پەیوەندیە کۆمەلأیەتییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەلّدا.

دانیشتوان سەرچاوەی بنەمای کارن بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٦٠) سالّدان ئەم دەستەی تەمەنە لە رووی ئابوریەوە کەسانی چالاکن بۆ بەرهەمهێنان و زیاتر بەشداری دەکەن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دا ,وە خاوەنەکانی هێزی کار پاداشتەکانیان لە پاش بەشداری کردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دا لە شێوەی (موچە و کرێ) دا وەردەگرن.

٢-زەوی (دەرامەتە سروشتیەکان) :

مەبەست لەزەوی وەك یەکێك لە بنەماکانی بەرهەمهێنان سەرجەم هەموو ئەو دەرامەتانە دەگرێتەوە لە سەر زەوی و لەناو زەوی دا هەیە. دەکرێت زەوی لە پرۆسەی بەرهەم هێنان بخرێتە کار بەم جۆرە:ـ

أ- بەکارخستنی زەوی بە مەبەستی کشتوکالّی.

ب- بەکارخستنی زەوی بە مەبەستی کەلّك وەرگرتن لە کەرەسەی خاو وکانزاکان و نەوتی خاو ... هتد.

ج- بەکارخستنی زەوی بە مەبەستی کەلّك وەرگرتن لە هێزە سروشتیەکان وەك دەریاکان ,تاڤگەکان ,رووبارەکان....هتد.

ئەو داهاتانەی کە لەبنەمای زەوی بە دەست خاوەنەکانیان دەگات لە کاتی بەکارخستنی دا (مولّکانەیە).

٣–سەرمایە:

یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی بەرهەمهێنان. بریتییە لەو پێناو (وسیلة) ئامرازانەی کە بەرهەم هاتووە بە ئامانجی بەکارخستنیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دا وە بەو جۆرە سەرجەم ئامێر و کەرەسە و هۆکانی گواستنەوە و پرد و ڕێگا و بان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و هەموو ئەو شتانەش کە مرۆڤ پەرەی پێداوە بە بیرو هێزی بازوو تا بووە بە ئامراز و بەکار دەخرێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دا, داهاتی سەرمایە پێ ی دەوترێت سوود (الفائدة).

٤– ڕێکخەر (ڕێکخستن) :

ئەمەش بریتییە لە بەڕێوەبردنی دەرامەتەکانی پێشوو (وە هەڵسوڕاندنیان) لە ڕێگەی پرۆسەی بەیەکەوە گرێدان بەڕێژەی دیاری کراوبۆ بەرهەمهێنانی شمەك و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دیاریکراو, وە گرینگترین ئەرك وفەرمانی ڕێکخەر لێکۆڵینەوەی شوێنی پرۆژەیە و گەڕانە بەشوێن سەرچاوەکانی کەرەسەی خاودا, هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە بازاڕ و چەندین ئەرکی تر داهاتی ئەم بنەمایە کە ڕێکخەرەکان بە دەستی دێنن پێ ی دەوترێت (قازانج).

دووەم: تایبە تمەندیەکان و هۆکارەکانی گرفتی ئابووری :

١– دەگمەنی :

دەگمەنی هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارەکانی گرفتی ئابوری, دەگمەنی لە چەمکی ئابوریدا مانای نە بوونی شمەك نی یە, بەڵکو بریتی یە لە وەی

که ئەو شمەکانە بەشی پێداویستیەکان ناکەن بە تەواوی, چونکە بوونی دەرامەتی ئابوری بە بڕی دیاریکراو نابێتە هۆی پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستیەکانی کۆمەڵگە ,ئەمەش مانای وایە کە کۆمەڵگە ڕووبەڕوی دەگمەنی دەبێتەوە بۆیە لێرەدا پێویستە باس لە دەگمەنی ڕێژەیی بکرێت بەمانای (ڕێژەی دەرامەتە بەر دەستەکان بۆ پێداویستیەکانی مرۆڤ) بۆ نمونە ئەگەر هاتوو پێداویستی ولاَتێك سالاَنە (١٠٠٠٠٠) تەن بێت بۆ گەنم بەلاَم لەو ولاَتەدا سالاَنە تەنها (٦٠٠٠٠) تەن گەنم بەرهەم بهێنرێت دەتوانرێت بگوترێت ئەو ولاَتە بەرەو ڕووی دەگمەنی دەبێتەوە لە بەرهەمهێنانی ئەو بەرو بوومەدا.

بەلاَم دەشێت ولاَتێکی تر تەنها (٥٠٠٠٠) تەن بەرهەم بهێنێ و لەهەمان کاتدا پێداویستی بە (٥٠٠٠٠) تەن هەیە لەو کاتەدا ئەو ولاَتە گرفتی دەگمەنی نیە لە بواری بەرهەمهێنانی گەنم دا.

٢-هۆکاری هەڵبژاردن (اختیار):

بە هۆی سنورداری دەرامەتەکان لە لایەك و زۆری پێداویستیەکانی کۆمەڵگە لە لایەکی ترەوە, ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە توشی گرفتی هەڵبژاردن (اختیار) لە نێوان پێداویسیەکان دەبێتەوە کە دەتوانرێت پڕبکرێنەوە بەهۆی ئەو دەرامەتانەی کە هەن وە هێشتنەوەی ئەو پێداویستیانەی تر بێ ئەوەی پڕبکرێنەوە ئەمەش مانای ئەوەیە گرفتەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە وە دەتوانین ئەمە بەم هێڵکاریە ڕوون بکرێتەوە:

له کاتێکدا کۆمەڵگا بتوانێت سێ پێداویستی یەکەم پڕبکاتەوە و پێداویستی چوارەم (پێداویستی هۆکانی هاتووچۆ)پڕنەکاتەوە, ئەوا مانای ئەوەیە کە گرفتی ئابووری هەر ماوە.

٣-هۆکارەکانی قوربانیدان (بەختکردن):

دەرامەتە ئابوریەکان بە کارخستنی جۆراو جۆریان هەیە بە مانای ئەوەی کە دەتوانێت کۆمەڵگا پێداویستی بەیەك جۆر دەرامەت هەبێت بۆ چەند بەکارهێنانێك,بەلأم بەهۆی هۆکاری دەگمەنی یەوە (دەرامەتەکان سنووردار ودیاریکراون) کۆمەڵگا ناچار دەبێت کە دەرامەتێك ئاراستەی یەك بەکارهێنان بکات و واز لە دەرامەتەکانی دیکە بهێنێت.

ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت قوربانی بدات بەبەکارهێنانە شوێنگرەوەکانی ئەم دەرامەتە.بەمەش دەوترێت (تێچوونی هەلی شوێنگرەوە) بۆ نموونە پارچە زەوی یەك هەیە, بەلأم کۆمەڵگا پێویستی پێی هەیە بۆ چاندنی گەنم یاخود دروستکردنی خانوو یاخود بە خێوکردنی مەڕو مالأت ئەگەر هاتوو ئەم زەوییە کرا بە گەنم ناکرێت بە خانوو وە بەکارناهێنرێت بۆ بەخێوکردنی مەڕ و مالأت بەو جۆرە دەبێت قوربانی بدات بە خانوو دروستکردنی و بەخێوکردنی مەڕومالأت ، وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:

بەکارخستنی زەوی	١- چاندنی گەنم
بەکارهێنانی دەرامەت	٢- دروستکردنی خانووبەرە
پارچە زەوی یەك	٣- بەخێوکردنی مەڕومالآت

سێیەم – پایەکانی گرفتی ئابووری:

گرفتی ئابووری چەند پایەیەکی سەرەکی دەگرێتە خۆ کە ڕووبەڕووی زۆربەی کۆمەلگاکان دەبێتەوە وە ئەم پایانە پابەندی کرۆکی گرفتی ئابووریە کە ئەمەش لە زۆریی پێداویستی و دەگمەنی دەرامەتی پێویست بۆ پڕکردنەوەیان خۆی دەبینێتەوە،ئەو بنەمایانەش ئەمانەن:

أ- چی بەرهەم دەهێنی (جۆرو بڕی بەرهەم)

ب- چۆن بەرهەم دەهێنی (شێوازی بەرهەم هێنان).

ج – بۆکێی بەرهەم دەهێنی (دابەش کردنی بەرهەم) .

چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری

یەکەم: بیردۆزی ئابووری:

بە شێوەیەکی گشتی بیردۆز (Theory) مانای پوختەکردن وئاسان کردنی واقعە بە جۆرێك یارمەتی دەربێت بۆ تێگەیشتنی ئەو واقعە بە شێوەیەکی باش و پێشبینی کردنی ئەوەی کە روودەدات لە ئاییندە دا, پوختەکردن باشترین ئامرازە بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی پەیوەندیەکان لە نێوان گۆڕاوەکاندا, زانستی ئابووری لە کۆمەڵێك بیردۆز دروست بووە کە سەرکەوتوو بوون لە لێکدانەوەی دیاردە ئابورییەکان یان بەکارهێنراون وەك ئامرازێك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان دیاردە ئابووریە جیاوازەکاندا هەیە. کەواتە دەشێت بوترێت کە بیردۆزی ئابووری بریتی یە لە کۆمەڵێك گریمانە و چەند پێناسەیەك دەربارەی دیاردەیەکی ئابووری دیاریکراو بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە و گەیشتن بە دەرئەنجامی نوێ لەبارەی ئەو دیاردەیە،بۆ ڕوون کردنەوەی ئەمەش ئەم نمونەیە دەخەینە ڕوو:

ئەگەر هاتوو توێژەرێکی ئابووری ویستی پەیوەندی نێوان بڕی خواست و نرخ یان داهات یان بڕی خستنە ڕوو لەگەڵ نرخ ڕوون بکاتەوە , ئەوە دەبێت لە ڕووی پراکتیکی یەوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە تاکە نرخ کاریگەری لەسەر بڕی خواست یان خستنە ڕوو نییە، یان تەنها داهات تاکە هۆکار نی یە کە کاریگەری هەبێت لە سەر بەکاربردن, بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری تر هەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر خواست و خستنە ڕوو, لەبەر ئەوە توێژەر پەنا دەباتە بەر گریمانەکان (بیردۆز و لێکدانەوەکان) بۆ

ئامـادەکردنی دۆزێکـی لـەبار بـۆ جـەخت کردنـە سـەر ژمارەیـەك لـە پەیوەندیەکانی نێوان گۆڕاوە ئابووریەکان نەك هەموویان.

دووەم: شیکردنەوەی ئابووری:

مەبەست لە شی کردنەوەی ئابووری بەش بـەش کردنـی ئـەو دیاردە ئابوورییە کـە توێـژەر لێـی دەکۆڵێتـەوە بـۆ ئـەو توخمانـەی کـە ئـەو دیاردەیەیان پێك هێناوە سنوورەکانی دیاری دەکات لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی پەیوەندیەکانی نـاو ئـەو دیاردەیـە , ئـەم جـۆرە شیکردنەوەیە بـە هـۆی بەکاربردنی شێواز و ڕێگابیرکارییەکان ئەنجام دەدرێت کە پەیوەندیـە ئـاڵۆز و تێك ئاڵاوەکان دیاری دەکات. دیاری کردنـی بیرکاریانـە نابێـت دوور بێـت لەو ڕووداو و دیاردانەی کە لە جیهـانی بابەتـەکی داهـەن.دەشـێت لـە چـوار چێوەی شی کردنەوەی ئابووری دا بە پێی پێوەری یەکە بەرهـەم هێنـەکان جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو جۆر شی کردنەوەدا:

جۆری یەکەم – شیکردنەوەی ئابووری هەمووەکی: (Macro Economic analyses):

ئەم جۆرە گرنگـی دەدات بـە شـی کردنـەوەی یەکـە ئابووریـەکان لـە سەر ئاستی هـەمووەکی یـان لـە سـەر ئاسـتی نەتـەوەیی وەکـو (بەرهـەمی نەتەوە، داهاتی نەتەوە، ئاستی گشتی نرخەکان، خواست و خـستنە ڕووی هـەمووەکی ، تێکڕای بـەکاربردن و وەبـەرهێنانی هـەمووەکی) هـەروەها لەگرفتە ئابووریەکان دەکۆڵێتەوە لەسەر ئاستی هەمووەکی وەکـو (بێکـاری و هەڵاوسان) ئەمە جگە لەوەی لەبابەتی تریش دەکۆڵێتەوە وەکو تەرازووی پارەدان (تەرازووی هاوردەنی و ناردەنی) بوودجەی گشتی (خەرجیە گشتی یەکان و دەسهاتە گشتی یەکان)..... هتد.

جۆری دووەم – شی کردنەوەی ئابووری کەرتەکی:
: (Macro economic analysis)

ئـەم جـۆرە شـیکردنەوەیە تایبەتـە بـە توێژینـەوە لـە یەکـە ئابوریـە بچوکەکان وتاکە کەسان و ئە و هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لە سەر بڕیارە ئابووریەکان کەیەکـە ئابووریـەکان دەری دەکـەن. بـۆ نمونـە شـیکردنەوەی ئاستی (خواستی تاکەکەس، ڕەفتاری بەکاربەر، ڕەفتاری بەرهەم هێن، خستنەڕوی بەرهەمی یەک پرۆژە، بازاڕەکان...........هتد).

سێیەم: ڕامیاری ئابوری:

زانستی ئـابوری ئـامرازێکی گرنگـە لـەو ئامرازانـەی کـە پـشتیان پـێ دەبەسترێت لە کاتی داڕشتنی ڕامیارییە گشتییەکانی حکومەتدا . وەك باسکرا ئەرکی گرنگ و سەرەکی زانستی ئابوری ئەوەیە کە دەرئەنجامە ئابوریەکان بخاتە روو لەسەر ئەو رامیاریە ئابووریەی کەلەلایەن حکومەتـەوە دەگیرێتـە بـەر، لەگـەڵ زانینـی ئـەو راسـتیەی پەیوەندیانـەی نێوانیـان، کـە ئەمـەش مەرجێکی پێش وەختە بۆ حوکمێکی راست ودروسـت ، هەرچـەندە بڕیـاری کۆتایی دەربارەی ڕامیاری ئابوری دەشێت پشت ببەستێت بـە هەنـدێك بـۆ چوون کە لە چوارچێوەی زانستی ئابوری دەچـێتە دەرەوە . بەشـێوەیەکی گشتی مەبەست لـە ڕامیـاری ئـابوری ئـەو چۆنێتییە کەبەهۆیـەوە والـە سیستەمەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بکرێـت بەشـێوەیەکی باشـتر کاربکەن. شیکردنەوەی ئـابوریش بنـەمای پێویـستە بۆڕامیاریـەکی ئـابوری دروست.

بەشی دووەم

سیستەمە ئابووریەکان

سیستەمی ئابوری – چەمکی - بنەماکانی :

سیستەمی ئابوری بریتی یە لە کۆمەڵێك رەگەزی مادی و فکری پێکەوە گرێدراو بە پێشوازێکی دیاریکراو بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی ئابوری لە کۆمەڵگادا بە مەبەستی ئامادەکردنی دەرامەتی مرۆیی و سروشتی بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی تاك وکۆمەڵگا.

بنەماکانی سیستەمی ئابوری :

١- بنەمای تەکنەلۆژی سیستەمەکە.

٢- بنەمای (هزری – بیری) سیستەمەکە.

٣- لایەنی یاسایی و دامەزراوەیی.

چەمکی سیستەمی ئابوری سروشتی ژیانی ئابوریەدەردەبرێ بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەربرین سروشتی موڵکایەتی و چۆنیەتی هەڵسورانی دەرامەتەکان و ئاراستەو مەودای کارو کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر چالاکی یە ئابوریەکان بەشێوەیەکی تایبەتی.

جۆری موڵکایەتی و چۆنیەتی کارپێکردنی دەرامەتەکان و رادەی دەسەلآت ودەست تێوەردانی دەوڵەت لە چالاکیە ئابوریەکاندا دەگۆرێت بەپێی جیاوازی سیستەمەکان. هەروەها لەناو خودی یەك سیستەمدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆرێن. بەلآم بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم سیستەمەکان هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە ئابوریەکان دەدەن. یاخود هەوڵ دەدەن دەگمەنی دەرامەتە ئابوریەکان کەم بکرێتەوە لە بەرامبەر پێداویستیە بێسنورەکان هەریەکە وبەشێوازی تایبەتی خۆی .

سـەرەڕای جیـاوازی جـۆری سیـستەمە ئابوریـەکانی نـاو کۆمـەڵگا, سەرجەم کۆمەڵگاکان ڕووبەڕووی ژمارەیەك گرفتی سـەرەکی دەبنـەوە کـە پێویـستە چارەسـەری گونجاویـان بـۆ بدۆزرێتـەوە.ئـە و گرفتانـەش لـەم خاڵانەدا خراونەتە ڕوو:ـ

١- پێویستە کۆمەڵگا بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆروبڕی ئەو شمەك و خزمەت گوزاریانە دیاری بکات کەدەیەوێ بەرهەمیان بهێنێت واتە دەبێت ئەوە دیاری بکات کە چی و چەند بەرهەم دەهێنێت.

٢- دەبێت کۆمەڵگا ئەو شێوازە دیاری بکات کە بەهۆیـەوە شمـەك و خزمـەتگوزاری پێویـست بەرهـەم بهێنێـت دەبێـت گونجـاوترین شـێواز هەڵبژێرێت بۆ بەرهەمهێنانی سەرجەم شمەك و خزمـەتگوزاری واتـە دەبێت ئەوە دیاری بکات کە چۆن بەرهەم بهێنێت.

٣- دەبێت کۆمەڵگا شێوازی دابەش کردنـی شمـەك و خزمـەتگوزاری بەرهـەم هێنـراو دیاریبکـات وە بڕیـار بـدات ئـەو شمـەك و خزمەتگوزاریانـە بەسەر کێدا دابەش بکات.

ئەگـەر بێـت و سـەرجەم کۆمـەڵگاکان بـەجیاوازی سیـستەمە ئابووریەکانیان ئەرکی سەر شانیان بێت کە وەڵامی ئە پرسـیارانە بدەنـەوە چی بەرهەم بێت؟چەندو چۆن بەرهـەم دەهێنێت؟وە بەسـەر کێدا بەرهـەم دابەش بکات؟

گومانی تێدا نی یە کـەوەڵامی هـەر سیستەمێك لـە سیـستەمێکی تـر جیاوازە لە ڕووی جۆری شمـەك و خزمـەتگوزاری بەرهـەمێنراو و بڕەکـەی و شێوازی بەرهەم هێنانەکە و چۆنێتی دابەش کردنەکـەی لـە سیـستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێت, بەمانای ئـەوەی کەسیستەمەکان جیاوازیـان هەیـە.ئەمـەش بـەهۆی بـونی زیـاتر لەیـەك چارەسـەر بـۆ هـەر گرفتێك لـە گرفتـەکان.وە چارەسـەرەکانیش جیاوازیـان هەیـە بـەپێ ی سروشـتی

موڵکایەتی هۆکانی بەرهەم هێنان.ئایا جۆری موڵکایەتیەکە گشتی یە یان تایبەتی یەیان بە کۆمەڵە.هەروەها بەپێی ئامانجی ڕاستەوخۆی بەرهەمێنان سیستەمەکان دەگۆڕێن ئایا ئامانج لەبەرهەم هێنان بەدیهێنانی پڕکردنەوەی تەنها خۆیانە(الاکتفاء الذاتي) یان بەدەستتهێنانی قازانجە.یان پڕکردنەوەی زۆرترین بڕە لە پێداویستیەکانی دانیشتوان.

هەروەها چارەسەرەکان جیاوازن بەپێی ڕادەی دەستێوەردانی حکومەت لەچالاکی ئابوری.کە ئایا بەرفراوانە یان دیاریکراوە یان لەئاستی نێوەندایەجالەبەرئەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان وڵاتاندا لە کاروبارانەدا بەو هۆیەوە سیستەمە ئابوریەکان جیاوازدەبن.

هەر لەپەیدابوونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی تا ئێستا مرۆڤ بەچەندین قۆناغی پەرەسەندنی جیاوازدا تێپەڕیوە کە لەچاخەکانی پێش مێژووەوە دەست پێدەکات تا ئەمڕۆ.لە ڕاستیدا ئەو قۆناغانەی شێوەیەکی دیارو جیاوازو نەپساوە کە مرۆڤ بینیویەتی بەڵام هەر کۆمەڵگایەبەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو قۆناغانەیان بینیوە .سەرەرای بونی جیاوازی بیر خوازان و نوسەران دا لە دیاریکردنی شێوە و ڕوخساری گشتی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بەڵام زۆرینەی نوسەران لەسەر ئەم ڕیزبەندیە ڕێك کەوتون کە بۆ سیستەمە جیاوازەکان کراوە:

١- سەردەمی کۆمەڵگا بەراییەکان (سەرەتاییەکان).

٢- سەردەمی کۆن (کۆیلایەتی).

٣-سیستەمی دەرەبەگایەتی.

٤- سیستەمی سەرمایەداری.

٥ – سیستەمی سۆسیالستی.

گومانی تێدا نیه کـه دیاریکردنی مێـژووی دەسـت پێکـردن و کۆتـای پێهـاتنی ئـەم قۆناغانـه ئاسـان نیـه بـه تایبـەتی سـەردەمی کۆمـەڵگا دێرینـەکان.وە بارودۆخی ئابوری له کیـشوەری ئـەوروبا وەك ئـەوە نیـه کـه لەکیشوەری ئاسیاو ئەفریقیادا هـەبوە.هـەروەها بـارودۆخی جیهـانی ئـەمڕۆ زۆر جیـاوازە لـەبارو دۆخـی کۆمـەڵگاکان لـه مێـژووی ڕابـردووی چـاخه کۆنەکاندا.هەروەها ژیان خۆی له خۆیدا شەپۆلێکی نەپساوەیە کـه گـۆڕاوە له قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.

سیستەمە ئابووریەکان:

یەکەم: سەردەمی کۆمەڵگای سەرەتایی (سیستەمی کۆمۆنە):

١- دەرکەوتنی کۆمەڵگای سەرەتایی:

کاری مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە دروست بوون و پەیدابوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەرەتاییدا,مرۆڤ توانی ئامێرەکانی کارکردن دروست بکات هەرچەندە لەسەرەتاوە زۆر سادە بوون ئەمەش لەبەر لاوازی مرۆڤ لەبەردەم سروشت و پێداویستی مرۆڤ بەو ئامێرانە,لەگەڵ دروست کردنی سادەترین جۆرەکانی ئامێر لە بەرد ئامێرەکانی کارکردن پەیدابوون,کار داهێنەری پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان بووە,ئەگەر بێتو دروست کردنی ئامێر و بەکاربردنی لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی هاوبەش بووبێت ئەوا پەیدابوونی مرۆڤیش لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەرەتایی تۆمار کردوە بەمانای گواستنەوە لە بارێکی ئاژەڵییەوە بۆ بارێکی کۆمەلآیەتی.

٢- مەرجەکانی ژیان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای سەرەتایی:

بۆ یەکەم جار مرۆڤ داروبەردی بەکارهێناوە,لێرەوە دەسەلآتی مرۆڤ بەسەر سروشت دا دەستی پێکرد بەشێوەیەکی سست,لەسەرەتاوە ژیانی مرۆڤ پێکهاتبوو لە کۆکردنەوەی بەروبوومی دارو درەخت و ڕاو کردن بەکۆمەڵ,لەپاشان دا دۆزینەوەی ئاگر سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ مرۆڤ بەسەر سروشتدا,ئاگر مەرجەکانی ژیانی زۆر بەقوڵی گۆڕی,وە بەهۆی ئاگرەوە مرۆڤ توانی چەندین جۆر خواردن دروست بکات,هەروەها توانی ئامێری بەرهەم هێنانی نوێ دروست بکات بەتایبەتی لە بەرد لەبەرئەوە لە مێژوو دا ئەو چاخە بە چاخی بەردین ناسراوە کە هەزاران ساڵ درێژەی هەبووە. دوای ئەوە مرۆڤ فێر بوو لە کانزای خاو ئامێر دروست بکات پاشان

له برۆنز پاشان له ئاسن له دواییدا ئه‌م دوو چه‌رخه به چه‌رخی برۆنزی و ئاسنی ناسراون له پاشان دا مرۆڤ توانی ورده‌کاری له دروست کردنی ئامێره‌کانـدا بکات, له‌پاشان فێری به‌خێو کردنی مه‌ڕ و مالآت بوو (له‌سه‌رتاوه سه‌گی مالّی کرد کرد ئینجا مه‌ڕ و مانگا و بزن و ئه‌سپ مالّی کران) له پاشان دا ڕه‌شه ولآخ وه‌ك ئامێری به‌رهه‌م هێنان وه‌کو به‌کارهێنانی گا و ئه‌سپ بۆ جووت کردن,به‌وجۆره کشتوکالّی سه‌ره‌تایی په‌ره‌سه‌ندنی به‌خۆوه بینی فێربوونی به‌کارهێنانی ئامێری کانزایی له‌لایه‌ن مرۆڤه‌وه بووه هۆی زیاد بوونی به‌رهه‌م داری کار.

له‌کۆمه‌لّگا سه‌ره‌تاییه‌کاندا مولّکایه‌تی ئامێره‌کانی به‌رهه‌م هێنان هاوبه‌ش بووه وه ئه‌م جۆره مولّکایه‌تی یه بنه‌مای په‌یوه‌ندیه‌کانی به‌رهه‌م هێنان بووه.

شێوازی کاری هاوبه‌ش و هاوکاری کردن له‌گه‌لّ ساده‌یی هێزه‌کانی به‌رهه‌م هێنان گونجاو به‌مانای مولّکایه‌تی وه‌ك پێویستییه‌ك گونجاو بووه له‌گه‌لّ ساده‌یی هێزه‌کانی به‌رهه‌م هێنان گونجاو بوون به‌مانای مولّکایه‌تی وه‌ك پێویستیه‌ك گونجاو بووه له‌گه‌لّ سروشتی هێزی به‌رهه‌م هێنان دا.هه‌روه‌ها به‌رهه‌می کاریش به‌کۆمه‌لّ بووه.مولّکایه‌تی تاکه که‌س ته‌نها ئامێره‌کانی به‌رگری گرتبوه‌وه,خه‌لّك به کۆمه‌لّی لێك دابڕاو ژیاون ته‌نها شێوازی کۆمه‌لآیه‌تی کار شێوازی هاوکاری ساده بووه.

شێوازی دابه‌ش کردن یه‌کسانی ته‌واوبووه له دابه‌ش کردنی به‌روبومه‌کانی کاری هاوبه‌شدا ئه‌مه‌ش به‌هۆی نزمی ئاستی ئامێره‌کانی به‌رهه‌م هێنان,تاکه یاسای ئابووری له‌م سیسته‌مه‌دا یاسای دابین کردنی پێویسته‌کانی ژیانی مرۆڤه به پشت به‌ستنی به ئامێره ساده‌کانی به‌رهه‌م هێنان و کاری به‌کۆمه‌لّ وه شێوازی دابه‌ش کردنی یه‌کسان له‌سه‌ر بنه‌مای مولّکایه‌تی گشتی هۆیه‌کانی به‌رهه‌م هێنان.

٣- دابەشکردنی کار:

لەسەرەتادا تاکە دابەشکردنی کار دابەش کردنی سروشتی کار بووە لەسەر بنەمای ڕەگەز (نێر و مێ) وتەمەن (گەورە و بچوك,منداڵ و گەورە) بۆ نمونە ڕاو کاری پیاو بووە بەڵام کۆکردنەوەی بەروبووم و کاری ناوماڵ و بەخێو کردنی منداڵ کاری ژن بووە.

یەکەم دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار لەگەڵ پەیدابوونی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵدا پەیدا بوو پسپۆریەتی لە کاردا لە ناو خودی کۆمۆنە دا دروست بوو,پەیدابوونی خێڵی شوانکارە یەکەم دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی بووە کە ئەمە بۆتە هۆی زۆر بوونی بەرهەم داری کار,گرنگترین دەرئەنجامی ئەم دابەش کردنەی کار پەیدابوون و پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕە لە نێوان خێڵی شوان کارە و خێڵی کشتوکاڵی. کە ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگای کۆنی مرۆڤایەتی.

٤- هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان:

هۆکارە سەرەکیەکانی هەڵوەشانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەمانەن:

١. پەیدابوونی یەکەم دابەش بوونی کۆمەڵایەتی کار لەگەڵ پەیدابوونی بەخێوکردنی مەڕ و ڕەشەووڵاخ و کاری کشتوکاڵ.
٢. پەیدا بوون و پەرەسەندنی بازرگانی لە دەرئەنجامی یەکەم دابەش کردنی کۆمەڵایەتی کار لە ناو خێڵە کشتوکاڵی و شوانکارەییەکان.
٣. پەیدابوون و پەرەسەندنی پیشەکان بوە هۆی سەرهەڵدانی دووەم دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار (جیابوونەوەی کاری پیشەیی لە کشتوکاڵی) ئەمەش بووە هۆی ڕودانی پەرەسەندنی گەورە لە هێزەکانی بەرهەم هێناندا و زۆر بوونی زیادەی بەرهەم لەناو خێڵەکاندا.
٤. پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان کە باوبوون لە ژێر سایەی (موڵکایەتی هاوبەش، دابەشکردنی یەکسان) وای لێهاتبوو ڕێگریان دەکرد لە

پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی ئاسن وئامێرە ئاسنیەکان، بەرزبوونەوەی بەرهەمداری کار وای کرد کە لە ناو خودی یەك خێڵدا ئەو بوارە دروست ببێت کە کاری تایبەت پەیدا ببێت. لەسەر ئاستی خێزان بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کارە وردە وردە شوێنی کاری بە کۆمەڵ بگرێتەوە ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی موڵکایەتی تایبەت.

٥. موڵکایەتی تایبەت بۆ یەکەم جار لە مەڕو ماڵاتەوە دەستی پێکرد. سەرۆك خێڵەکان یەکەم کەس بوون کە بوونە خاوەنی مەڕو ماڵات، لە دوایدا موڵکایەتی زۆربەی زۆری ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی گرتەوە، بەلام زەوی دوای هەموو شتەکانی تر چووە ژێر رکێفی موڵکایەتی تایبەتەوە.

٦. موڵکایەتی تایبەت بووە هۆی هەڵوەشانی خێڵ بۆ خێزانی گەورە ولە پاشاندا بۆ خێزانی بچوك.

٧. موڵکایەتی تایبەت بووە هۆی روودانی گۆڕانی تەواو لە بونیادی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بوە هۆی بەدی هێنانی بەرژەوەندی جیاواز لە ناو یەك یەکەی کۆمەڵایەتی ئابووریدا، وە بووە هۆی ئەوەی خاوەن ئامێرەکان پلەو پایەی کۆمەلایەتی بالا بە دەست بهێن و وردە ووردە لە کەسانی تر دا ببڕێن.

٨. پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان رێی خۆش کرد بۆ پەیدابوونی (زیادەی بەرهەم) لەبەر ئەوەی تەنها سەرچاوەی ئەو زیادەیەی بەرهەم کار بووە بۆیە بەهای کار زۆر بەرز بووەوە ئەمەش وای کرد چی تر دیلەکانی جەنگ نەکوژرێن و بکرێن بە کۆیلە بەو جۆرە سیستەمی کۆیلایەتی پەیدا بوو.

بەم شێوەیە کۆمەڵگای سەرەتایی وردە وردە لەناوچوو لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا یەکەم دابەش بوونی چینایەتی لە کۆمەڵگادا پەیدابوو کە ئەویش کۆیلە و خاوەن کۆیلەکان بوون.

دووەم/ سەردەمی کۆن : کۆمەڵگای کۆیلایەتی :

کۆمەڵگای کۆیلایەتی لە ئەنجامی دۆزینەوەی کۆمەڵێك ئامێری بەرهەم هێنانی نوێدا پەیدابوو کە بوون بە هۆی بە زیاد بوونی بەرهەم داری کار و دەرکەوتنی دابەش کردنی نوێی کۆمەلایەتی کار و پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕ و موڵکایەتی تایبەتی ودروست بوونی چینەکان و دەوڵەت. لە ڕووی مێژوییەوە کۆیلایەتی یەکەم سیستەمی چینایەتیە لە هەمووشیان توند و تیژ تر بووە ,کۆمەڵگای کۆیلایەتی لە هەناوی کۆمەڵگای سەرەتاییەوە لە دایك بوو لەگەڵ پەرەسەندنی گشتی موڵکایەتی تایبەتیدا,بەو جۆرە موڵکایەتی تەنها شمەك و بەرهەمی نەگرتەوە بەڵکو بەرهەم هێنەکانیش بوونە موڵکی تایبەتی کەسانی تر ,دیلەکانی جەنگ بوونە کۆیلە نەك لە ڕووە پراکتیکیەوە بەڵکو لە ڕووی یاسایشەوە.

١- سەرچاوەکانی کۆیلایەتی :

کۆیلە بوون چەند سەرچاوەیەکی جیاوازی هەبووە وەکو:-

أ- دیلی جەنگ,لەوکاتەدا پاش گۆڕان کاری بنەڕەتی لە شێوازی ژیاندا دیلەکانی جەنگ چی تر نەدەکوژران و ڕاستەوخۆ دەکران بە کۆیلە و لەبازاڕی کۆیلە دەکڕدران و دەفرۆشران وەك دەستکەوتی جەنگ .

ب- داماڵینی جوتیارە کۆمۆنەکان لەبنەماکانی بەرهەم هێنان بە تایبەتی زەوی و پاشان وردە وردە ئەو جوتیارانەیان کرد بە کۆیلەو دەستیان گرت بەسەر هەموو موڵکەکانیان بەزەبری هێز

ج- سوو لەگەڵ بازرگانی کردن بە پارە.
د- بازرگانی کردن بە کۆیلە.

سیستەمی کۆیلایەتی گرنگترین دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەم هێنا وەپەرەی پێداوبەکاری هێنا بۆ خزمەت کردنی پەیوەندیە کۆیلایەتیەکان, لەنێویشیاندا کەرتی شمەك,ئاڵوگۆڕ و پارە, بازرگانی فراوان, سەرمایەی بازرگانی ،سەرمایە سوو،لێك دابڕانی شار و گوند،دروستبوونی چینی بازرگان.

٢- چینە کۆمەڵایەتیەکان:

لەگەڵ زاڵ بوونی شێوازی بەرهەم هێنانی کۆیلایەتی کۆمەڵگا دابەش بوو بۆ دوو چینی سەرەکی:

أ- چینی ئازادەکان: ئەم چینە لەو کەسانە پێك هاتبوو کە خاوەنی هەموو مافێکی مەدەنی و ڕامیاری بوون بە تایبەتی مافی موڵکداریتی,بەلاّم ئازادەکان لەناو خۆیاندا جیاوازیان هەبوو لە ڕووی چینایەتیەوەچونکە تەنها ژمارەیەکی کەم لەم ئازادانە خاوەنی زەوی و زاری زۆر و کۆیلە بوون کە ئەوانەش دەستەی سەردارەکان بوون کە لە لوتکەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بوون,بەلاّم ئەوانی تر بەرهەم هێنەری بچوك و جوتیاران و پیشەگەرەکان بوون.

ب- چینی کۆیلە: ئەمانەش ئەو کەسانە بوون کە لە هەموو مافێکی مرۆیی و ڕامیاری و مەدەنی و کۆمەڵایەتی بێ بەش بوون لە ڕووی یاساییەوە ئەمانەبەشێك بوون لەوەی پێی دەگوترا (سیستەمی موڵك) بە شمەك دانراون نەك مرۆڤ.

٣- قۆناغەکانی کۆمەڵگای کۆیلایەتی:

کۆمەڵگای کۆیلایەتی بە سێ قۆناغدا تێ پەڕیوە کە لە ڕووی پلەی پێشکەوتنەوە جیاوازیان هەبووە:-

أ- قۆناغی باوکایەتی: ئەم قۆناغە قۆناغی گواستنەوەیە لە نێوان کۆمەڵگای سەرەتایی و کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا وە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە دابەش کردنی کار و موڵکایەتی تایبەتی پەیدابووە وە جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان پەرەیان سەندووە وە سەرەتاکانی دروست بوونی دەوڵت سەری هەڵداوە بەڵام پەیوەندیە کۆیلایەتیەکان لە هەموو شوێنێك باو نەبووە.

ب- کۆیلایەتی پەرەسەندوو: تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە باڵا دەست بوونی پەیوەندی وەبەرهێنانی کۆیلایەتی و ڕێز گرتن و بەهەند زانینی جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا.هەروەها زۆربەی زۆری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کۆیلە وهەژارە ئازادەکان لەم قۆناغەدا سەری هەڵداوە.

ج- کۆیلایەتی دواقۆناغ (کۆتایی): تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە هەڵوەشانەوە و نەمانی کۆمەلگای کۆیلایەتیە چونکە پەیوەندی بەرهەم هێنانی نوێی بەرهەم هاتنە ئاراوە لە ناو یەك کۆمەڵگادا کە زیاتر لە پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکان چووە.هەر لەم قۆناغە ژمارەی کۆیلەکان کەم بوەتەوە و بێگاریان (استغلال) زیادی کردوە وە ڕێگای خۆش کردوە بۆ هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلایەتی و نەمانی بە تەواوی.

٤- هەڵوەشانەوە و هەرەس هێنانی کۆمەڵگای کۆیلایەتی:

هۆکارەکانی هەڵوەشانی ئەم کۆمەڵگایە لەم خالأنەدا کۆ بوەتەوە:-

یەکەم/ هۆکارە ناڕاستەوخۆکان (هۆکارە ناوخۆییەکان):

١- پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان زۆر سست بووە ئەم پەرەسەندنە زیاتر لە چوار هەزار ساڵی خایاندوە،بەلأم پاش بەکار هێنانی ئاسن بەشێوەیەکی بەرفراوان هێزەکانی بەرهەم هێنان پێش کەوتن.

٢- پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان نەدەگۆڕان بەتایبەتی موڵکداریەتی کۆیلە لەلایەن خاوەن کۆیلەکانەوە کە لەگەڵ پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان دا نەدەگونجا،دەبوایەئامێری نوێ بەکاربهێنرێت وەئەم کارەش هیچ بەرژەوەندی کۆیلەکانی تێدا نەبووە و بۆیە بەرهەم داری کاری کۆیلە زیادی نەکردوە بە بەردەوامیش کەمی کردوە ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی بڕی بەرهەم وە خراپ بوونی باری ئابووری.

٣- سیستەمی کۆیلایەتی مۆرکێکی چەوساندنەوەی داپڵۆسینی دڕندانەی هەبووە،ڕێبازی سەرکوت کردن تەنها ڕێباز بووە بۆ ناچارکردنی کۆیلە بۆ کارکردن،لە بەر ئەمەش لە سەردەمی ئەم سیستەمەدا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی گەورەی کۆیلایەتی ڕوویان داوە وەکو شۆڕشی (سپارتاکۆس) سالأنی (٧٣-٧١) پێش زایین لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی،وە ئەمەش بنەمای دەوڵەتی ڕۆمانی هەژاندوە.

دووەم- هۆکاری ڕاستەوخۆ (هۆکاری دەرەکی):

بەلاّم هۆکارە ڕاستەوخۆکان کە بوونە هۆی ڕووخانی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بریتی بووە لە هێرشە بەردەوامەکانی خێڵەکانی سلاڤ و جیرمان بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەلاّم دوا هێرش هێرشی ساڵی ٤٧٦ ز بوو بەسەرۆکایەتی (ئەوریاکر) کە بووە هۆی داگیرکردنی ڕۆما و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکە بەیەکجاری.

بەلاّم لە ڕۆژهەلاّت هێرشی موسڵمانەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاییندا سنورێکی بۆ ئەو سیستەمە دانا لە ڕۆژ هەلاّت ئەمەش بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و لاواز کردنی دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.

سێیەم- سیستەمی دەرەبەگایەتی:

دەرەبەگایەتی سیستەمی کۆمەلاّیەتی بەرهەم هێنانە,لەسەر موڵکداریەتی زەوی لە لایەن چینی دەرەبەگەکان و وەبەرهێنانی جوتیاری وابەستە بەو زەویە کشتوکاڵیانە دروست بووە,پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی پێش ڕووخانی سیستەمی کۆیلایەتی ڕۆمانی بە ماوەیەك پەیدا بووە لەو کاتەدا کە ئەتیفۆندیەکان (شێوازی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیی گەورە) لە سەر زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بلاّو بوونەوە,شێوازی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی قۆناغێکە خاوەنی یاسای خۆی و پێش کەوتنی خۆیەتی لەپەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

١- سەرهەڵدان و پێکهاتنی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی:

لە قۆناغەکانی یەکەمی سەرهەڵدانی پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکاندا شێوە سەرەکیەکانی شێوازی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی دروست بووە.بەتایبەتی نیشانە دیارەکانی موڵکداریەتی زەوی

دەرەبەگەکان.کرۆکی پرۆسەی بڵاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

أ– موڵکداریەتی زەوی لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا لە پاشانیشدا موڵکداریەتییە تاکە کەسیەکانی زەوی پاشانیش سەرجەم جۆرە جیاوازەکانی موڵکداریەتی کۆن و سەردەمی کۆیلایەتی گوێزرایەوە بۆ دەستی کەمینەیەکی ئەرستۆکراتی ئایینی و نا ئایینی بەو جۆرە موڵکداریەتی دەرەبەگایەتی پەیدا بوو.

ب– زۆرینەی جووتیارە ئازادەکان و کۆیلەکانی سەردەمی کۆیلایەتی بوون بە وەرزێر (جووتیاری وابەستە بە زەوی) ,دەرەبەگایەتی تەنها لە ئەوروپا نەبووە و بەڵکو لە ڕۆژ هەڵاتیش هەبووە.

٢– تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی:

أ– موڵکداریەتی زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە:

ئامرازی بنچینەیی بەرهەم هێنان لەم کۆمەڵگەیەدا زەوی بووە,موڵکداریەتی زەوی موڵکداریەکی قۆرخ کاری بووە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە بەڵام بوونی موڵکداریەتی زەوی بچوك لەلایەن جووتیارانەوە بارێکی دەگمەن بووە.

ب– ئابووری سروشتی (ئابووری داخراو):

شێوازی بێگاری(استغلال) کاری جووتیار و وەرزێرەکان بە هۆی دەست بەسەراگرتنی کردنی بەرهەم هێنانی بچوکەوە بووە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە,پەرت بوون و پەرش و بڵاوی هێزەکانی بەرهەم هێنان ڕێگر بوو لە بەردەم پەرەسەندنی ئابووری دەرەبەگایەتی وە وای لە ئابووری دەرەبەگایەتی کردووە کە ئابووریەکی سروشتی و داخراو بێت, هەموو ناوچەیەکی دەرەبەگایەتی لە ژیانێکی ئابووری داخراو ژیاون و

ئـالوگۆڕی بازرگـانی دەگمـەن بـووە لـە نێـوان ناوچـە دەرەبەگایەتیـە جیاوازەکـان دا. و سـەرجەم پێداویـستیەکانی دەرەبـەگ و خێزانەکـەی و دەسـت و پێوەنـدەکانی و هـەموو وەرزێرەکـان لـە نـاو خـودی ناوچـە دەرەبەگیەکەدا بەرهەم دەهێنـراو دابـین دەکـرا,بـەم جـۆرە دەرەبەگـەکان سەرجەم بەرهەمە پێویستیەکانیان بۆ خۆیان دابین دەکرد وە تـازە گـەری لە بواری بەرهەم هێناندا لەسەر بنەمای ئابووری سروشتی بوو.

ج- کۆیلەی زەوی (وەرزێر):

چالاکی کشتوکاڵی لە دەرەبەگایەتیدا لەسەر سیستەمی کۆیلایەتی بۆ زەوی بەڕێوە دەچوو.کرۆکی ئەوسیستەمە مل کەچ کردنـی تـەواوی وەرزێـر بوو بۆ دەرەبەگ و جیّ بەجیّ کردنی کۆمەڵێك ئـەرك بـوو.سەرچـاوەی ئـەم مل کەچیەش پاشـکۆیەتی ئـەو وەرزێـرە بـوو بـۆ زەوی چ لەسـەر بنـەمای لەدایك بوون بێت یان لەسەر بنەمای مانەوەی درێژ خایەن بێـت.ئـەم جـۆرە کۆیلایەتیـە بـۆ زەوی گـۆڕا بـۆ موڵکداریـەتی زەوی و پاشـکۆیەتی بـۆ ئـەو زەویانە.

د- موڵکانەی دەرەبەگایەتی:

موڵکانەی زەوی و زار سەند و چەندین شێوازی بەخۆوە بـینی لەگـەڵ پەرەسەندنی شێوازی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتیدا , دەرەبەگایەتی سیّ شێوەی موڵکانەی زەوی و زاری ناسیوە لە سیّ قۆناغی جیاوازی مێـژوویی ئەم کۆمەڵگایەدا ئەوانەش:

١- موڵکانەی کار (بێگار) :

بێگـاری (اسـتغلال) وەرزێـران لەلایـەن دەرەبەگەکانـەوە هـەموو سنورەکانی بەزانـدوە بـە جۆرێـك کـە کۆمـەڵێك ئـەرکی زۆر خراوەتـە سـەر شانیان لەوانەش کاری بێگار (ئەمەش بریتیە لە ئـەنجام دانـی کـار لەلایـەن

وەرزێرەوە بۆ دەرەبەگ بەزۆرە ملێ و بێ بەرامبەر لە رێگەی بەکارهێنانی توندو تیژیەوە).

٢ - موڵکانەی بینراو (زینده ماڵ):

ئەم جۆرە وەك موڵکانەی کار وایە بەلاَم لە شێوەیەکی نوێدا ، کە پێشکەوتوو تر بوە لە شێوەی یەکەم بەلاَم شان بە شانی موڵکانەی کار هەبوە ، ئەم جۆرە موڵکانەیە لە دوا قۆناغەکانی دەرەبەگایەتیدا پەیدا بوو پاش پەرە سەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان لە ئەوروپای رۆژ ئاوا لە سەدەکانی (١٠ و١١) ی زاینیدا ، زیادەی بەروبومی کشتوکاڵی جوتیاران و وەرزێران لەو زەویانەدا کە خۆی دەیچاند لە شێوەی سەرانەو باجدا دەیداتە دەرەبەگ.

٣- موڵکانەی نەختینەیی :

ئەم جۆرەش لە موڵکانە موڵکانەی بینراو بوو بەلاَم بەپارە،ئەم جۆرە موڵکانەیە بەوە لەموڵکانەی بینراو جیا دەکرێتەوە کە جووتیار لەجیاتی ئەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی بدات بەدەرەبەگ،ئەو بەروبوومەی دەفرۆشتێت و پارەکەی دەدا بە دەرەبەگ.

٣– هەڵوەشان و نەمانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی:

هۆکارەکانی هەڵوەشان و نەمانی ئەم سیستەمە لەم خالاَنەدا کۆبوەتەوە:–

أ– گەشەو پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان:

لەم کۆمەڵگایەدا هێزی نوێی بەرهەم هێنان هاتنە ئاراوە کە لەسەردەمی کۆیلایەتیدا بوونیان نەبوو ئەو هێزە نوێیانەش ئەمانەن:–

١– بلاَوبوونەوەی بەکارهێنانی گاسنی ئاسنین و شانەی ئاسنینی کشتوکاڵی وە ئامێری لە ئاسن دروست کراوی تر.

٢– بەلاَم لە بواری بەرهەم هێنانی پیشەیی دا ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەم هێنان بەبەردەوامی پەرەیان دەسەند,وە کاری ئاسن توانەوە پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینی شان بەشانی توانەوەی کانزاکانی تر ئەمەش بەدروست کردنی کورەی بەرزی ئاسن توانەوە.

٣– دەرکەوتن و دروست کردنی تۆپی جەنگی لەسەدەی (١٤) دا لەگەڵ بەکارهێنانی بارود لەجەنگەکاندا کە ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازیە جەنگیەکان.

٤– پەرەسەندنی پیشەسازی ڕستن و چنین بەهۆی بلاَوبوونەوەی مەکۆکانی چنین پاش بۆیاخ کردنی قوماش,سەرجەم ئەم گۆڕانە تەکنیکیانە بوونە هۆی ڕوودانی گەشەیەکی گەورەی هێزی بەرهەم هینان و زۆربوونی بڕی بەرهەم.

ب- دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوایەتی:

قەیرانی ئابووری سیستەمی دەرەبەگایەتی خۆی لەدابەزینی بڕی بەرهەم دەبینیەوە,سەرەڕای چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی جوتیاران و بەرگری کە بووە هۆی لاوازبوونی بوونیادی ئەم سیستەمە, ئەمەش وای کرد وردە وردە ناوچە دەرەبەگیەکان کەم ببنەوە و فەرمان ڕەوایەتی ئەوناوچانە گوازرایەوە بۆ کەسانێکی کەم تر وە لەمەوە پادشایەتی و ئیمپراتۆریەتە بەهێزەکان دروست بوون‌و ئەمە بووە هۆی کەم کردنەوەی دەسەلاَتی دەرەبەگ.

ج- دۆزینەوە جوگرافیەکان:

دۆزینـــەوە جوگرافیـــەکان گرنگـــی گـــەورەیان هـــەبووە بـــۆ نـــەمان و لێـــك هەڵوەشـــانی کۆمـــەڵگای دەرەبەگایـــەتی ,چـــونکە ئـــەم دۆزینەوانـــە بوونـــە هـــۆی پەرەســـەندنی ئـــاڵوگۆڕو بازرگـــانی دەرەکـــی ئـــەوروپا و بەربەســـتەکانی بـــەردەم گواستنەوەی شمەك و کاڵاکانی تێك شکاند بەتایبەتی ناردنی شمەك بـۆ جیهـانی نویێ.ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی پەرەسەندنی گەورەی هێزەکانی بەرهەم هێنـان وە گوێزانـەوە لـە ئـابووری بەرهـەم هێنـان لـە دابـین کردنـی خۆبـەخۆ (الاکتفـاء الذاتي) بۆ بەرهەم هێنان لەپێناوی بازاڕو بەدەست هێنانی قازانج.

د- هەندێك هۆکاری تریش هەبوون کاریگەریان هەبووە لەسەر نـەمان و لەناوچوونی ئەم سیستەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەو هۆکارانەش:-

١- ســـەردەمی بوژانـــەوەی بـــیری و چاکـــسازی ئـــایینی و کۆمەڵایـــەتی بەتایبەتی لە ئینکلتەرا دوای دامەزراندنی کەنیسەی ئینگلیکـانی دروسـت بـوونی مەزهـەبی پرۆتـستانی و جیابوونـەوەی لـە کەنیـسەی کاسـۆلیکی لـە ڤاتیکـان لەسەرەتای سەدەی (١٦) دا.

٢- زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی گەورە کە پێـشتر لـە هـیچ سەردەمێکدا ئەم زیادبوونە بەم شێوەیە ڕووی نەدابوو.

چوارەم- سیستەمی سەرمایەداری :

سەرەتاکانی دروست بوونی سیستەمی سـەرمایەداری لـە سـەدەکانی (١٤ و ١٥) ی زایینیدا سەری هەڵدا لەشارەکانی باکووری ئیتالیـا و هەنـدێك بەشی زەوییە نزمەکان (هۆڵەندا) لە کاتێکدا هێشتا لـە زۆربـەی ناوچـەکانی ئـەوروپا لـە سـەرەتای سـەدەی (١٦) ی زاینیـەوە دەسـتی پێکـردوە,لـە ســـەرەتاوە ســـەرمایەداری وەك پێکهاتەیـــەکی ئـــابوری و کۆمەڵایـــەتی دەرکەوت,پەیدا بونی سەرمایەداری نەمانی دەرەبەگایەتی بە لـە ناوچـوونی کۆیلایەتی زەوی و کرێکاری بێگاری(سوخرە) لە ئینگلترا یەکەم جار پاشان لە فەرەنسا و ئیتالیا و هۆلەندا بە تەواوی ڕوون بوەتەوە.

١- بنەما سەرەکیەکانی سیستەمی سەرمایەداری:

نمونەی بیردۆزی سیستەمی سەرمایەداری یان (ئابوری بازاری ئازاد) ئەوەیە کە دەبێت ئازادی موڵکداریەتی تایبەتو ئازادی لە هەڵس و کەوتی ئابوری دا هەبێت لە سەرجەم بوارەکانی بەرهەم هێنانو بەکاربردن و پاشەکەوت دا، لە سەر ئەم پێودانگانە دەزگاکانی ئەم سیستەمە موڵکایەتی تایبەتیو، سیستەمی میراتو کێ بڕکێو پاڵنەری قازانجو ئازادی ئەنجامدانی چالاکییە ئابوریەکانو، میکانیزمی نرخ، دەگرنە خۆ:

ا- موڵکایەتی تایبەت:

موڵکایەتی تایبەت گوزارشتە لە مافی خاوەنداریەتی و بەکارخستنی سامانە بە مەبەستی بەدەسهێنانی داهات، موڵکایەتی تایبەت لە شمەکی بەرهەم هێنانو شمەکی بەکاربردن و سەرمایەی نەختینەیی پێك دێت و دورست دەبێت موڵکایەتی تایبەت بنەماکانی بەرهەم هێنان دەکاتە هۆی خولقاندنی فەرمانەکانی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە لا مرکزیەتو دەرکردنی بڕیارەکاندا دەبینێتەوە لە ڕێگەی دابەشکردنی سامانو داهاتەوە. لە گەڵ بوونی هاندەری تایبەت بە کۆ کردنەوەی سامانو فەراهەم کردنی دڵنیایی مادی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ.

ب- کێبڕکێو پاڵنەری قازانج:

ئەمەش بە مانای بونی کێبڕکێ لە نێوان کەسەکاندا بە ئامانجی زیادکردنی خۆش گوزەرانی ئابوری، کێبڕکێ گرنگیەکی گەورەی هەیە لە سیستەمی سەرمایەداریدا چونکە پاڵنەرەکانی بەرهەم هێنان لە ژێر سایەی ئەم سیستەمەدا بەندە بە ئارەزووی تاکەکەس بۆ چاککردنی باری ماددی خۆیو بەدەست هێنانی خۆش گوزەرانی وە بەم پاڵنەرەش دەوترێ (بەرژەوەندی تاکەکەس).

ج- ئازادی چالاکیە ئابوریەکان:

بە مانای تاکەکەس ئازادە لە هەڵبژاردنو دیاری کردنی ئەو پیشەیەی دەیەوێت ئەنجامی بدات وە خاوەن سەرمایە ئازادە لە وەبەرهێناندا لە هەر جۆرە چالاکیەکی ئابوریدا بێت، ئەمەش کرۆکی ئازادی چالاکیە ئابوریەکانە.

د- میکانیزمی نرخ:

ئەمەش مانای کۆنترۆڵ کردنی چالاکی ئابوری لە ڕێگەی دەزگای نرخەوە دەبێت کە هەڵدەستێت بە گونجاندنی بڕیارەکانی بەکاربەران و بڕیارەکانی بەرهەم هێنەکان بە جۆرێك کە شمەکی بەرهەم هێنراو دەبێت بە دیهێنەری ئارەزوەکانی بە بەکاربەران بێت. ئەگەر هاتوو بەکاربەران زیاتر روویان کردە شمەکێكو خواست زیادی کرد ئەوا نرخی ئەو شمەکە بەرز دەبێتەوە دەبێتە هۆی زۆر بونی قازانجی بەرهەم هێنەرەکان ئەمەش بەرهەم هێنی دیکە هان دەدات بۆ ئەوەی هەمان ئەو شمەکە بەرهەم بێنن بەم جۆرە خستنە ڕوو زیاد دەکات بەمەش نرخەکەی نزم دەبێتەوەو قازانجی بەرهەم هێنەکان کەم دەبێتەوە بۆیە ئەوانیش بەرهەم کەم دەکەنەوە هەتا وەکو بازاری ئەم شمەکە جۆرێك لە هاوسەنگی نرخی بۆ پەیدا دەبێت، واتە نرخەکەی ئەوەندە بەرز و نزم نابێتەوە و جێگیر دەبێت
.

٢- ڕۆڵی سەرمایەداری بازرگانی لە دورست بوونی سیستەمی سەرمایەداریدا :

سەرمایەداری بازرگانی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە هەڵوەشانی دەرەبەگایەتی و دروست بوونی پەیوەندی سەرمایەداری, وەگوێزانەوە لە بەرهەمهێنانی شمەکی سادەوە بۆبەرهەمێنانی شمەکی سەرمایەداری.ڕۆڵی

سەرمایەداری بازرگانی خێرا کردنی پرۆسەی نەمانی ئابوری سروشتی و دارمانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بووە,هەروەها رۆڵی گرنگی هەبوە لە کەڵەکەبوونی شمەکی پیشە گەرەکان بە دەستی بازرگانەکان بەم جۆرە سەرمایەداری بازرگانی ئاسان کاری کرد بۆ دروست بوونی بازارێکی نیشتمانی و جیهانی.وە پرۆسەی نەمانی کاری پیشەگەری و بەرهەمە بچوکەکانی خێراتر کرد.

بەشێوەیەکی گشتی سەرمایەداریی بازرگانی بە چەند قۆناغ و بارودۆخێکدا تێپەریوە کە بریتین :

أـ هەستانی بازرگانەکان بەکرینی ئەوشمەکانەی کە لەلایەن بەرهەم هێنەرەکانەوە بەرهەمهێنرابوون وەفرۆشتنەوەی لەبازاردا ئەم قۆناغە قۆناغی قۆرخ کردنی کرین بوە.

ب ـ قۆناغی تێکهەڵچوونی کاری ناوەند گیری (الوسیطة) بۆ کرینی بەرهەمی ئامادە و فرۆشتنی لەگەڵ پێدانی قەرز بە بەرهەم هێنەکان بە نرخی سوود و بە پێی مەرجی زۆر توند.

ج ـ بازرگانەکان کەرەسەی خاوی پێویستیان دەدا بە پیشەگەرەکانیان وە پیشەگەرەکانیان لەبازاری فرۆشتن و بازاری کرینی کەرەسەی خاو، وە خۆیان سەپاند و کۆنترۆڵی بازاری فرۆشتنی شمەکی ئامادەکراویشیان کرد.

د ـ لە پاشاندا بازرگانەکان هەستاون بە دابەش کردنی کەرەسەی خاو بەسەر پیشەگەرەکان دا لەماڵەکانی خۆیاندا,بەم جۆرە سەرمایەی بازرگانی پیشەگەرکانیان کرد بەکرێکار و بەکرێ کاربکەن لەسەر داخوازی بازرگانەکان بە ئامێر و کەرەسەی خاوی بازرگانەکان.

ئەو ماوەیەی کە تیایدا کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دارماو پەیوەندیە سەرمایەداریەکان پەیدا بوون بەماوەی (کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە)

ناسراوە,هۆکارەکانی ڕوودانـی پرۆسـەی کەڵەکـە بـوونی سـەرمایە هۆکـاری ناوخۆیی و دەرەکی بوون.

هۆکارە ناوخۆییەکان بریتیە لە پاشەکەوتی ناوخۆیی ئەمـەش بریتیـە لە دانانی بەشێك لە داهات بۆ پاشـەکەوت کـردن وەخـەرج کردنـی لـەبواری وەبـەرهێنان دا. بـەلاَم هۆکـارە دەرەکیـەکان زیـاتر کـارە بـەتالاَن بردنـی دەرامەتی سروشتی و مرۆیی بووە لە جیهـانی نـویٚ (بازرگـانی سـیٚ گۆشەـ بازرگانی کۆیلە),تەنها بۆ نمونە ئیسپانیا بەتەنها لە نێوان سـالاَنی (١٥٢١- ١٦٦٠) هەزار تەن زیو و دووسەد تەن زێڕیان لـە ئـەمریکای لاتـین بـە تـالاَن بردوە.

٣- قۆناغەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری:

لـە ڕێـڕەوی پەرەسـەندنی خۆیـدا سیـستەمی سـەرمایەداری ئـەم قۆناغانەی دیوە:

أ- هەرەوەزی سەرمایەداری سادە:

لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك کەس بەیەکـەوە هەڵدەسـتن بـە ئـەنجام دانـی کار بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەئەنجام دانی یەك کـار یـان چـەند کارێـك کـە دەشـێت جیـاواز بـن بـەلاَم پەیوەنـدیان بەیەکـەوە هـەبووە. هاوکـاری سەرمایەداری سادە یەکەم قۆناغە لە پەرەسەندنی سـەرمایەداریدا.وەخـاڵی دەسـت پـیٚ کردنـی بەرهـەم هێنـانی سـەرمایەداریە. قۆنـاغی هاوکـاری پەرەسەندنێکی مێژوییە وەك دژێك بۆ ئابووری کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی پیشەیی تاکە کەس,وە ئەمەش لە بەرهەم هێنانی بچوکی پەرش و بلاَوەوە دروست بوە.

دەزگا پیـشەسازیە سـەرمایەداریەکان لەسـەرەتاوە بـە یـەك شـت لـە دەزگای بەرهەم هێنی بچوك جیاکراوەتەوە ئەویش ژمـارەی ئـەو کرێکارانـە

بـووه لــه وەرشـــەی پیـشەسازیدا زیـاتر بـووه لەوەرشـەی بـچوك. لــە هەرەوەزیەكانـدا لەسـەرەتاوە دابـەش كردنـی نـەبووە,هـەموو كرێكارەكـان هەموویان هەستاون بە ئەنجام دانی هەمان جۆركار,بـەلاّم بەرهـەم داری زۆر زیاتر بووه لە بەرهەم داری كاری پیشەگەری.

لەسەر ئەم بنەمایە هەرەوەزكاری سەرمایەداری سادەبووە هۆی:

١. زۆربوونی بەرهەم داری كار.
٢. كەم كردنەوەی ماوەی كاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی شمەك.
٣. كەم كردنەوەی تێچوونی بەرهەم هێنان و بەرزبوونەوەی قازانج .
٤. كەم بوونەوەی كرێی كرێكار و زۆربوونی قازانج.
٥. دابڕانی كار و سەرمایە لە یەك.

ب– قۆنـاغی بەرهـەم هێنـان لـە كارگـە دەسـتیەكان (مانیفـاكتۆر) و دابەش كردنی كار:

ئەم قۆناغـەی مانیفـاكتۆری بەرهـەم هێنانـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی (١٦) ودەست پیّ دەكات تا سەدەی (١٨) ی خایانـدوە. مانیفـاكتۆر بـریتی یە لەو جۆرە هەرەوەزیەی كە لەسەر بنەمای دابەش كردنی كار و پـسپۆری لە پرۆسەی بەرهەم هێنان دا وەستاوە ئەم قۆناغەبریتی یـە لـە ئەڵقەیـەكی نێوان پیشەگەری و بەرهەم هێنانی شمـەكی بچووك لەلایـەك و پیـشەسازی ئامێری قورس لەلایەكی تر.

بەلاّم بنەمای تەكنیكی مانیفاكتۆر بریتی بوو لە پیشەی دەستی ،هەر ئەمەش وای لێكردووە كە نزیك بێت لەوەرشەی بچووك. مانیفاكتۆر دابـەش بووە بۆ دووجۆرە: (جۆری لێك چوو) و(جۆری جیاوان) لـە جـۆری یەكـەم دا بەرهەم بەچەند پرۆسەیەكی یەك لە دوای یەك وپێكـەوە گرێـدراو دا دابـەش بوە وە كار دابەش دەكرێت ,بـەلاّم لـەجۆری دووەمـدا دابـەش كردنـی كـار

دابەش کراوە بەسەر کرێکاراندا وە ئەم بەشانە هەموویان یەك بەرهەمی ئامادە دروست دەکەن.

لە بەرهەم هێنانی مانیفاکتۆرەدا کاری بیری و کاری بازوو لە یەکتر جیابوونەوە. لەگەڵ دروست بوونی زنجیرەیەك لە ڕیزبەندی کارگێڕی.گرینگی مێژووی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە ڕێگا خۆشکەر بوە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی میکانیکی.

ج- قۆناغی بەرهەم هێنانی پیشەسازی میکانیکی:

بەرهەم هێنانی شمەك بەهۆی ئامێرە میکانیکیەکانەوە قۆناغی سێهەمە لە پەرەسەندنی سەرمایەداری. هێزی کار لەم مانیفاکتورەدا خاڵی وەرچەرخان بوە لە شێوازی بەرهەمهێناندا وشێوازەکانی کاریش هەمان ڕۆڵیان بینی لە پیشەسازی قورس دا. شۆڕشی پیشەسازی لەگەڵ داهێنانی ئامێردا بلاْبوەوە,ئامێرەکانی بەرهەم هێنان لە سەرەتاوە لەلایەن مرۆڤەوە یان با یان گیانەوەرەوە هەڵسوڕاوە بەلاْم دروست کردنی ئامێری هەڵمین شۆڕشێکی گەورەی میکانیکی جوڵە بوو.لەم قۆناغە قۆناغی بەرهەم هێنانی پیشەسازی قورس دا سەرمایەداری بە تەواوەتی بە سەر دەرەبەگایەتیدا زاڵ بووە.

د- قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی و کەڵەکەبوونی سەرمایە:

سەراپای سەرمایە زیادی کردووە لە کاتی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم پێکهاتەکانی سەرمایە چۆتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێك گۆڕانکاری نا هاوسەنگەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ڕوودانی گۆڕان لە پێکهاتەی خودی سەرمایە خۆیدا.شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنیکی بووە هۆی گەشەکردنی بەشێکی سەرمایە ئەویش ئامرازەکانی بەرهەم هێنان (ئامێرەکان,ژێرخان,کەرەسەی خاو,..... هتد) یان سەرمایەی نەگۆڕ بەلاْم

سـەرمایەی خـەرج كـراو بـۆ كـڕینی هێـزی كـار بـەهێمنی پـەرەی سـەندوە, پەیوەنـدی نێـوان سـەرمایەی نـەگۆڕ و سـەرمایەی گـۆڕاو پێـی دەوترێـت پەیوەندی ئۆرگانیكی یان پێكهاتەی ئۆرگانیكی سەرمایە.

پێكهاتەی ئۆرگانیكی سەرمایە لە پیشەسازیەكەوە بۆ پیشەسازیەكی تر دەگۆڕێت چونكە تا ئامێر گەورەتر بێـت لـە بەرامبـەر ژمـارەی كرێكـاردا ئـەوا پێكهاتەكـە بـەرزتر دەبێتـەوە و تـا ببێـت ئـەوا پێكهاتـەی ئۆرگـانی سەرمایە زیـاد دەكـات,واتـە سـەرمایە گـۆڕاو (كرێكـار) كـەم دەكـات بـەڵام سەرمایەی نەگۆراو زیاد دەكـات قـەبارەی سـەرمایە زیـاد دەكـات لـە كـاتی پرۆسـەی تازەكردنـەوەی بەرهـەم هێنـانی سـەرمایەداریدا لـە ئـەنجامی كۆبوونـەوەی سـەرمایە و كەڵەكەسـەندنی.ئـەم پرۆسـەیە پێـی دەوترێـت كۆبوونـەوە و كەڵەكەسـەندنی سـەرمایە.ئـەم كـارە لـە بنـچینەدا گەشـەی سەرمایەیە لە ئەنجامی لێكدانی سەرمایەی بچوك لە یەك سـەرمایەی گـەورە دا وە ئـەم كـارەش لـە ڕێگـەی دروسـت كردنـی كۆمپانیـای ئاسـایی و هاوبەشەوە بووە.

هـ- قۆناغی قۆرخ كاری وئیمپریالیزم:

ئەم قۆناغە لە ساڵانی حەفتاكان وهەشتاكانی سەدەی (١٩) دا پەیـدا بـوو بـەردەوام بـووە لەگـەڵ كۆمـەڵێك گۆڕانكـاری گـەورەدا تـا كۆتـایی هەشتاكانی سەدەی بیستەم.ئەم قۆناغە ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

١. لێكـدانی سـەرمایەداری پیـشەسازی و سـەرمایەداری بـانكی (بازرگـانی) ودروست بوونی سەرمایەداری دارایی لێكەوتەوە.
٢. پەیدابوونی كۆمپانیای گەورەی قۆرخ كـاری (مۆنۆپـۆل)لەگـەڵ دروسـت بـوونی گەلەكۆمـەكی ئـابووری وەك (كارتێـل,ترسـت,كۆنـستیۆمی نێودەوڵەتی).

٣. بلأوبوونەوەی کۆمپانیای فرە نەتەوەو فرە ڕەگەز بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

٤. دووبارە دابەش کردنەوەی سەرچاوەی کەرەسە خاوەکان لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکان دا.

و- قۆناغی جیهان گیری:

ئەمە دوا قۆناغە کە تائێستا سەرمایەداری پێی گەیشتوە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دا ئەمەش لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و نەمانی جەنگی سارد و سیستەمی دوو جەمسەریدا پەیدا بووە,هەروەها لەگەڵ لەناوچوونی شێوازی سەرمایەداری دەوڵەت و نەمانی سیستەمی سۆشیالیزمی سۆڤیەتیدا هاتە ئاراوە.بەلأم لە ڕووی ئابووریەوە شێوازی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لە وولأتانی تازە پێگەیشتوو بلأوبووەوە لەگەڵ بالأ دەستی سەرمایەداری دارایی و کۆمپانیای گەورە و پەرەسەندنی بازرگانی ئەلکترۆنیدا.

پێنجەم – سیستەمی سۆشیالستی (هاوبەشی – الاشتراكي):

چەمك وتایبەتمەندییەکانی سیستەمی سۆشیالستی :

سۆشیالستی وەك سیستەمێکی ئابووری ئەوە دەگەیێنێت کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان موڵکی کۆمەڵگایە وکۆمەڵگا لە پێناو بەدیهێنانی پێشکەوتنی خۆی دەیان خاتە کار ،پرۆسەی بەرهەم هێنان لەسایەی پلاندانانێکی زانستیانەی سەرتاپاگیری (سەرتاسەری) دەبێ و بەجۆرێکی ئەوتۆ ئاراستە دەکرێ کە لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگادا بگونجێ .

ڕامیاری تایبەتیش پیادە دەکرێ لە دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی لە سەر بنچینەی داد پەروەری کۆمەلایەتی و بەرەنگاربوونەوەی قۆرخ

کردن ونەهێشتنی هۆیەکانی جیاوازی نێوان داهات وسامانی تاکە تاکەی خەڵك.

دەوڵەتیش لە سایەی ئەم سیستەمەدا کار دەکات بۆ رێکخستنی بەرهەم هێنان بەشێوەیەك بەرژەوەندی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەدی بێنێت لەرێگای خاوەندارێتی کۆمەڵگا بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان وچاودێری کۆمەڵگا لە سەر بەرهەمهێنان ودابەشکردن.

تایبە تمەندییەکانی سیستەمی سۆشیالستی :

١ – ئامرازەکانی بەرهەمهێنان موڵکی گشتییە:

ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو تایبەتمەندییەکانی تری سیستەمی سۆشیالستی گرنگترە،چونکە لەم سیستەمەدا موڵکایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان،لە جیاتی ئەوەی موڵکی تایبەتی سەرمایەداران بێ ،بەڵکو دەبێ موڵکی گشتی (دەوڵەت) بێت.

ئامانجی ئەم گۆاستنەوەی موڵکایەتییەش بۆ ئەوەیە یەکسانی کۆمەڵایەتی بێنێتە دی ،وهەموو شێوازەکانی قۆرخ کردن بنبڕ بکات.

٢ – پلاندانانی ناوەندی (مەرکەزی) سەرتاپاگیری :

سیستەمی سۆشیالستی شێوازی پلاندانانی ناوەندی پەیڕەودەکات،بۆ چالاکییە ئابوورییەکان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە ئابوورییە دیاری کراوەکان،کە لە ناوەندەوە لایەن دەوڵەتەوە نەخشەی بۆکێشراوە،هەر لە رێگای ئەم پلاندانانەوە و وەبەرهێنانی دەرامەتی نەتەوەیی بە باشترین شێوە دەکرێت کە خۆش گوزەرانی میللەت وبنیاتنانی گەشەکردنێکی هاوسەنگ بۆ لقە جۆر بە جۆرەکانی ئابووری بەدیبێنێ

٣– دادپەروەری لە دابەش کردنی داهات وسامان:

سیستەمی سۆشیالستی لە دابەش کردنی داهاتی نەتەوەیدا ڕەچاوی ئەوە دەکات کە بە شێوەی دادپەروەرانە بەسەر تاکەکانی میللەت دابەش بکرێت، وجیاوازی داهات وسامان لە نێوان تاکەکان نەمێنێت،ئەم تایبەتمەندیەش لە بنەرەتی موڵکایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە هەڵقوڵاوە،واتا داهاتی

نەتەوەیی لە سایەی سیستەمی سۆشیالستیدا بە پێی ڕەخساندنی هەلی یەکسانی کار وگوزەران دابەش دەکرێت ، بەمەش دیاردەی جیاوازی لەدابەش کردنی داهات وسامان دەرناکەوێت .

٤ – داد پەروەریی کۆمەڵایەتی ویەکسانی هەل (تکافؤ الفرص):

مەبەست ئەوەیە هەل ومەرجێکی ئابووری وکۆمەڵایەتی ئەوتۆ بڕەخسێت، کە هەلی یەکسانی چۆنیەتی کارکردن و ژیان و خۆش گوزەرانی بۆ هەموو تاکێك دابین بکرێت. واتە هەموو تاکێك هەلی کارکردن و فێربوون و دابەش بوونی سەرجەم داهاتی بەیەکسانی بۆ بڕەخسێ.

بەشی سێیەم

بیردۆزی خواست و خستنە ڕوو

DEMAND & SUPPLY

پێشەکی:

بازاڕ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژیانی ئابووری کۆمەڵگاکاندا بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئاستی پێشکەوتنی ئابووریان بکرێت. بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەی کەوا سیستەمی ئابووریان بازاڕی ئازادە وە یان تێکەڵاوە. پێیان وایە گرفتە ئابووری یەکان لە میانەی سیستەمی بازاڕەوە چارەسەر دەکرێت, وە بازاڕ دەزگایەکی سەرەکییە بۆ دیاری کردنی چەندایەتی و چۆنایەتی شمەك ، و ئەم خزمەت گوزاریانەی کەرتی کارەکان ئارەزووی بەرهەم هێنانیان هەیە، لەگەڵ چۆنیە تی دابەشکردنیان ، هەروەها بازاڕ نرخی بنەما بەرهەم هێنە بەشداربووەکان لە کرداری بەرهەم هێنانیدا دیاری دەکات.

لە بازاڕدا نرخەکان دیاری دەکرێن بە هۆی ئاوێتەبوونی هێزەکانی خواست و خستنە ڕووی شمەك و خزمەت گوزاریەکان, چونکە بەهای شمەك وە یان خزمەت گوزاری بەندن بەم کەڵکەی کە بەکاربەر بەدەستی دەهێنێت ئەمە لەلایەك, وە تێچوونی بەرهەم هێنانی لە لایەکی ترەوە .

پێناسەی بازاڕ:
Definition of market

بازاڕ ئەو شوێنەیە کە ئەم دوولایەنەی تێدا کۆدەبێتەوە : کڕیاڕ ((ئەو بەکاربەرەی شمەك خواستی بۆ شمەکەکە هەیە, ئەوەش لایەنی یەکەمی بازاڕە)) وە فرۆشیار ((ئەو بەرهەم هێنەی شمەك کە شمەکەکەی دەخاتە ڕوو))ئەوەش لایەنی دووەمی بازاڕە))هەر لایەنێکیان کرداری ئاڵو گۆڕ ئەنجام دەدەن, بەکاربەر شمەکەکە بە دەست دەهێنێت بەڵام بەرهەم هێن نرخی ئەو شمەکە بەدەست دەهێنێت .

بازاڕ:
چوار چێوەیەکە کۆمەڵێك لە کڕیار و فرۆشیار بەخۆوە دەگرێت و پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیان دا هەیە و ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەبێ بەربەست.

بۆیە کاتێ بەکاربەر بڕیار دەدات شمەکێکی دیاری کراو بەدەست بهێنێت دەچێتە ئەو شوێنەی ئەم شمەکەی لێ دەفرۆشرێت ((بازاڕی شمەك)) بۆ نمونە بازاڕی پۆشاك , بازاڕی ئۆتۆمۆبێل , بازاڕی ئامێرە ئەلیکترونیە کان....هتد

پانتایی بازاڕ:

ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێت بازاڕ بەند نیە بە شوێنێکی دیاری کراو، زۆر جار گوێ بیستی بازاڕەکان دەبین بەڵام شوێنێکی دیاری کراوی نیە وەك بازاڕی ((نەوت و زێڕی جیهانی)) هاوکات زۆر لە بازاڕەکان پێویست بەوە ناکەن فرۆشیار ((بەرهەم هێن)) کڕیار ((بەکاربەر)) پێك

بگەن بۆ ئەنجامدانی کرداری کڕین و فرۆشتن بۆ نمونە ئاڵوگۆڕ کردن لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

پانتایی بازاڕ:
بازاڕی ناوخۆیی (بازاڕی هەولێر) بازاڕی هەرێمایەتی (بازاڕی هەرێمی کوردستان) بازاڕی جیهانی (بازاڕی لەندەن).

ئەو هۆکارانەی پانتایی بازاڕ دیاری دەکەن:

١-سروشتی شمەکەکە.

٢-داب و نەریت.

٣-ئاسانکاری گەیاندن.

٤-بەربەستە گومرگیەکان.

ڕەگەزەکانی بازاڕ :

١- بوونی شمەکێك یان خزمەت گوزاریەك بۆ فرۆشتن بخرێتە ڕوو وبتوانرێ ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت .

٢- بوونی خواست لە لایەن کڕیارانەوە بۆ ئەم شمەك یان خزمەت گوزاریە.

٣- دیاری کردنی نرخێکی دیاری کراو بۆ شمەکەکە بەهۆی ئاوێتەبوونی هێزەکانی خواست و خستنە ڕوو .

٤- ئازادی بێ بەربەستی بەیەك گەیشتنی نێوان لایەنە ئاڵوگۆڕەکاندا لەبازاڕ .

خـواســـت

DEMAND

خواست :بريتى يه له لايەنى يەكەم له بازاڕدا, ئەم ڕۆڵه بەكاربەر پێى هەڵدەستێ بۆ خواستى شمەك وخزمەت گوزاريە جۆربەجۆرەكان وە بەرامبەر نرخى هەر شمەكێك كەلەوانەيە بەكار بيكرێ برێكى ديارى كراو هەيە ، كە بەكاربەر نيازى خواست و كڕينى هەيە.

واتاى خواست:

تەنها ئارەزووى بەكاربەر نايەت بۆ بەدەست هێنانى شمەكێك. بەڵكو ئەم ئارەزووە دەبێ پشت بەست بێت به توانستى كڕينيەوە.

خواست:

بريتى يه لەو ئارەزوو توانستەى بۆ بەدەست هێنانى بڕە ديارى كراوەكان له شمەك و خزمەتگوزاريەكان به نرخێكى ديارى كراو وە له ماوەيەكى ديارى كراو.

لەم پێناسەدا تێبينى دەكەين ، خواستى به كردار كۆمەڵێك له بنەماكان به خۆوە دەگرێت كه ئەمانەن:-

أ- پێويستى و ئارەزوو : پێويستى مرۆڤ له ئارەزوويدا يه بۆ بەدەست هێنانى شتومەكە بەكەڵكەكان چونكه ئارەزوويەكى پێويستى پڕدەكاتەوە.

ب- توانستى كڕين: واتا توانست له پێدانى نرخى ئەو شتەى كەڵكى لێوە دەبينێت.

ج- نرخى شمەكەكه ديارى كراو بێت.

د- كردارى كڕين له ماوەيەكى ديارى كراودا ئەنجام بدرێت.

پێویسته ئەم بنەمایانە پێکەوە کۆبکرێنەوە وە ئەگەر بەدی نەکران ئەوابە خواستی بێ کردار ناودەبرێت.

خشتەی خواست:

بریتی یە لەو برە خواستەی شمەکێك کاتێك نرخەکەی دەگۆڕێت (نرخە جیاوازەکان، لەماوەیەکی دیاری کراودا وە لە بازاڕێکی دیاری کراودا).

خشتەی خواست بۆ شمەکێك لەکاتێکی دیاریکراودا

نرخ (ن)	بڕی خواست ب. خو
٢	١٠٠
٤	٨٠
٦	٦٠
٨	٤٠
١٠	٢٠

پێویسته تێبینی بکرێت کەوا خشتەی خواست جیاوازە لە شمەکێك بۆ شمەکێکی کە، وە جیاوازە لە هەمان شمەکدا لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی کە.

یاسای خواست: Law of Demand

پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان نرخی شمەکێك و بڕی خواستەکەی, چونکە هەرچەند نرخی شمەکێك لە بازاڕدا بەرز بێتەوە ئەوا بڕی خواستەکەی دادەبەزێت.بەپێچەوانەشەوە هەرچەند نرخی ئەو شمەکە دابەزێت ئەوا بڕی خواستەکەی زۆرتر دەبێت لەلایەن بەکاربەر لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بەنەگۆڕانی.

چەماوەی خواست : Demand Curve

وێنەیەکی خشتەی خواستە ، کە پەیوەندی نێوان بڕی خواست و نرخە جیاجیاکانی شمەك نیشان دەدات ، لە ماوەیەکی دیاری کراودا وە لە بازاڕێکی دیاری کراودا وە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چەماوەی خواست لە شمەكێك بۆ شمەكێکی تر جیاوازە.



وێنەی چەماوەی خواست

چەماوەی خواست : خشتەی خواستە بە شێوەی داتاوە

خەسڵەتەکانی چەماوەی خواست:

١- بۆ خوارەوە لار دەبێتەوە.

٢- ئاراستەکەی لەلای چەپەوە بۆ لای راستە .

٣- لە خاڵی بنەڕەت دا کوڕ(محدب) خۆی نیشان دەدات.

بۆ ئەوەی چەماوەی خواست نیشان بدرێت پێویستە ئەمانەی خوارەوە بزانرێت.

١- تەوەری ستوونی بریتی یە لە نرخ، وە تەوەری ئاسۆیی بریتی یە لە بڕ.

٢- چەماوەی خواست لاریەکەی نێگەتیڤە بەهۆی پەیوەندی پێچەوانەی نێوان نرخ و بڕی خواستەکەی لە شمەکێکی دیاری کراودا.

٣- چەماوەی خواست ڕەنگ دانەوەی حاڵەتێکە لە ماوەیەکی کورت خایەندا ، وە شێوەی چەماوەکە دەگۆڕێ لەگەڵ گۆڕانی ماوەکان.

٤- هەر خاڵێك لەسەر چەماوە ، بە مانای بەرزبوونەوە یان نزم بوونەوەی بڕی خواستە لە شمەکێکدا ئەگەر هاتوو نرخەکەی بگۆڕێت (لەگەڵ گریمانی نەگۆڕانی هۆکارەکانی تردا).

ئەو هۆكارانەی كە خواست دیاری دەكەن
DETERMINANTS OF DEMAND

هەروەك ووتمان پەیوەندی نێوان بڕی خواست بۆ شمەكێكی دیاری كراو و نرخی ئەم شمەكە پێچەوانەیە، كە ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی هەرچەندە نرخ دابەزێت ئەوا بڕی خواست زۆرتر دەبێت بەڵام ، بە گریمانی نە گۆڕانی هۆكارەكانی تر كە كاردەكەنە سەر بڕی خواست, كەواتە ئەم هۆكارانەچین و كاردانەوەیان چی یە لەسەر خواستی شمەك؟

١- ژمارەی كڕیار یان بەكاربەر: Number of buyers

گریمان هۆكارەكانی تر نەگۆڕ بوون, ئەوا خواست لەسەر شمەكە جۆربەجۆرەكان زۆرتر دەبێت بە دەركەوتنی بەكاربەری نوێ بۆ شمەكەكان، ئەوش بەهۆی:

ا- كاریگەری پڕوپاگەندە و ڕێكلامەكان .

ب- زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان ئەگەر زیادەكە بەهۆی لە دایك بوونە نوێیەكان بوون ئەگەری زیادبوونی خواست لەسەر پۆشاكی منالآن و یاریەكان زیاتر دەبێت لە هەموو حاڵەتێكدا زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە مایەی زیادە بوونی خواستەكان بۆ خانووبەرە و خۆراك و پۆشاك. كەواتە (پەیوەندییەكە ڕاستەوانەیە).

٢- داهاتی بەكاربەر: Consumers income

بە بەرز بوونەوەی داهاتی تاكەكەس ، خواستیان زیاد دەبێت لەسەر شمەك، بەلآم لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە شمەك بكەین.

أ- شمەكی جوانكاری.

ب- شمەكی ئاست نزم*.

بەرزبوونـــەوەی داهـــاتی هاولآتیـــان بەگـــشتی ئاســـتی گوزەرانیـــان بەرزدەكاتـەوە. زیـاتر هانیـان دەدات بـۆ كڕینـی شمـەكی جوانكـاری وەك" تەلـەفزیۆن، ڤیـدیۆ، كۆمپیوتـەر" وە نـزم بوونـەوەی داهاتیـان بەگـشتی خواست لەسەر ئەم شمەكانـە كـەمتر دەبێتـەوە و خواسـت لەسـەر شمەكـە ئاست نزمەكان زیاتر دەبێت وەك (ئۆتۆمبێلی كۆن و پۆشاكی بەكارهاتوو)

*(پەیوەنـدی نێـوان خواسـت لەسـەر شمـەكی سـادەیان بڵـێین شـەكی ئاسایی لەگەڵ داهاتی نەختینەیی پەیوەندییەكەی ڕاستەوانەیە .

* پەیوەندی نێوان خواست لەسـەر شمـەكی ئاسـت نـزم لەگـەڵ داهـاتی نەختینەیی پەیوەندییەكی پێچەوانەیە .

---

* شمەكی ئاست نزم (السلع الدنیا) : ئەو شمەكانەن كە كڕینیان زیاد دەكات كاتێك داهاتی بەكاربەر كەمدەكات وپێچەوانەكەشی ڕاستە، كڕینیان كەمدەكات كاتێك داهاتی بەكاربەر زیاددەكات ، جێی ئاماژە بۆ كردنە كە شمەكی ئاست نزم بە شمەكی هەژاران دەناسرێت،لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێن مەبەست لە شمەكی ئاست نزم ئەوەنیە كە كەڵكی نەبێت .

٣–حەزی بەکاربەر: Consumer taste

یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە کاردەکەنە سەر خواستی بەکاربەر بۆ شمەك چونکە، هەر کاتێك بەکاربەر حەزی خۆی دایە بەکاربردنی شمەکێك خواستی زیاتر دەبێت لەسەر ئەم شمەکە, وە بەپێچەوانەوە, زیادبوونی حەزو پێویستی بەکاربەر پشت دەبەستێت بە:

أ– سروشتی شمەکەکە.

ب– ڕادەی پێویستی پێ بوون.

ج– باشیەکەی (جودتها).

د– لایەنەکانی تر وەك : پرۆپاگەندە و ڕێکلام.

هـ – داب و نەریت: لەهەندێك ولأتاندا دانیشتوانەکانیان بەڕادەیەکی زۆر چا بەکاردەهێنن وە لە هەندێك ولأتانی تردا قاوە بەکار دەهێنن. کەواتە: (پەیوەندییەکە ڕاستەوانەیە).

٤–نرخی شمەکەکانی تر: Prices of other goods

زۆر جار خواستی بەکاربەر بۆ شمەکێك دەگۆڕێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدات لە نرخی ئەو شمەکانەی کەبەو شمەکەوە بەستراونەتەوە، لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەم شمەکانەدا.

أ– شمەکە تەواوکەرەکان Complementary goods

ئەو شمەکانەن کە پێویستن بۆ شمەکەکان تر وەك بەنزین تەواوکەری ئۆتۆمۆبێلە، شەکر تەواوکەری چایە، بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین دەبێتە مایەی دابەزینی خواست لەسەر ئوتۆموبیل وە بەپێچەوانەوە.

(پەیوەندی نێوان خواست و نرخی شمەکە تەواوکەرەکان پەیوەندییەکی پێچەوانەیە)

ب-شمەکە شوێن گرتووەکان: Substitute goods

ئەو شمەکانەن کە دەتوانن شوێنی شمەکەکانی تر بگرنەوە لە کاتی بەرزبوونەوەی نرخ دا. بۆ نموونە میوە جۆراو جۆرە دەکرێ شوێنی یەك بگرنەوە, بەکاربەر کە سەرنج دەدات یەك کیلۆ سێو نرخەکەی بەرزبۆتەوە دەکرێ مۆز شوێنی بگرێتەوە وە یان پرتەقاڵ...هتد گۆشتی مریشك لە شوێنی گۆشتی ئاژەڵ و ماسی.

(پەیوەندی نێوان خواست و نرخی شمەکە شوێن گرتووەکان پەیوەندی ڕاستەوانەیە)

٥- پێشبینیەکانی بەکاربەر: Consumer's Expectation

پێشبینیەکانی بەکاربەر کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر زیاد بوون و کەمبوونەوەی خواست بۆ شمەکێك چونکە. کاتێك بەکاربەر پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی شمەکێك دەکات لەبازاڕدا ئەوا خواستی زیاد دەبێت بۆ ئەو شمەکە وە بە پێچەوانەوە, هەر بۆ نمونە بەکاربەری نەوت پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخەکەی دەکات لە وەرزی زستاندا, بۆیە لە وەرزی هاویندا دەیکڕێ و ئەمباری دەکات بۆ ئەو کاتە بەکاری دەهێنێ لە ترسی بەرزبوونەوەی نرخەکەی لە زستاندا ..

(پەیوەندی نێوان پێشبینیەکان و خواست ڕاستەوانەیە)

خستنه ڕوو
SUPPLY

لایەنی دووەمە لە بازاڕ, وە ئەم ڕۆڵە بەرهەم هێن پێی هەڵدەستێ بۆ بەرهەمهێنان و فرۆشتنی شمەك و خزمەت گوزاریە جۆربەجۆرەكان, بۆیە خستنە ڕوو ئەم بنەمایانەی خوارەوە بە خۆوە دەگرێت:–

١. ئەو بڕەیە بەرهەمهێنەكان بۆ فرۆشتن دەیخەنە ڕوو
٢. لە بازاڕێكی دیاری كراو.
٣. لە شمەكێك یان خزمەت گوزاریەكی دیاری كراو.
٤. بە نرخێكی دیاری كراو.
٥. لە ماوەیەكی دیاری كراو.

لەمەوە بەدیاركەوت كە خستنە ڕوو بۆ ئەوەی بە كردار خستنە ڕوو بێت, پێویستە شمەكێك هەبێت و لە بازاڕدا خرابێتە ڕوو , مەبەستیش لەم خستنەڕووە فرۆشتن بێت وە نرخێكی دیاری كراوی هەبێت ، و بە ماوەیەكی دیاری كراوەوە بەسترابێتەوە .

خستنەڕوو:
ئارەزوو توانستی فرۆشیار یان بەرهەم هێنە لە دابین كردنی بڕە جیاجیاكانی شمەكێك بە نرخێكی گونجاوەلە ماوەیەكی دیاریكراودا.

خشتەی خستنە ڕوو : Supply schedule

بەرامبەر هەر نرخێك كە بەرهەم هێن لەوانەیە بیخاتە روو دەبینین بەرهەم هێن بڕێكی دیاری كراوی لێ دەخاتە ڕوو بۆ فرۆشتن لەماوەیەكی دیاری كراودا ئەوەش پێ ی دەڵێن خشتەی خستنەڕوو.

خشتەی خستنە ڕوو:

ڕەنگدانەوەی ئەو بڕە جۆربەجۆرانەن لە شمەكێك كە بەرهەم هێن دەیەوێت ودەتوانێت بەرهەمی بهێنێت وبیفرۆشێت لە ئاستی نرخە جیاوازیەكاندا لە بازاڕێكی دیاری كراودا وە لە ماوەیەكی دیاری كراودا.

ئەم خشتەیەی خوارەوە خستنە ڕووی بەرهەم هێنەرێكە لە شمەكێكی دیاری كراو و لەماوەیەكی دیاری كراودا .

بڕی خستنەڕوو (ب.خ) Quantity Supplied(QS)	نرخ (ن) Price (P)
٥٠	١٠
٤٠	٨
٣٠	٦
٢٠	٤
١٠	٢

له خشتهكه دا تێبینی دهكرێت ,دابهزینی نرخ له (١٠) دۆلار بۆ (٨) دۆلار دهبێته مایهی دابهزینی بڕی خستنهڕووهكه له (٥٠) یهكه بۆ (٤٠) یهكه, وه هەڵكشانی نرخ له (٦) دۆلار بۆ (٨) دۆلار دهبێته مایهی زیاد بوونی بڕی خستنهڕووهكه له (٣٠) یهكه بۆ (٤٠) یهكه واتاكهی:

پهیوندی نێوان گۆڕان له نرخ و گۆڕان لهبڕی خستنهڕووی شمهكهكه ڕاستهوانهیه



چهماوهی خستنه ڕوو

چەماوەی خستنەڕوو: Supply Curve

خشتەی خستنەڕووی داتاکانە, ئەگەر خشتەی خستنەڕووی پێشوو وەربگیرێت ئەوا چەماوەی خستنەڕوو نیشان دەدات.لە چەماوەی خستنە ڕوودا تێبینی ئەمانە دەکرێت:–

١. ئاراستەکەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە وە لە چەپەوە بۆ لای ڕاستە .
٢. ئاراستەکەی بەمانای برە خستنەڕووەکە زیاد دەبێت بە بەرزبوونەوەی ئەم نرخە وە و کەم دەبێت بە دابەزینی نرخەکە.
٣. پەیوەندی نێوان بڕی خستنەڕوو ونرخ ڕاستەوانەیە (پۆزەتیڤ +).

یاسای خستنە ڕوو: Law of Supply

پێشبینی دەکرێت هەر چەند نرخی شمەك بەرز ببێتەوە ، بڕی خستنەڕووی ئەوشمەکە زیاد دەبێت کە بەرهەم هێنەکان ئارەزووی خستنەڕوویان هەیە، وە یان بە پێچەوانەی دابەزینی نرخ وا دەکات کە بەرهەم هێنەکان بڕی خستنە ڕووی شمەکەکانیان کەمتر بکەنەوە ، چونکە خستنەڕوو بەستراوەتەوە بە تێچوونی بەرهەم هێنان , بۆ نموونە بەرهەم هێن بڕێکی زۆر لە شمەکێك ناخاتە روو ئەگەر نرخەکەی ئەو تێچوونەی بۆ پڕنەکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە نرخی شمەك تاکە هۆکار نیە کاریکاتە سەر بڕی خراوە ڕوو بۆ فرۆشتن لە بازاڕدا بەڵکو چەندەها هۆکاری تر هەیە کەوا دواتر باسیان دەکەین .

> **یاسای خستنەڕوو**
>
> بە گریمان شتەکانی تر وەك خۆیان بمێنینەوە , ئەوا پەیوەندی نێوان نرخ و برە خستنەڕووەکە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە.

ئەو هۆکارانەی کەخستنەڕوو دیاری دەکەن

Determinantes of Supply

١. ژمارەی بەهەم هێن (فرۆشیار):

Number of sellers or producers

شتێکی سروشتی یە هەرچەند ژمارەی بەرهەم هێن زیاد بێت ئەوا بڕی خستنەڕوو لە بازاڕدا زیاد دەبێت , هاوکات کەم بوونی ژمارەی بەرهەم هێن یان فرۆشیار دەبێتە مایەی کەمی بڕی خستنەڕوو.

> پەیوەندی نێوان ژمارەی بەرهەم هێن و بڕی خستنەروو راستەوانەیە.

٢. بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا:

Using Technology

لێرەدا پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی تەکنیکی بەرهەمهێنان و خستنەڕووی شمەکدا.چونکە هەمیشە بەرهەم هێن کاردەکات لە پێناو پێشخستنی بەرهەمەکەی و باشترکردنی ئاستی تەکنیکی لە کرداری بەرهەم هێنان دا بەمەبەستی کەمبوونەوەی تێچوون, وە دواتر زیادکردنی بڕی بەرهەم هێنراو, ئەمەش لەلایەن خۆیەوە دەبێتە مایەی زیادکردنی خستنەڕووی شمەك. باشترکردنی ئاستی تەکنیکی لە کرداری بەهەم هینان‌دا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری نویێ یان شێوازەکان و ئامرازە تەکنیکیە نوێیەکان دابێت .

> پەیوەندی نێوان ئاستی تەکنیکی لە کرداری بەرهەم هێنان دا و بڕی خستنەڕوو پەیوەندیەکی راستەوانەیە .

٣. نرخی بنەماکانی بەرهەم هێنان: Inputs prices

لەکاتی بەرزبوونەوە (یان نزم بوونـەوە)ی نرخـی بنـەماکانی بەرهـەم هێنـانی هەرشمـەکێك, دەبێتـە مایـەی نـزم بوونـەوە(یـان بەرزبوونـەوە)ی تێچوونی بەرهەم دواتر زیـادبوونی (یـان کـەمبوونی) بـڕی خـستنە روو لـەم شمەکە.

> پەیوەندی نێوان نرخی بنەماکانی بەرهەم هێنان وبڕی خستنەڕوو
> پەیوەندیەکی پێچەوانەیە

٤. باج و کۆمەك: Taxes and Subsidies

زیـاد بـوونی بـاج و ڕەسمـی سـەپێندراو لەسـەر بەرهـەم هێنـەکان, دەبێتە مایەی زیاد بوونی تێچوونی بەرهەم هێنـان ئـەوەش خـستنەڕووەکە کەم دەکاتەوە هەرچەندە دەوڵەت زۆر جار بەمەبەستی هاندانی وەبەرهێنان لەوەرگرتنی باج خۆش دەبێت لەهەندێ لەپرۆژەڵە ئابووریەکان ئـەوەش لـە ئاکامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕی خستنەڕوو چونکە قازانجی ئەم پرۆژانە زیاتر دەبێت.

هـەروەها دەوڵـەت پـەنا دەباتـە بـەر کۆمـەك کردنـی هەنـدێك لـە پیشەسازییەکان بەمەسـتی هانـدانیان بـۆ زیـاتر کردنـی بەرهەمـەکانیان وە دواتـر زیـادبوونی بڕیخـستنەڕوو, چـونکە کۆمـەك کـردن ئەنجامەکـەی کەمکردنەوەی تێچوونە.

> پەیوەندی نێوان باج و بڕی خستنەڕوو پەیوەندییەکی پێچەوانەیە

> پەیوەندی نێوان کۆمەك و بڕی خستنەڕوو پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە

هاوسەنگی کارلێکردن (خواست و خستنەڕوو)

Equilibrium: The Interaction between Supply and Demand

هەر بازاڕێك بە بازاڕێكی تەواو دانانرێت, بەكرداریش نابێتـە بـازاڕ بـۆ ساغ كردنەوەی هەرشمەكێك، مەگەر بەكارلێكردنی خواست نەبێت كە خۆی دەنوێنێت لە ئارەزوو توانستی بەكاربـەر بـۆ كـڕینی شمـەكێك بـە نرخێكـی دیاری كراو, وە بەكارلێكردنی خستنە ڕووی نەبێت كە خۆی دەنوێنێـت لـە توانست وئارەزووی بەرهەم هێن بۆ خستنە رووی ئەم شمەكە لە بـازاڕدا بـە مەبەستی فرۆشتنی بە نرخێكی دیاری كراو, ئەمەش مانای وایە كە فاكتـەری سەرەكی بۆ بازاڕ بریتیە لەكارلێك كردن وئاوێتـەبوونی هێزەكانی خستنـەروو لەگەڵ هێزەكانی خواست، ئەمەش نرخێكی دیاریكراو لێ دەكەوێتەوە بۆ ئەو شمەكەی كەلـەبازاڕدا دەفرۆشـرێت. بـۆ ڕوون كردنـەوەی بیرۆكـەی كارلێـك كردنی هێزەكانی خستنەڕوو لەگەڵ هێزەكانی خواست لە بازاڕی شمـەكێكی دیاری كراودا. گریمان ئەم خشتـەیەی خـوارەوە تیایـدا بڕەكـانی خواسـت و بڕەكانیخستنـەڕوو لەچەند ئاستێكی جیاوازی نرخدا پیشان دەدات .

نرخ (ن)	بڕی خستنەروو (ب. خس)	بڕی خواست (ب.خو)	بـازاڕ
١٠	١٠٠٠	٢٠٠	٨٠٠ (زێدەیی)
٨	٨٠٠	٤٠٠	٤٠٠ (زێدەیی)
٦	٦٠٠	٦٠٠	٠ (هاوسەنگ)
٤	٤٠٠	٨٠٠	— ٤٠٠ (كورتی)
٢	٢٠٠	١٠٠٠	— ٨٠٠ (كورتی)

لـه خـشتـەکەدا تێبـینی دەکرێـت لـە نرخـی ($١٠) دۆلار خـستنە ڕووی شمەکەکە زۆر زیاترە لە بڕی خواست, واتە خستنە ڕووەکـە بـە بـڕی (٨٠٠) یەکە زێدەیە, ئەمەش مانای ئەوەیە بەرهەم هێن ناتوانێت بڕی خـستنە ڕوو بەم نرخـە بفرۆشـێت, چـونکە بـەکار بـەر ئـەم نرخـە بەبـەرز دادەنێـت, وە بەرهەم هێن بەم رەوشە قایل نیە, چونکە ئەم زێدەیە بەتێپـەڕبوونی کـات کەڵەکە دەبێت, بۆیە ئەگەر بەرهەم هێن ویستی بڕێکی زۆرتر لـە شمەکەکـە بفرۆشێت" پێویستە نرخەکەی دابـەزێنێت دەبێتە مایـەی زیـاد بـوونی بـڕی خواسـت لـەم شمەکـە, تادەگاتـە حاڵـەتی هاوسـەنگی . هـەروەها تێبینـی دەکرێت لە نرخی (٦) $ کە بڕی خواست لە شمەکێکدا یەکسانە بە بڕەکەی لەخـستنەڕوودا, ئەمـەش مانـای وایـە بـازاڕی ئـەم شمەکـە لـە حاڵـەتی هاوسـەنگیە, وە نرخـی (٦) $ نرخـی هاوسـەنگیە, وە بـڕی (٦٠٠) بـڕی هاوسەنگیە.

گریمان ئەو شمەکەی خراوە تـە ڕوو لـە بـازاڕدا نرخەکـەی(٢) دۆلارە دەبیـنین بـڕی خواسـت زۆرە (١٠٠٠) یەکەیـە وەك لـە خـشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە . بەڵام بڕی خستنەڕووی کەمە (٢٠٠) یەکەیە ئەمەش مانای وایە تووشی کـەمی خـستنە ڕوو (یـان کـورتی هێنـانی خـستنەڕوو) زێدەکی لـە خواستدا هاتووە وە بۆ ئەوەی بەرهەم هێن پشتگیری بازاڕ بکات بە یەکـەی زێدەکی لە شمەکەکە بۆ دابین کردنی پێویستی خواست پێویستە نرخ بـەرز بکاتەوە هاوکات سەر لە نوێ دەگاتە حاڵەتی هاوسەنگی.

دەکرێ حاڵـەتی هاوسـەنگی بـە وێنـە ڕوون بکرێتـەوە بـەم شـێوەی خوارەوە :



حاڵەتی هاوسەنگی لە بازاڕی شمەکە جیاوازەکاندا لە ژێر گـۆڕان دان وە نـرخیش بـەردەوام جـێگیر نیـە, هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو گۆڕانکاریانەی لە میکانیزمی بازاڕ ڕوودەدەن، بە تایبەتی گۆڕانکاریەکان لە بـارودۆخی خـستنە ڕوو و خواسـتدا , ناهاوسـەنگی وگۆڕانکاریـەکان کـە لـە بـازاڕی شمەکێکـدا ڕوودەدەن لەئـەنجامی گۆڕانکاریـەکانی خواسـت و خستنەڕوو دا وەیان هەردووکیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

لە ئەنجامدا خستنەڕوو کەم دەکات لەم حاڵەتەدا نرخ بەرز دەبێتەوە:

> کاتێك: بڕی خواست ب.خو> بڕی خستنەڕوو ب.خس ← نرخ بەرز دەبێتەوە

١.چەند هێزەکانی خواست گەورەتر بێت لەهێزەکانی خستنەڕوو لە ئەنجامدا ئەوەندە کەمی (کورتی)خستنەڕووی لێدەکەوێتەوە ،لەم حاڵەتەدا نرخ بەرزدەبێتەوە

٢.چەند هێزەکانی خستنەڕوو گەورە تر بێت لە هێزەکانی خواست لە ئەنجامـدا ئەوەنـدە زێـدەیی لـە خـستنەڕوودا دێتەکایـەوەو ،نـرخ بـەرەو کەمبوونەوە لار دەبێتەوە .

کاتێك: بڕی خستنەڕوو ب.خس > بڕی خواست ب.خو ← نرخی نزم دەبێتەوە

٣. بەڵام ئەگەر هـاتوو لێـرەدا هێزەکـانی خواسـت و خـستنە ڕوو بـۆ بازاڕی شمەکێك لە حاڵەتی یەکسانی دابـوون ئـەوا نـرخ جـێگیر و چەسـپاو دەبێت هاوسەنگی دێتە ئاراوە کاتێك:

کاتێك: بڕی خواست ب.خو = بڕی خستنەڕوو ب.خس ← هاوسەنگی

بەشی چوارەم

نەرمی نواندن

ELASTICITY

نەرمی نواندن: بە شێوەیەکی گشتی بە مانای ڕادەی وەڵام دانەوە بۆ گۆڕان لە شتێکدا —نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری، بە مانای ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواستە لە شمەکێکدا لەئەنجامی گۆڕان لە نرخەکەیدا, (نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری بە مانای ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواستە لە شمەکێکدا لە ئەنجامی گۆڕان لە داهاتدا).

بەشی یەکەم

نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری

PRICE ELASTICITY OF DEMAND

وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە کەوا دەقی یاسای خواست ئاماژە بە بوونی پەیوەندیەکی پێچەوانەیی دەکات لە نێوان گۆڕان لە نرخی شمەکێکدا وە گۆڕان لە بڕی خواستەکەیدا.بەڵام ئەم یاسایە ئاماژە بە ڕادەی یان ڕێژەی گۆڕانەکە ناکات وە یاخود بە ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواستەکە ناکات لە ئاکامی گۆڕان لە نرخی شمەکەکە, واتا یاسای خواست ڕادەی یان ڕێژەی ئەم زێدەییە ڕوون ناکاتەوە بۆیە پێویستە ئامرازێك هەبێت بۆ پێوانی ڕێژەی گۆڕان بۆ بڕی خواست لە شمەکەکاندا لە ئەنجامی گۆڕان لە نرخەکانیاندا بەڕێژەیەکی دیاری کراو لێرەدا چەمکی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری هاتۆتە کایەوە.

بۆ ڕوون کردنەوەی چەمکی ئەم نەرمی نواندنەو شێوەکانی ئەم نمونەی خوارەوە دەهێنینەوە بۆ ئاسان کردنی بیرۆکەی نەرمی نواندنی خواست.

گریمان دانیشتوانی شاری هەولێر مامەڵە بە پێنج جۆرە شمەکەوە دەکەن بە بڕ و نرخێکی دیاری کراودا . وا دادەنێین نرخەکانی هاوسەنگ بوون لەم بازاڕەدا کەم بوونەوە . ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بڕی خواست دا ڕوو دەدەن چەندە؟

شەکر		گوڵی جوانکاری		سێو		خوێ		کراسی زستانە	
ن	ب.خو	ن	ب.خو	ن	ب.خو	ن	ب.خو	ن	ب.خو
١٠	١٠٠	١٠	١٠٠	١٠	١٠٠	١٠	١٠٠	١٠	١٠٠
٦	١١٠	٦	١٨٠	٦	١٤٠	٦	١٠٠	١٠	١٠

لە نمونە ی سەرەوەدا تێبینی دەکەین کە ئەو گۆڕانکاریانەی لە پێنج شمەکەکاندا ڕووی داوە جیاجیان هەر چەندە ئێمە بە ئەنقەست نرخەکەمان بە هەمان ڕێژە گۆڕیوە.

کەمبوونەوە ی نرخی شەکر لە (١٠) دینار بۆ (٦) دینار بوە مایەی گۆڕانی بڕی خواست لە (١٠٠) یەکە بۆ (١١٠) یەکە ئەمەش مانای وایە ڕێژەی گۆڕان لە بڕی خواست کەمترە لە ڕێژەی گۆڕان لە نرخدا ئەوەش بەڵگەیە کە گۆڕانکاریەکانی بڕەکە نەرمی نانوێنێت بەرامبەر بە گۆڕانکاری لە نرخ, ئەوەش بەڵگەیە کە شەکر شمەکێکی پێوستە.

بەڵام دابەزینی نرخی گوڵی جوانکاری لە (١٠) دینار بۆ(٦) دینار بڕی خواست زیادی کرد لە (١٠٠) یەکە بۆ (١٨٠) یەکە ئەوەش بەڵگەیە کە بڕەکان بە ڕێژەیەکی گەورە گۆڕان واتا خواست لەسەر گوڵی جوانکاری

نەرمی نواندنەکەی زۆرترە چونکە شمەکێکی جوانکاریەو بڕی خواست تەنها بە دابەزینی نرخەکەی زیاد دەبێت.

سەبارەت بە نرخی سێو تێبینی دەکەین بڕی خواست گۆڕاوە بە هەمان ڕێژەی گۆڕانی لە نرخدا چونکە شمەکەکە شوێن گرەوەی هەیە لە بازاڕدا.

بەڵام شمەکی (خوێ) هەرچەندە نرخەکەی دابەزیوە لە (١٠) دینار بۆ (٦) دینار کەچی بڕی خواستی نەگۆڕە واتا خواستەکە بۆخوێ بێ نەرمی نواندنە، چونکە لەلایەکەوەنرخەکەی بەشێکی گەورە لە داهاتی بەکاربەر پێك ناهێنێت لەلایەکی تریشەوە بنەڕەتییە.

وە سەبارەت بە کراسە زستانییەکان بەم گریمانەی کە نرخەکەی نەگۆڕە . بەڵام بڕی خواستی گۆڕاوە لە (١٠٠) یەکە لە وەرزی هاوین بۆ (١٠) یەکە لە وەرزی زستان بە مانای خواستی نەرمی نواندنەکەی بێ کۆتاییە .

لەم نمونە ی سەرەوەدا دەگەینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

نەرمی نواندن پەیوەندی بەڕادەی یان ڕێژەی گۆڕان هەیە لە بڕدا، کەواتا نەرمی نواندن پێوانەیە بۆ راددەی وەڵام دانەوەی بڕی خواست لە شمەکێکی دیاری کراو بۆ گۆڕان ئەویش ئەگەر هۆکارە کاریگەرەکە گۆڕا شایانی باسە ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر خواست وەك زانیومانە ئەمانەن:—

نرخی شمەکەکە خۆی, نرخی شمەکەکانی تر, داهاتی نەختینەی بەکاربەر، حەزی بەکاربەر لەمەوە پێناسەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری:

ڕادەی یان ڕێژەی گۆڕانە کە لە بڕی خواستی شمەکێکدا ڕوودەدات لە ئەنجامی گۆڕان لە نرخەکەیدا لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە

چۆن ئەم نەرمی نواندنە دەپێودرێت؟

هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری دەپێورێت بە پێ ی ئەم یاسایە ی خوارەوە:

هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری = گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواست / گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا

یان

هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواست=	$\frac{\Delta \text{ ب. خوا}}{\Delta \text{ ن}}$	=	$\frac{\text{ب}^{٢}-\text{ب}^{١}}{\text{ب}١}$	÷	$\frac{\text{ن}^{٢}-\text{ن}^{١}}{\text{ن}١}$	

بڕە خواستەکانی یەکەمە: ب١

بڕە خواستەکانی دووەمە: ب٢

نرخی یەکەمە: ن١

: نرخی دووەمە : ن٢

ڕادەی نەرمی نواندنی خواست: نە. خواست

گۆڕان لە بڕی خواست: Δ ب. خواست

گۆڕان لە نرخ: Δ ن

تێبینی: هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیر نیگەتیڤە (−) چونکە ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندیە بنەڕەتییە لە نێوان بڕی خواستی شمەکێك لەکەڵ نرخەکەیدا ئەوەش پەیوەندیەکی پێچەوانەییە.

شێوەکانی (جۆرەکانی) نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری

شمەك و خزمەت گوزاریەکان جیاوازیان هەیە لە ڕووی گرنگی و پێویستیان سەبارەت بە بەکاربەرەوە، بۆیە ئەو گۆڕانکایانەی کە لە نرخی شمەکەکان ڕوودەدات دەبێتە مایەی گۆڕانی بڕی خواستەکانیان بە ڕێژەی جیاجیا ئەوەش ڕوون دەبێتەوە لەمیانەی شێوەکانی نەرمی نواندنی نرخگیریدا وەك لە خوارەوەدا هاتووە:−



شێوەکانی نەرمی نواندنی خواست

أ− چەماوەی خواستی نەرمی نواندنی (بێ کۆتایی)
ب−چەماوەی خواستی (نەرمی نواندن)
ج− چەماوەی خواستی (هاوتایی)
د− چەماوەی خواستی (نەرمی نواندنی کەم)
ھ− چەماوەی خواستی (بێ نەرمی نواندن)
(نەرمی لەباردا نەبوو)

١− خواستی بێ نەرم نواندن(نەرمی لەباردانەبوو) Perfectly Inelastic Demand

واتا هەر گۆڕانێك لە نرخ نابێتە مایەی گۆڕان لە بڕی خواست.

خەسڵەتەکانی:

- پلەی یان هاوکۆلکەی نەرمی نواندن =صفر (هیچ).
- نرخ دەگۆڕێت وە بڕی خواست نەگۆڕە.
- چـەماوەی خواسـت شـێوەی هێڵێکـی ڕاسـتی تـەریب بـە تـەوەری نرخدا وەردەگرێت.

ئـەو جـۆرە شمەکانـەش دەگرێتـەوە کـە بـڕی خواسـتیان ناگۆڕێـت هەرچەندە نرخیان بگۆڕێت وەك ((خویٚ چێشت, دەرمان)).

نمونە :-

نرخ ن	بری خواست ب. خوا p
١٠	١٢
٨	١٢

وە

ب٢ = ١٢ ، ب١ = ١٢ ، ن٢ = ٨ ، ن١ = ١٠

شیکار:-

$$= \frac{\text{بری دووەم-بری یەکەم}}{\text{بری یەکەم}} \div \frac{\text{نرخی دووەم} - \text{نرخی یەکەم}}{\text{نرخی یەکەم}}$$

$$\text{هـ خ} = \frac{\text{ب٢-ب١}}{\text{ب١}} \div \frac{\text{ن٢-ن١}}{\text{ن١}}$$

$$\text{ن.خو} = \frac{١٢ - ١٢}{١٢} \div \frac{٨ - ١٠}{١٠} = \frac{٠}{١٢} \div \frac{-٢}{١٠} = \frac{٠}{١٢} \times \frac{١٠}{-٢} = \text{سفر}$$

چەماوەی خواستی بێ نەرمی نواندن (نەرمی لەباردانەبوو)



٢- خواستی کەم نەرمی نواندن ((نەرمی نواندنی کەم))Inelastic Demand

واتا گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواست دا کەمترە لە گۆڕانی ڕێـژەیی لـە نرخ دا.

خەسڵەتەکانی:

- گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواست دا کەمترە لە گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا .
  ن٪ Δ > ب. خو Δ٪
- هاوکۆلکەی یان پلەی نەرمی نواندنی خواست کەمترە لە (یەك ژمارەی تەواو).
- چەماوەی خواست زۆر لار دەبێتەوە نزیکترە لە هێڵێکی ڕاست کە تـەریب دەبـێ بۆ تەوەری ستوونی.

وە نمونە بۆ ئەم جۆرە شمەکە پێویستانە ((نان, خزمەت گوزاری پزیشکایەتی))

نمونە :

ن	ب. خو
١٠	١٤
٨	١٥

ب٢ = ١٥ ، ب١ = ١٤ ، ن٢ = ٨ ، ن١ = ١٠

شیكار:-

$$\text{ه خ} = \frac{\text{ب٢} - \text{ب١}}{\text{ب١}} \div \frac{\text{ن٢} - \text{ن١}}{\text{ن١}}$$

$$\text{نه.خو} = \frac{\text{١٥} - \text{١٤}}{\text{١٤}} \div \frac{\text{٢-}}{\text{١٠}} = \frac{\text{١}}{\text{١٤}} \times \frac{\text{١٠}}{\text{٢}} = \text{٠,٣٥٧}$$

وێنەی بە داتایی نواندن

چەماوەی خواستی کەم نەرمی نواندن



٣. خواستی هاوتایی ((نەرمی نواندنی ژمارە یەك)):

Unitary Elasticity Demand

گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواستدا = گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا

خەسڵەتەکانی:

- هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری یەکسانە بە یەك ژمارەی تەواو.
- چەماوەی خواست لە شێوەی هێڵی ناوەراستە لە نێوان هەردوو تەوەری ستوونی و ئاسۆییدا.

نموونەیی ئەم جۆرە شمەکانەش ئەوانەن کەشوێن گرەوەیان هەیە لە بازاڕدا(خانوو, ڕادیۆ).

نمونە :-

ن	ب. خو
٨	١٦
٦	٢٠

ب٢ = ٢٠ ، ب١ = ١٦ ، ن٢ = ٦ ، ن١ = ٨

شیکار:-

$$\text{ه خ} = \frac{\text{ب٢} - \text{ب١}}{\text{ب١}} \div \frac{\text{ن٢} - \text{ن١}}{\text{ن١}}$$

$$\text{نه.خو} = \frac{\text{٢٠} - \text{١٦}}{\text{١٦}} \div \frac{\text{٦} - \text{٨}}{\text{٨}} = \frac{\text{٤}}{\text{١٦}} \div \frac{\text{-٢}}{\text{٨}} = \frac{\text{٤}}{\text{١٦}} \times \frac{\text{٨}}{\text{-٢}} = \text{١}$$

چەماوەی خواستی هاوتایی



٤. خواستی نەرم نواندن: Elastic Demand

گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواستدا گەورەترە لە گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا.

خەسڵەتەکانی:

- هاوکۆلکەی نەرمی نواندن گەورەترە لە یەك ژمارەی تەواو.
- چەماوەی خواست کەمێك لار دەبێتەوە، وە نزیکترە بۆ تەوەری ئاسۆیی.

نموونەش بۆ ئەمانە شمەکە جوانکارییەکان دەگرێتەوە ((ژەمەکانی خواردن لە چێشتخانە, ئۆتۆمۆبیلەکان)).

نمونه :-

ب. خو	ن
١٥	٨
٢٥	٦

ن١= ٨ ، ن٢= ٦ ، ب١ = ١٥ ، ب٢ = ٢٥

شیكار:-

$$\text{هـ خ} = \frac{ب_2 - ب_1}{ب_1} \div \frac{ن_2 - ن_1}{ن_1}$$

$$= \frac{٢٥-١٥}{١٥} \div \frac{٦-٨}{٨} = \frac{١٠}{١٥} \div \frac{-٢}{٨} = ٢٫٦٦$$

واتا هەر گۆڕانێك لە نرخ بە ڕێژەی ١٪ گۆڕان لە بڕە خواستەكانی بە ڕێژەی ٢,٦٦٪ ی بە دوادا دێت

وێنەی بە داتا نواندنی

چەماوەی خواستی نەرمی نواندن



٥. خواستی نەرمی نواندنی بێ کۆتایی: Demand Elastic Perfectly

بەچاوپۆشین لە هێما نەرمی نواندنی خواست یەکسانە بۆ بێ کۆتایی.

خەسڵەتەکانی:

- بڕی خواست گۆڕاوە وە نرخ ((نەگۆڕە))
- چەماوەی خواست هێڵێکی ڕاستە و تەریبە بۆ تەوەری بڕی خواستەکان.
- هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری یەکسانە بۆ بێ کۆتایی ، نمونەش بۆ ئەمانە شمەکە وەرزیەکان دەگرێتەوە بۆ نمونە بڕەکانی خواست کەم دەبێتەوە لە پۆشاکی هاوینی لە وەرزی زستاندا بە چاوپۆشین لە نرخەکان .

نمونە :-

ب. خو	ن
٧	٥
٨	٥

ب٢ = ٨ ، ب١ = ٧ ، ن١ = ٥ ، ن٢ = ٥

$$\frac{\text{ب٢} - \text{ب١}}{\text{ب١}} \div \frac{\text{ن٢} - \text{ن١}}{\text{ن١}}$$

شیکار:-

$$= \frac{٨ - ٧}{٧} \div \frac{٥ - ٥}{٥} = \frac{٠}{٥} = \frac{١}{٧} \times \frac{٥}{٠} = \infty \text{ بێ کۆتایی}$$

چەماوەی خواستی نەرمی نواندنی بێکۆتایی



شێوەکانی نەرمی نواندنی خواستی نرخگیری پوخت کراوەتەوە بە پێ ئەم خـشتەیەی خوارەوە:

بارەکانی خواست	گۆڕانی ڕێژەیی	جۆری نەرم نواندن
١ < |نە.خو|	ن Δ٪ < ب. خوΔ٪	خواستی نەرم نواندن *Elastic*
١ > | نە.خو |	ن Δ٪ > ب. خوΔ٪	خواستی کەم نەرمی نواندن *Inelastic*
١ = | نە.خو |	ن Δ٪ = ب. خوΔ٪	خواستی نەرمی نواندنی ژمارە یەك *Unitary Elastic*
سفر = ن خ	بڕە خواستەکان وەلامی گۆڕانەکان لە نرخدا نادەنەوە	خواستی بێنەرمی نواندن. *Inelastic Demand*
بێ کۆتایی بوون ∞= نە.خو	بڕە خواستەکان بەڕادەیەکی گەورە وەلامی گۆڕانەکان لە نرخدا دەدەنەوە	خواستی نەرمی نواندنی بێ کۆتایی بوون *Perfectly Elastic*

***تێبینی**:- پێویستە بەهای ڕەهای (\|نە.خو\|)وەربگیرێت ،واتە نیشانە سالبەکە فەرامۆش دەکرێت چونکە پەیوەندیەکە پێچەوانەیە .

نەرمی نواندنی خواستی یەکتر بڕی
Cross Elasticity of Demand

ئەم جۆرە نەرمی نواندنە تایبەتە بە ڕادەی کاریگەری بڕی خواست لە شمەکێکدا بەو گۆڕانکاریانەی کە لە نرخی شمەکە پێوەبەستراوەکانی ڕوودەدات واتا:

> **نەرمی نواندنی خواستی یەکتربڕی:**
> ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواستە لە شمەکێکدا بۆ ئەو گۆڕانەی لە نرخی شمەکە پێوەبەستراوەکانی ڕوودەدات. لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە نە گۆڕاوی.

ئەم نەرمی نواندنە بە پێ ی ئەو یاسایەی خوارەوە پێوانە دەکرێت:

$$\text{نەرمی نواندنی خواستی یەکتربڕی} = \frac{\text{گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خواست لە شمەکێکدا}}{\text{گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخی شمەکە پێوە بەستراوەکان}}$$

وە ئەم ڕێسا گشتیەی کەوا لە میانەی دا دەکرێ سروشتی پەیوەندی نێوان شمەکە پێوە بەستراوەکان لێك جیابکاتەوە, ئایا تەواو کەرن یان شوێن گرتووەکانن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

> ئەگەر هێمای نەرم نواندنی خواستی یەکتربڕی نێگەتیڤ (−) بوو، ئەوا مانای ئەم دوو شمەکە تەواوکەری یەکترن.

وە

> ئەگەر هێمای نەرم نواندنی خواستی یەکتربڕی پۆزەتیڤ (+) بوو، ئەوا مانای ئەم دوو شمەکە شوێن گرەوەی یەکترن.

بەمەبەستی ڕوون کردنەوە ئەم دوو نمونەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

نمونە :-

گریمان نرخی یەك كیلۆگرام چا بە ڕێژەی ٢٠٪ بەرز بۆوە لە ئەنجامدا بووە هۆی کەمبوونەوەی ئەو بڕە شەکرەی کە بەکاربەران دەیکڕن بەڕێژەی ٣٠٪ . بەم پێیە دەكرێ نەرمی نواندنی یەکتربڕی لە نێوان ئەم دوو شمەکە بەم شێوەیەی خوارەوە حیساب بکەین.

X: شەکر

Y: چایە

$$EXY = \frac{\%\Delta Qx \text{ شەکر}}{\%\Delta py \text{ چا}} = \frac{\%30-}{\%20+} = -1.5$$

هێمای EXY نێگەتیڤە (−) بۆیە ئەم دوو شمەکە تەواوکەری یەکترن.

نمونەی (٢):

گریمان نرخی سێوی هاوردە بەرز بۆوە بەڕێژەی ١٥٪، لە ئەنجامدا بووە هۆی زیاد بڕی سێوی خۆماڵی کە بەکاربەران دەیکڕن بە ڕێژەی ٢٥٪ . بەم پێیە دەکرێ نەرمی نواندنی یەکتربڕی لە نێوان ئەم دووشمەکە بەم شێوەیەی خوارەوە حیساب بکەین.

X: سێوی خۆماڵی

Y: سێوی هاوردە

$$EXY = \frac{\%\Delta QX \text{ سێوی خۆجێ یی}}{\%\Delta PY \text{ سێوی هاوردە}} = \frac{\%25}{\%15} = (+)1.67$$

لەبەرئـەوەی هێمـای EXY پۆزەتیڤـە (+) بۆیـە هـەردوو شمەکـە شـوێن گرەوەی یەکترن .

* **تێبینی:** ئەگەر نـەرمی نوانـدنی خواسـتی یـەکتربڕی یەکسان بێت بـە سفر واتا سفر = Exy سفر ئەوا شمەکەکە سەربەخۆیە یا خود هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نیە.

نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری:
Income Elasticity of Demand

ئەم نەرمی نواندنە پەیوەستە بە ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواسـت لـە شمەکەکانـدا لـە ئـەنجامی ئـەو گۆڕانکاریانـەی ڕوودەدات لـە داهـاتی بەکاربەردا لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە نـەگۆڕاوی — وە پێناسـەکەی بەم شێوەیە:

نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری: ڕادەی وەڵام دانەوەی بڕی خواستە لـە شمەکێکـدا لـە ئـەنجامی گـۆڕانی داهـاتی بەکاربـەر لەگـەڵ مانـەوەی هۆکارەکانی تر بەنەگۆڕی

ئەم نەرمی نواندنە وەك لە خوارەوەدا هاتووە هەژمار دەكرێت بە پـێی ئـەو یاسایە

$$\text{هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری} = \frac{\text{گۆڕانی ڕیژەیی لە بڕی خواست}}{\text{گۆڕانی ڕێژەیی لە داهاتی بەکاربەر}}$$

یان

$$\text{نه.د} = \frac{\text{ب}_{٢} - \text{ب}_{١}}{\text{ب}_{١}} \div \frac{\text{د}_{٢} - \text{د}_{١}}{\text{د}_{١}}$$

نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری: eI

گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕە خواستەکان: $\%\Delta Qd$

گۆڕانی ڕێژەیی لە داهات: $\%\Delta I$

هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری نێگەتیڤ دەبێت یان پۆزەتیڤ، بۆ ئەوەی شمەکی سادە پێویستەکان و جوانکاریەکان و ئاست نزمەکان لێك جیابکرێنەوە.

> ئەگەر هێمای نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری پۆزەتیڤ بوو(+) ئەوا ئەو شمەکە لە سادەکانە وە ئەگەر هاوکۆلکەی نەرمی نواندنەکە گەورەتر بوو لە یەك ژمارەی تەواو ئەوا شمەکێکی جوانکاریە

نمونە (١):

گریمان بەکاربەرێك (٨) یەکە لە شمەکی (X) بەکاردەبات کاتێك داهاتەکەی (١٠٠) دینار بێت, کە داهاتەکەی زیاد دەکات و دەبێتە (١٥٠) دینار بەکاربردنی زیاد دەکات لە شمەکی (X)وە دەبێتە (٢٠) یەکە ئایا هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری چەندە؟

شیكار :

د١ =١٠٠ ، د٢ = ١٥٠ ، ب١= ٨ ، ب٢= ٢٠

$$eI = \frac{Q2 - Q1}{Q1} \div \frac{I_2 - I_1}{I_1}$$

$$= \frac{20 - 8}{8} \div \frac{150 - 100}{100}$$

$$= \frac{12}{8} \div \frac{50}{100} = +3$$

لێرەدا هێمای نەرمی نواندنەكە پۆزەتیڤە(+) واتە شمەكی (X) لە شمەكە سادەكانە, هاوكۆلكەی نەرمی نواندنەكەی گەورەترە لە یەك ژمارەی تەواو كەواتە شمەكی (X) لە شمەكی جوانكاریەكانە .

وە ئەگەر هێمای نەرمی نواندنەكە پۆزەتیڤ بێت (+) وە هاوكۆلكەی نەرمی نواندنەكە كەمتر بێت لە یەك ژمارەی تەواو لەم حاڵەتەدا شمەكەكە لە پێویستەكانە .

نمونە (٢) :

گریمان داهاتی بەكاربەرێك (١٠٠) دینارە وە بڕی خواستی لە شمەكی (X) (٨) یەكەیە كاتێك داهاتەكەی بەرز بۆوە بۆ (١٥٠) دینار ئەوا خواستی دەبێت بە (١٠) یەكە ئایا هاوكۆلكەی خواستی داهاتگیری چەندە؟

شیکار:

ب$_{٢}$ = ١٠ ، ب$_{١}$ = ٨ ، ل$_{٢}$ = ١٥٠ ، د= ١٠٠

$$eI = \frac{Q_2 - Q_1}{Q_1} \div \frac{I_2 - I_1}{I_1}$$

$$= \frac{10 - 8}{8} \div \frac{150 - 100}{100}$$

$$= \frac{2}{8} \div \frac{50}{100} = \frac{١}{٠,٢} = ٠,٥$$

دەرکەوت هێمای نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری پۆزەتیڤە، واتا شمەکی (X) شمەکێکی سادەیە، وە هاوکۆلکەی نەرمی نواندنەکە کەمترە لە یەك ژمارەی تەواو بۆیە X لەشمەکە پێویستەکانە

> ئەگەر هێمای نەرمی نواندنی خواستی داهاتگیری نێگەتیڤ بوو(−) مانای وایەزیاد بوونی داهات دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی بڕی خواست لەو شمەکە لەم حاڵەتەدا ئەو شمەکەبە ئاست نزم دادەنرێت .

نموونە (٣):

لە کاتی زیاد بوونی داهاتی بەکاربەر لە (٢٠٠) دینار بۆ (٣٠٠) دینار، بڕی خواستەکە لە (١٠٠) یەکە بۆ (٨٠) یەکە کەم بۆوە، ئایا هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی داهاتگیری چەندە؟

شیكار:

ب٢ = ٨٠ ، ب١ = ١٠٠ ، ل٢ = ٣٠٠ ، ل١ = ٢٠٠

$$eI = \frac{Q_2 - Q_1}{Q_1} \div \frac{I_2 - I_1}{I_1}$$

$$\text{el} = \frac{80 - 100}{100} \div \frac{300 - 200}{200}$$

$$= \frac{-2}{100} \div \frac{100}{200} = -0.4$$

ئـەوەش مانـای وایـە شمەكەكـە لـە جـۆری شمەكـە ئاسـت نزمەكانـە (هەرزانـەكان)، چـونكە بەكاربـەر بـڕی خواسـتـەكەی كـەمتر كـردەوە بـە زیادەبوونی داهاتـەكەی.

نەرمی نواندنی خستنە روو
ELASTICITY OF SUPPLY

نـەرمی نوانـدنی خـستنە روو هـیچ جیاوازیـەکی نیـە لـەرووی مانـاوە لەگەڵ نەرمی نواندنی خواست چونکە ئەم چـەمکەش بـریتی یـە لـە رادەی وەلام دانەوەی بری خستنە روو لە ئەنجامی گۆران لەنرخدا.

چۆن نەرمی نواندنی خستە روو دەپێودرێت؟

هاوکۆلکەی نەرمی نوانـدنی خـستنە روو دەپیودرێـت بـە پـی ی ئـەم یاسایەی خوارەوە:

هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خستنە ڕوو = گۆڕانی ڕێژەیی بڕی خستنە ڕوو / گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا

نە.خس = Δب.خس / Δن = (ب.خس٢ − ب.خس١) / بخس١ ÷ (ن٢ − ن١) / ن١

$$E_s = \frac{\%\,\Delta QS}{\%\,\Delta P} = \frac{QS_2 - QS_1}{QS_1} \div \frac{p_2 - p_1}{p_1}$$

دەتـوانین هێمـا بـەکار بهێـنین بـۆ دووبـارە نووسـینەوەی یاسـای نـەرمی نواندنی خستە روو بەم شێوەی خوارەوە:

Es	: هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خستنەڕوو
$\% \Delta Qs$	: گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خستنەڕوو
$\% \Delta P$	: گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا
$Qs_٢$	: بڕی خستنەڕووی دووەم
$Qs_١$	: بڕی خستنەڕووی یەکەم
$P_٢$	: نرخی دووەم
$P_١$	: نرخی یەکەم

نمونە (١) :- بـڕی خـستنە ڕوو لـە شمـەکێك وەك (X) دابـەزی بـە ڕێـژەی(٣٥٪) . لـە ئـەنجامی دابـەزینی نرخـی هـەمان شمـەكٚ بـە ڕێـژەی (٢٠٪).

داواکاری:- ئایا نەرمی نواندنی خستنە ڕووی ئەو شمەکە چەندە؟

وەڵام:- بە بەکارهێنانی یاسای نەرمی نواندنی خستنە ڕوو :

$$Es=\frac{\%\Delta Qs}{\%\Delta P}=\frac{\frac{٣٥}{١٠٠}-}{\frac{٢٠}{١٠٠}-}=١,٧٥$$

تێبینی: هاوکۆڵکەی نەرمی نواندنی خـستنە ڕوو پۆزەتیڤـە (+) چونکە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی بنەڕەتییە کەلە نێوان بـڕی خـستنە ڕووی شمـەکێك لەگـەڵ نرخەکەیـدا هۆیەکـە پەیوەندیـەکی ڕاستەوانەیە

نمونه (٢):- بڕی خستنه ڕوو له شمه‌کی (Y) به‌رز بۆوه له (٣) یه‌که بۆ (٨) یه‌که , ئه‌مه‌ش له ئه‌نجامی به‌رز بوونه‌وه‌ی نرخه‌که‌ی له (٦) دینار بۆ (١٥) دینار.

داواکاری:- نه‌رمی نواندنی خستنه ڕوو ده‌ربهێنه؟

وه‌ڵام: له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بڕی خستنه‌روو به‌رزبووه له‌(٣) یه‌که بۆ (٨) یه‌که، ئه‌وه‌ی نرخه‌که به‌رزبووه له (٦)دینار بۆ (١٥) ب.خس$_٢$= ٨ ب.خس$_١$=٣

ن$_٢$ = ١٥ ، ن$_١$ = ٦

$$\text{نه.خس} = \frac{\text{ب.خس}_2 - \text{ب.خس}_1}{\text{ب.خس}_1} \div \frac{\text{ن}_2 - \text{ن}_1}{\text{ن}_1}$$

$$= \frac{٨-٣}{٣} \div \frac{١٥-٦}{٦} = \frac{٥}{٣} \div \frac{٩}{٦} = \frac{٥}{٣} \times \frac{٦}{٩} = ١,١١$$

جۆره‌کانی نه‌رمی نواندنی خستنه ڕوو :



أ- چه‌ماوه‌ی خستنه‌ڕووی (نه‌رمی نواندنی بێ کۆتایی)

ب- چه‌ماوه‌ی خستنه‌ڕووی (نه‌رمی نواندن)

ج- چه‌ماوه‌ی خستنه‌ڕووی (هاوتایی - ژماره‌یه‌ك)

د- چه‌ماوه‌ی خستنه‌ڕووی (نه‌رمی نواندنی که‌م)

هـ- چه‌ماوه‌ی خستنه‌ڕووی (بێ نه‌رم نواندن)

نه‌رمی نواندنی خستنه روو ده‌گۆڕێت به‌پێ ی جۆری شمه‌ك , به واته‌یه‌کی تر پله‌ی نه‌رمی نواندنی خستنه روو پشت ده‌به‌ستێت (تعتمد) به

رادەی گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخی شمەکەکەدا. وەجۆرەکانی نەرمی نواندنی خستنە ڕوو بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- هاوکۆلکەی خستنەڕووی نەرمی نواندن Elastic supply

لەم جۆرەدا گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خستنە ڕوو گەورەتر دەبێت لە گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا, بەم شێوەیە هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خستنە ڕوو گەورەتر دەبێت لە یەك ژمارەی تەواو ($es>١$). بۆ نموونە ئەگەر هاتوو نرخ بەرز بۆوە بە ڕێژەی (١٠٪) , ئەوا بڕی خستنەڕوو بەرزدەبێتەوە بە ڕێژەی (١٥٪)

نموونە : بەرهەمە پیشەسازیەکان

خەسلەتەکانی:

١- گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خستنە ڕوو > گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخدا.

٢- هاوکۆلکەی نەرمی نواندن گەورەترە لە یەك ژمارەی تەواو.

٣- چەماوەی خستنە ڕوو کەمێك لارە

نموونەی داتایی

ن	ن. خس
١٠	١٥
١٢	٢٠

شیکار

$$\text{هاوكۆلكەی نەرمی نواندنی خستنەروو} = \frac{\text{بری خستنەرووی (٢)-بری خستنەرووی(١)}}{\text{بری خستنەرووی (١)}} \div \frac{\text{نرخی(٢)-نرخی(١)}}{\text{نرخی(١)}}$$

$$= \frac{١٥-٢٠}{١٥} \div \frac{١٠-١٢}{١٠} = \frac{٥}{١٥} \div \frac{٢}{١٠} = \frac{٥}{١٥} \times \frac{١٠}{٢} = \frac{٥}{٣} = ١,٦٦$$

وێنەی داتایی:



١- هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خستنەڕووی بێ کۆتایی:

Perfectly Elastic Supply

حالەتێکی دەگمەنە چونکە بڕێکی زۆر بۆ فرۆشتن دەخرێتە ڕوو کە چی لە بەرامبەردا هیچ وەڵام دانەوەیەکی لە نرخ دا نادرێتەوە واتە نرخ هەروەك خۆی دەمێنێتەوە کەواتە خستنە رووی نەرمی نواندنی بێ کۆتایی مانای وایە گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خستنە روو گەورەیە کەچی گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخ دا یەکسانە بە سفر .

خەسلەتەکانی:

١. ڕێژەیی گۆران لەنرخ دا یەکسانە بە صفر .

٢. هاوکۆلکەی نەرمی نواندنی خستنە ڕوو = ∞ .

٣. چەماوەی خستنەڕوو هێڵێکی ڕاستەو تەریبە بۆ تەوەری ئاسۆیی.

نموونە :

ب. خس	ن
٢٠	١٠
٥٠	١٠

شیكار:

$$\infty = \frac{٣٠}{٠} = \frac{١٠}{٠} \times \frac{٣٠}{٢٠} = \frac{٠}{١٠} \div \frac{٣٠}{٢٠} = \frac{١٠ - ١٠}{١٠} \div \frac{٢٠ - ٥٠}{٢٠}$$

وێنەی داتایی



هاوكۆڵكەی نەرمی نواندنی خستنەڕووی بێ كۆتایی

٣. هاوكۆلكەی خستنەرووی (نەرمی نواندنی كەم):

Inelastic Supply

دابەزینی زۆر لە نرخدا دەبێتە هۆی ئەوەی كە بڕی خستنەڕوو بەرێژەیەكی كەمتر بێت وەك بەروبومە كشتوكاڵیەكان .

خەسلەتەكانی:

- گۆڕانی رێژەیی لە بڕی خستنەڕوو كەمترە لە گۆڕانی رێژەیی لە نرخ دا.
- هاوكۆلكەی یا پلەی نەرمی نواندنی خستنەڕوو كەمترە لە (یەك ژمارەی تەواو)
- چەماوەی خستنەڕوو زۆر لار دەبێتەوە، وە نزیك ترە لە هێڵێكی ڕاست كە تەریب دەبێ بۆ تەوەری ستوونی

نموونە :

ب. خس	ن
١٥	١٠
١٦	١٢

شیکار:

$$٠,٣٣ = \frac{١}{٣} = \frac{١٠}{٢} \times \frac{١}{١٥} = \frac{٢}{١٠} \div \frac{١}{١٥} = \frac{١٠ - ١٢}{١٠} \div \frac{١٥ - ١٦}{١٥}$$

وێنەی داتایی:



٤. هوکۆلکەی خستنەڕووی نەرمی نواندنی هاوتا:

Unitary Elastic Supply

گۆڕانی ڕێژەیی لە بڕی خستنەڕوو تێدا = گۆڕانی ڕێژەیی لە نرخ دا.

خەسلەتەکانی:

- گۆڕانی ڕێژەیی لەبڕدا یەکسانە بەگۆڕانی ڕێژەیی لەنرخدا .
- هاوکۆلکەی نواندنی نەرمی خستنەڕوو تێدا یەکسانە بە یەك ژمارەی تەواو.

- چەماوەی خستنە ڕوو لە شێوەی هێڵی ناوەڕاستە لە نێوان تـەوەرەکانی ستوونی و ئاسۆیی دا

نموونە :

ن	ب. خس
٤	٤٠
٦	٦٠



شیکار:

$$\frac{٦٠ - ٤٠}{٤٠} \div \frac{٦ - ٤}{٤} = \frac{٢٠}{٤٠} \div \frac{٢}{٤} = \frac{٢٠}{٤٠} \times \frac{٤}{٢} = ١$$

٥. هاوکۆلکەی خستنەڕووی بێ نەرمی نواندن: Perfectly Inelastic

واتا هەر گۆڕانێك لە نرخ نابێتە مایەی گۆڕان لە بڕی خستنەڕوو دا.

خەسلەتەکانی

- پلەی یان هاوکۆلکەی نەرمی نواندن= سفر
- نرخ دەگۆڕێت وە بڕی خستنە ڕوو نەگۆڕە .

- چـەماوەی خـستنەڕوو شـێوەی هێڵێکـی ڕاسـت تـەریب بـۆ تـەوەرەی نرخ(ستوونی) .

نموونە :

ن	ب. خس
٢	٢
٥	٢

شیکار:

$$\frac{٢-٢}{٢} \div \frac{٥-٢}{٢} = \frac{\text{سفر}}{٢} \div \frac{٣}{٢} = \frac{\text{سفر}}{٢} \times \frac{٢}{٣} = \text{سفر}$$



چەماوەی خستنەڕووی بێ نەرم نواندن

جۆرەکانی نەرمی نواندنی خستنەڕوو

پلەکانی نەرمی نواندن	گۆڕانی ڕێژەیی	جۆرەکانی خستنەڕووی نەمی نواندن
١ > ب.خس	Δ%ب. خس Δ % > ن	خستنە ڕووی نەرمی نواندن Elastic
١ < ب.خس	Δ%ب. خس Δ % > ن	خستنەڕووی کەم نەرمی نواندن Inelastic
١ = ب.خس	Δ%ب. خس Δ % > ن	خستنە ڕووی نەرمی نواندنی هاوتا Unitary Elastic
٠ = ب.خس	بڕی خستنە ڕوو وەڵامی گۆڕانەکان لە نرخ نادەنەوە	خستنەڕووی بێ نەرمی نواندن Inelastic Demand
∞ = ب.خس	بری خستنەڕوو بەڕادەیەکی گەورە وەڵامی گۆڕانەکان لە نرخدا دەدەنەوە	خستنەڕووی نەرمی نواندنی بێ کۆتایی Perfectly Elastic

بەشی پێنجەم

بیردۆزی ڕەفتاری بەکاربەر

CONSUMER BEHAVIOR

کەرتی بەکاربردن گرنگترین کەرتەکانی ئابووریە لە کۆمەڵگادا. وە یەکێکە لە پێکهاتووە سەرەکیەکانی خواستی هەمووەکی لە ئابووری دەوڵەتاندا. بۆیە بیردۆزی ئابووری بایەخ و گرنگی داوە بەخواستی بەکاربەر و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕەفتاری.

توێژینەوەکان ئەم ڕەفتارە بە ژیریی و هۆشمەندانە لێك دەدەنەوە چونکە ناتوانێت هەموو ئارەزووەکانی بەکاربەر پڕبکاتەوە بەهۆی سنووردارییی داهاتەکەی. بۆیە کاتێك داهاتە نەختینەکەی خەرج دەکات ئەوا بە هۆشیاریەوە کردارەکە ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین ئارەزووەکانی پڕبکاتەوە ((Satisfaction)) واتا بگاتە لوتکەی کەڵك وەرگرتن.

ئەو هۆکارانەی ڕەفتاری خەرج کردنی بەکاربەر دیاری دەکات:

١- توانستی بەکاربەر بەگۆڕینی ئارەزووەکەی لە بەدەست هێنانی شمەکێ یان خزمەت گوزارییەك بۆ خواستی کاریگەر.

بۆ نموونە کەسێك ئارەزوو دەکات ببێتە خاوەنی ئۆتۆموبیلێکی نوێ، بەڵام کە لە نرخەکەی وورد دەبێتەوە بەرزە هاوکات داهاتەکەی سنووردارە ئەوا ئۆتۆمبیلەکەی پێ ناکرێت و ناتوانێت بە دەستی بهێنێت وە ببێتە خاوەنی، واتا بەدەست هێنانی ئەم ئۆتۆموبیلە نوێیە تەنها ئارەزوویەکە ناچار ئۆتۆموبیلێکی بەکارهاتوو بەنرخێکی کەمتر دەکرێت لێرەدا سەرنج

دەدەین لە حاڵەتی یەکەمدا تەنها ئارەزووە وە لە حاڵەتی دووەمدا بۆتە خواست بۆیە نرخ و داهات لە سنووربەندە سەرەکیەکانی ڕەفتاری بەکاربەرن.

٢- حەزو دەست نیشانکردن Taste and Preferences

ڕەفتاری بەکاربەر جیاوازە لە ڕووی حەز و دەست نیشان کردنی شمەکە جۆراو جۆرەکان چونکە ئەو بەکاربەرەی هەزاران دینار دەدات بۆ کڕینی مافورێکی کۆن، ئەوا ڕەنگدانەوەی حەزو ئارەزوو و دەست نیشان کردنەکەیەتی لەهەمان کاتدا بەکاربەرێکی تر ئامادە نیە پارەیەکی کەمیش بدات بۆ بەدەست هێنانی هەمان شمەك.

((ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕەفتاری بەکاربەر))

١- قەبارەی داهاتی نەختینەیی .
٢- نرخی بازاڕ.
٣- حەز و دەست نیشانکردنی بەکاربەر.

بەمەبەستی ڕۆشنایی خستنەسەر ڕەفتاری بەکاربەر پشت بەست دەبین بە چەند گریمانێك بۆ ئەوەی ئەم بیردۆزە ئاسانتر روون ببێتەوە لەوانە:-

١- ڕەفتاری بەکاربەر ژیرە و هۆشمەندانەیە، واتا هەوڵ دەدات بۆ وەرگرتنی زۆرترین کەڵك و بەدەست هێنانی گەورەترین پڕکردنەوە لەسنووری داهاتەکەی و توانستی دارایی.

٢- نەگۆڕانی حەز و دەست نیشان کردنەکانی بەکاربەر لە شمەك و خزمەت گوزاریەکاندا. ئەگەر شمەکی(A)ی لای پەسەند تر بوو لە شمەکی(B) ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم ڕەوشە هەتا بۆ ماوەیەکی کورت خایەنیش بێت.

٣- داهاتی بەکاربەر سنووردارە وخەرجی دەکات لەپێناو کرینی شمەك و خزمەت گوزاریە جیاجیاکان واتا لەم داهاتەی پاشەکەوتی نابێت.

٤- بەکاربەر ناتوانێت کار بکاتە سەر نرخەکان و بڕی خواست و خستنەڕوو، چونکە لە ئەنجامی یاساکانی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا نرخ دیاری دەکرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گریمانانە"

چۆن بەکاربەر داهاتە سنووردارەکەی دابەش دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین پێداویستی و ئارەزووەکانی پڕبکاتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پشت دەبەستین بە گرنگترین بیردۆزەکان کە بەشدارن لە خوێندنەوەی ڕەفتاری بەکاربەر کە ئەمانەن:

بیردۆزی کلاسیکی((بیردۆزی کەڵك))
Utility Theory

ناوەڕۆکی بیردۆزەکە :

لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەر شمەکێ یان خزمەت گوزاریەك کەڵکێکی دیاری کراوی هەیە. کە پاڵنەرێکی سەرەکیە بۆ خواستی بەکاربەر لەسەر ئەو شمەکەو خزمەت گوزاریە لە سنووری داهات و تواناکەیدا، واتا کەڵك توانستی شتێکە ((شمەك بێت یان خزمەت گوزاری)) بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکی مرۆیی، بۆ نموونە نان ئەو کاتە کەڵکەکە پڕدەکاتەوە کە نانەکەمان لەهەر ساتێکدا دەست کەوێت وبۆ خواردن بەکاری بهێنین .

کەڵك: ئەو ئاستی پڕکردنەوەو تێرکردنەیە کە بەدەست دێت لە ئەنجامی بەکاربردنی یەکە جیاجیاکانی شمەکێ یان خزمەت گوزاریەك لە لایەن تاکەکەسەوە.

پێوانی کەڵك:

ئابووری ناسەکان چەمکی کەڵکیان بەکارهێناوە بۆ دەست نیشانکردنی شمەکە جیاجیاکان لەلایەن بەکاربەرەوە واتە کەڵك بابەتێکی کەسییە، ئەو کاتە کەڵکی شتێك بەدیار دەکەوێت بە پێ ی پێداویستی تاکە کەسەکە بۆ ئەو شتە، کەواتە بابەتێکی ڕێژەیی مەزەندە کراوە بە پێ ی پێویستیەکانی خەڵك و بە پێ ی جیاوازی تێروانینیان بۆ شتەکان دەگۆڕێن بۆیە پێوانی کەڵك بابەتێکی مەزەندەکراوی خەیاڵیە چونکە کەڵك پێوانەی بڕی دابین کردنی پێویستە لە شمەکێکی دیاری کراودا، وە لەبەر ئەوەی خوودی پێداویستی بابەتێکی دەروونیە بۆیە کەڵك بابەتێکی

مەزەندە کراوە، بەڵام ئابووری ناسە کلاسیکیەکان وای بۆ دەچن کە لێرەدا بەکاربەر دەتوانێت پێوەرێکی ژمارەیی وورد بۆ کەڵك بخاتەڕوو لە میانەی بەکاربردنی هەر شمەکێ وە پێ ی دەڵێن یەکەی کەڵك ((Utility)) واتا ئەم بیردۆزە پەیڕەوی پێوانەی چەندایەتی دەکات.

گریمانەکانی بیردۆزی کەڵك:

١- ڕەفتاری بەکاربەر بەندە بەم گریمانەی کە دەکرێ لە کەڵکە بەدەست هێنراوەکان بپێورێن سەبارەت بە بەکاربردنی شمەك و خزمەت گوزاریە جۆراو جۆرەکان.

٢- بەکاربەر دەتوانێت بەراورد بکات لە نێوان ئەو کەڵکانەی کەلە شمەکە جۆراوجۆرەکان بەدەستی هێناوە ،پاشان کامیان لە هەموویان بەکەڵك ترە هەڵی بژێرێ .

٣- یاسای کەمبوونەوەی کەڵکی سنوورەکی دەگرێتەوە(Law of diminishing marginal utility) واتا هەر چەندە ئەو یەکانەی بەکاربراوە زیاد ببێت ئەوا کەڵکە بەدەست هێنراوەکەی دواین یەکە کەم دەبێتەوە. بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان هەردوو چەمکی کەڵك کە ئەمانەن:

یەکەم :-

کەڵکی گشتی: ئەو ئاستی پڕکردنەوە و تێربوونەیە کە بەکاربەر بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی بەکاربردنی یەکە بەدوای یەکەکانی شمەکێك لە ماوەیەکی دیاری کراودا

لەخشتەی کەڵکی گشتی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ئەم کەڵکە زیاد دەکات تا دەگاتە لوتکەکەی لە یەکەی بەکاربراوی شەشەمدا دواتر لە یەکەی حەوتەمدا شتێك هیچ ناکات بۆ سەر ئەم کەڵکە واتا لێرەدا سنورێك لە زیاد کردنی کەڵکی گشتیدا هەیە بە شێوەیەك بەکاربەر کەڵکێکی زیاتر بەدەست ناهێنێت لە بەکاربردنی یەکەی زیادکراو لە شمەکەکەدا، ئەو سنوورە پێی دەڵێن((خاڵی تێربوون)) دوای ئەم خاڵە کەڵکی زیاد کراو نێگەتیف دەبێت، خشتەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەکاربردنی یەکەی هەشتەم کەڵکی سنوورەکی نێگەتیف بەدەست دەهێنێت بەبڕی((٥)) کەڵك.

ژمارەی یەکەکانی سێو	کەڵکی گشتی شمەکەکە
١	١٠
٢	٢٢
٣	٤٥
٤	٥٧
٥	٦٥
٦	٦٧
٧	٦٧
٨	٦٢

خشتەی کەڵکی گشتی



وێنەی کەڵکی گشتی

لەمیانەی خشتەو نواندی بە وێنەی بە داتا بوونی پێشوودا دەکرێ گرنگترین خەسڵەتەکانی چەماوەی کەڵکی گشتی پووخت بکەینەوە لەمانەی خوارەوەدا:

١- کەڵکی گشتی زیاد دەبێت بە زیاد بوونی بەکاربردنی ژمارەی یەکەکانی شمەکدا.

٢- زیادبوونی کەڵکی گشتی Tu بە تێکڕایی کەمبوونەیە هەرچەند ژمارەی یەکە بەکاربردنەکان زیاد بێت.

٣- زیاد بوونەکە بە تێکڕایی لە کەمبوونەوەدا بەردەوام دەبێت تاکو لوتکەی ئاستی دابین کردن لێرەدا Tu نەگۆڕە وەك یەکەکانی پێشتر لەخشتەکەدا وە Tu=٦٧.

٤- بەردەوام بوون لە بەکاربردنی یەکەکانی شمەکێکدا دوای لوتکەی دابین کردن دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی Tu هەروەك لە یەکەی هەشتەمدا هاتووە لە خشتەکەدا وە Tu= ٦٢.

کەڵکی سنورەکی: margined utility

کەڵکی سنوورەکی:

گوزارشتە لەو گۆڕانکاریەی لە کەڵکی گشتیدا ڕوو دەدات کاتێك بڕە بەکاربردنەکانی شمەکێك دەگۆڕێن. وە پێوانەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە:

$$\text{کەڵکی سنوورەکی} = \frac{\text{گۆڕان لە کەڵکی گشتی}}{\text{گۆڕان لە ژمارەی یەکە بەکاربراوەکان}}$$

یان:

$$\text{ك.س} = \frac{\Delta\ \text{ك گ}}{\Delta\ \text{ب}} = \frac{\text{ك گ}_2 - \text{ك گ}_1}{\text{ب}_2 - \text{ب}_1}$$

$$MU = \frac{\Delta Tu}{\Delta Q} = \frac{Tu_2 - Tu_1}{Q_2 - Q_1}$$

کەڵکی سنوورەکی: Mu

گۆڕان لە کەڵکی گشتی: ΔTu

: گۆڕان لە ژمارەی یەکە بە کاربراوەکان لە شمەکێکدا: ΔQ

وە بۆ گەڕانەوە بۆ نموونەکەی پێشوو، دەکرێ کەڵکی سنوورەکی بەدەست بهێنیت وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

دووەم:-

کەڵکی سنوورەکی: ئەو ئاستی پڕکردنەوە و تێربوونە زیادەیە کە بەکار بە دەستی دەهێنێت لە ئاکامی بەکاربردنی زیادەیەك لە یەك بەکە (یەك دانە) لە شمەکێك).

ک. س.Mu	ک.گ.Tu	ژمارەی یەکەکانی سێوQ
١٠	١٠	١
١٢ = ١٠-٢٢	٢٢	٢
٢٥ = ٢٢-٤٧	٤٧	٣
١٠ = ٤٧-٥٧	٥٧	٤
١٠= ٦٥-٧٥	٦٥	٥
٢ = ٦٥-٦٧	٦٧	٦
٠ = ٦٧-٦٧	٦٧	٧
٥- = ٦٢-٦٧	٦٢	٨

لەخشتەکەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا کەڵکی سنوورەکی Mu زیاد دەبێت تاکو دەگاتە بەرزترین بەها دواتر کەم دەبێتەوە تاکو دەگاتە سفر، لە دواتردا بەهای نێگەتیڤ (−) دەبێت واتا سیمای سەرەکی کەڵکی سنوورەکی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسای کەمبوونەوەی کەڵکی سنوورەکی. لەخشتەی سەرەوەدا سەرنجمان دا(Mu) زیادبووە تاکو گەیشتە بەرزترین بەهای لە کاتی بەکاربردنی یەکەی سێ یەمدا کە (٢٥= Mu) دواتر کەم دەبێتەوە تاکو دەگاتە(سفر) لە کاتی بەکاربردنی یەکەی حەوتەم دا.

یاسای کەمبوونەوەی کەڵکی سنووەرکی : لە کاتی بەکاربردنی یەکە بە دوای یەکەکانی شمەکێك ، ئەوا ئەو ئاستی پڕکردنەوە و تێر بوونە زیادەیەی کە بەکار بەدەستی دەهێنێت جار لە دوای جار ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات هەتاوەکو بەردەوام بێت لە بەکاربردنی هەریەکەیەکی دیکەی ئەو شمەکە .





پەیوەندی نێوان کەڵکی گشتی کەڵکی سنوورەکی

بیردۆزی نویێ ((بیردۆزی چەماوە لێکچووەکان))
Indifference Curves Theory

ئەم بیردۆزە بەندە لەسەر بنەمای ڕیزبەندیەوە واتا ئەم کەڵکانەی بەدەست دەهێندرێت لە تێکەلأوی شمەکەکاندا((دوو شمەك)) تێك هەڵکێشراون لەگەڵ یەکتردا. وەهەروەها بەکاربەر ناتوانێت پێوەرێکی ژمارەیی ببەخشێتە کەڵکەکان بەڵکو بۆی مەیسەر دەبێت ڕیزبەندێکی بەرز یان نزم ببەخشێت. بیردۆزی چەماوە لێك چووەکان دوو هۆکاری سەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ شی کردنەوەی ڕەفتاری بەکاربەر کەوا ئەمانەن:

١- چەماوە لێك چووەکان.

٢- هێڵی بوودجە(دەرامەت)

١- چەماوەی لێك چوو: نواندنی داتایی ئەو خاڵأنەن کە چەند شمەکێك دەنوێنن، ئەگەر بەکاربەر بەکاریان بهێنێت هەمان ئاست لە تێرکردن و پڕکردنەوەی پیێ دەبەخشێت. واتا ئەو خاڵأنەی دەکەونە سەر چەماوەی لێك چوو یەکسانن لە ڕووی کەڵکدا. بۆیە ئەم چەماوەیە بەم ناوە هاتووە و نانراوە.

ئەگەر بەکاربەرێك ڕووبەڕووی چەند شمەکێك بێتەوە کە هەمان ئاستی تێرکردن و پڕکردنەوەی پیێ دەبەخشن بۆیە بەلای ئەمەوە لێك چوون و وەك یەك وان . گریمان دوو کۆمەڵە شمەکی (A,B) هەن , هەریەك لەو کۆمەڵە شمەکانیش بڕێکی تری دیاری کراو لە دوو شمەکی دیکەی هەیە کە بریتین لە (X , Y)، جا لەگەڵ (A) بێت یا خود لەگەڵ (B) واتە هەمان بڕی هەردوو شمەکی (X,Y) دەکرێتەوە کە (B) لە خۆی

گرتووه ، یاخود ئەگەر (A) بڕێکی گەورەتری لە (Y) لە خۆ گرت ، ئەوا دەبێ بڕێکی کەمتری لە (X) لە خۆ گرتبێ بە بەراورد لەگەڵ (B) هەروەك لە هێلکاری نەخشەی چەماوەی لێك چوو دیارە کە کۆمەڵە شمەکی (A) بڕێکی گەورەتر لە شمەکی (Y) لە خۆ دەگرێ بە بەراورد کۆمەڵە شمەکی (X) ، جا بەیەکەوە گەیاندن و بەیەکەوە بەستنی (A) وە (B) دەگەینە چەماوەی لێك چوو.

کۆمەڵەی	سێو	پرتەقاڵ
A	١	١٥
B	٢	٩
C	٣	٥
D	٤	٤

نواندنی خشتە بە داتا یەکەکانی پرتەقاڵ لەسەر تەوەری ستوونی دادەنرێت وە یەکەکانی سێو لەسەر تەوەری ئاسۆییدا.



٢- نەخشەس چەماوەی لێك چوو:- ئەگەر بەكار بەرێك روو بە رووی سێ كۆمەڵە شمەكی (A,B,C) بێتەوە ،كۆمەڵی (C) بڕێكی گەورەتری لە خۆ دەگرت لە چاو هەردوو شمەكی (X,Y) گەورەتر لەوەی كە كۆمەڵی (B) لە خۆ دەگرێ ، ئەو كاتە بەكاربەر كۆمەڵەی (C) بەلاوە باشترە لە چاو (A) چونكە ئاستێكی تێركردن و پڕكردنەوەی بەرز تری پێ دەبەخشێ .

هەروەها كۆمەڵی (C) دەكەوێتە سەر چەماوەی لێ چووی بەرزتر (III) لەوەی كە (A) دەكەوێتە سەری . بە پێچەوانەشەوە ئەگەر كۆمەڵەی (A) بڕێكی گەورەتری لەخۆ دەگرت لەچاو هەردوو شمەكی (X,Y) گەورەتر لەوەی كە كۆمەڵەی (B) لە خۆ دەگرێ ، ئەو كاتە بەكاربەر كۆمەڵی (A) بەلاوە باشترە لە چاو (B) ئەو كاتە دەبێ (A) بكەوێتە سەر چەماوەی لێك چووی ناوەند (II)كە بە بەرزتر لە (B) چونكە دەكەوێتە سەر چەماوەی لێك چووی خوارەوە (I) هەروەك لە هێلكاریەكەی بەرامبەردا ڕوون كراوەتەوە.

نەخشەی چەماوەی لێك چوو: (Indifference Map)

کۆمەلێك لە چەماوەی لێك چوونن هەریەکێکیان گوزارشت لە ئاستێکی دابین کردنی جیا لەوەی تردا دەکەن.هەمیشە بەکاربەر هەوڵ دەدات ئەم چەماوە لێك چووانە پەسەند بکات کە زۆرترین ئاستی پڕکردنەوەی هەیە. ئەو بنەما گشتیەی کە خۆی دەسەپێنێ بەسەر نەخشەی چەماوەی لێك چوو ئەوەیە کە :-

هەرچەندە چەماوەی لێك چوو لەخاڵی بنەڕەت (گۆشەی سفر)دووربکەوێتەوە، ئەوا پڕکردنەوەیەکی زۆرتر دەبەخشێ. هەرچەندیش چەماوەی لێکچوو لەخاڵی بنەڕەت (خاڵی سفر) نزیك بێتەوە، ئەوا ئاستێکی پرکردنەوەی کەمتر دەبەخشێ .



خەسڵەتەکانی چەماوە لێکچووەکان:

١- لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێت وە ئاراستەکەی لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستەوەیە و بەئاراستەی خاڵی بنەڕەتیدا کوڕ دەبێتەوە.

٢- چەماوە لێك چووەکان کوڕ دەبنەوە لەلای خاڵی بنەڕەت

٣- چەماوە لێك چووەكان ناپچڕێن ، چونكە چەماوەی لێكچوو لە نەخشەی لێك چوو ئاستێكی پڕكردنەوە دەنوێنێ كە جیاوازە لەچەماوەكانی تر.

٤- هێڵی تەرازوو (داهات)

گریمان داهاتی بەكاربەرێك مانگانە ٥٠٠٠٠ دینارە ولە دووشمەكدا خەرجی دەكات (X , Y) جا ئەگەر نرخی (X) ٢٠٠ دینار بێت ونرخی (Y) ١٠٠ دینار بێت، ئەوا بەكاربەرەكە تووشی سێ بۆ چوون دەبێ :-

١- بۆچوونی یەكەم :- ئەوەیە كە هەموو داهاتەكەی لە (X) خەرج بكات، ئەوكاتە ئەو بڕەی بەدەستی دێنێ = ٥٠٠٠٠/٢٠٠ وهیچ لە (Y)، خاڵی Aدەكەوێتە سەر هێڵەكە .

٢- بۆچوونی دووەم :- ئەوەیە كە هەموو داهاتەكەی لە (Y) خەرج بكات، ئەو كاتە ئەو بڕەی بەدەستی دێنێ = ٥٠٠٠٠/١٠٠ و هیچ لە (X) ، خاڵی (B) دەكەوێتە سەر هێڵەكە .

٣- بۆچوونی سێیەم :- داهاتەكەی بۆ (X,Y) دابەش بكات، جا ئەگەر بەیەكسانی دابەشی كرد ئەوا (٢٥٠٠٠/٢٠٠ = ١٢٥ لەشمەكی X) و (٢٥٠٠٠/١٠٠= ٢٥٠ لەشمەكی Y) بەدەست دێنێ، خاڵی C دەكەوێتە سەر هێڵی تەرازووەكە .

وەك لەم هێلكاریەدا دیارە كەبەهۆی بەیەكەوە گەیاندنی خاڵەكانی (A,C,B) كەسێ بۆ چونەكەیە لە بەردەم بەكاربەر بۆ خەرجكردنی

داهاتەکەی واتە هێڵی ACB پێی دەوترێ هێڵی تەرازوو (داهات) ئەم هێڵی تەرازووەش لەسەر دوو شت وەستاوە:

٢- داهاتی نەختینەیی بەکاربەر

٢- نرخی شمەك لەبازاڕدا .



تێکڕای سنورەکی بۆ شوێن گرتنەوە :Mariginal rate of subaction

ئەو بڕەیە کە لە شمەکێکدا وازی لێ دەهێنرێت بەرامبەر بەدەست هێنانی یەکەیەك لە شمەکێکی تردا.

هاوسەنگی بەکاربەر Consumer Equilibrium :

هەمیشە بەکاربەر ئامانجی ئەوەیە گەورەترین پڕکردنەوەکانی بەدەست بهێنێت لەسایەی داهاتی رەخساوی تەرخان کراو. بۆ خەرج کردن و لە سایەی نرخی شمەك لە بازاڕدا، واتە دەیەوێ بگاتە حاڵەتی هاوسەنگی. ئەم بیردۆزە بۆ هاوسەنگی بەکاربەر پشت دەبەستێت بە :

أ. نەخشەی لێك چوو . ب.هێڵی تەرازوو داهات .

هاوسەنگی بەکار بەر بەهۆی بوونی دوو مەرج دێتە دی :-

١- کەڵکی سنوزرەکی یەك یەکەی دراو دەبێ یەکسان بێت بۆ هەموو شمەکێك ، کە ئەمەش پێ دەڵێن :(یاسای کەڵکە یەکسانەکان)،واتە:

$$\frac{MUx١}{Px١} = \frac{MUx٢}{Px٢} = \ldots\ldots \frac{MUxn}{Pxn}$$

٢- داهاتی بەکاربەر دەبێ هەمووی بۆ کڕینی ئەو شمەکە بێت کە بەکاربەرەکە دەیەوێ و پێویستی پێیەتی واتە :

$$Px_1\,qx_1 + Px_2\,qx_2 + \cdots\cdots + Pxn\,qxn = M$$

تێبینی :(M) داهاتی بەکاربەرە.

حاڵەتی هاوسەنگی دیاری دەکرێ بە جێ بەجێ کردنی هێڵی تەرازوو بەسەر نەخشەی (چەماوەی) لێك چوو :

پرسیار : ئایا ئەو کۆمەڵە شمەکانە کامانەن کە حاڵەتی هاوسەنگی بۆ بەکاربەر بەدی دەهێنن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەکارهێنانی ئەم هێلکاریە دەدرێتەوە کە هاوسەنگی بەکاربەر دەنوێنێ. هاوسەنگی بەکار بەر ئەو کاتە دێتە دی کە بتوانێ کۆمەڵە شمەکی (C) بەدەست بێنێ کە (X_1, Y_1) دەگرێتەوە ، چونکە ئەو کۆمەڵە بەرزترین ئاستی تێرکردن و پڕکردنەوە بۆ بەکاربەر بەدی دەهێنێ، هەرچەندە کە (F) ئاستێکی پڕکردنەوەی بەرزتر و زیاتر لە (C) دەبەخشێ کەچی لە دەرەوەی تواناکانی بەکاربەردایە.

بەلاّم کۆمەڵە شمەکی (E) ئاستێکی کەمتر تێرکردن و پڕکردنەوە لە چاو (C) دەنوێنێ، کەچی هێشتا بەکاربەر لە توانای دایە بکاتە ئاستێکی بەرزتر و زیاتر کە خۆی لە (چەماوە لێك چووەکان) دەنوێنێ (II).

بۆیە (C) خاڵی هاوسەنگی بەکار دەنوێنێ .

کەواتە مەرجی هاوسەنگی :

لاربوونەوەی چەماوەی لێك چوو = لاربوونەوەی هێلی تەرازوو(داهات)



بەشی شەشەم

تێچوون و بەرهەم هێنان

تێچوون

COSTS

بەشـێوەیەكی گـشتی مەبەسـت لـە تێـچوون((ئـەو قوربانیەیـە كـە پێویستە ئەنجام بدرێت یان پێشكەش بكرێـت لـە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی شتێكدا)) وە سروشتی ئەم قوربانیە دەكرێ بەرجەستە ببێت وەیان نابێت، بابەتیە یـاخوود بابـەتی نیـە، دەكـرێ بەشـێوەی دراو بێـت كاتێـك بەرهـەم هێنەر وازی لێ دەهێنێت بەرامبەر بە بەدەست هێنانی كەرەستەو بنەماكانی بەرهەم هێنان.

بۆ ئەوەی زیاتر لە چەمكی تێچوون بگەین پێویستە جیـاوازی بكـەین لە نێوان تێچوون بە واتای گشتی و واتا ئابووریەكەی.

١-تێچوون بەواتا گشتیەكەی: ئەو برە پارەیە كەوا بەرهـەم هـێن لـە ئەستۆی دەگـری لـە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی بنـەماكانی بەرهـەم هێنـان و پێویستیە جیاجیاكاندا بـۆ بەرهـەم هێنـانی برێكـی سـنووردار لـە شمـەك و خزمەت گوزاریەكان وەك مووچە ، و نرخی كەرەستەی خاو ، وە ووزە وەك كارەبا ، و ئاو و كرێ ی گواستنەوە و رێكلام و باج و پێشینە. ئەم تێچوونە پێیـان دەوترێـت((تێـچوونی ئاشـكرا یـان بەرچـاو)) وە یـاخوود((تێـچوونی ژمێریاریی)) Accounting costs.

٢-تێچوونەكان بەواتا ئابووریەكەی: ئەو خەرجیانەن كەوا دامەزراو و دەزگاكان بە ئاشكرا نایدەن، بەڵكو لە دەیگرنە ئەستۆ بـۆ هانـدانی خـاوەن

بنەماکانی بەرهەم هێنان بە مەبەستی بەشداربوون، لە کرداری بەرهەم هێناندا.وە نموونەی تێچوونە شاراوەکان((Implicit cost)) کرێ ی بینای دامەزراوەکان و مووچەی خاوەن کار کەوا خاوەنی دامەزراوەکەیە.

تێچوونەکان بەواتا ئابووریەکەی بریتییە لە:

- تێچوونە ئاشکراکان"بەرچاوەکان" تێچوونی بنەماکانی بەرهەم هێنان کە دامەزراوەکان خاوەنیان نین.
- تێچووە شاراوەکان: تێچووی ئەو بنەمایانەی بەرهەم هێنانە کە خاوەنداریێتیان دەگەرێتەوە بۆ دامەزراوەکە.

قازانجی ئابووریی: Economic Profits

دەکرێ بەهای قازانج هەژمار بکرێت لە دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان سەرجەمی دەسهات و Total Revenue (TR) و سەرجەمی تێچوون (TC) Total costs لێرەدا تێروانینی ئابووری ناسان جیاوازە لەگەڵ تێروانینی ژمێریاران دەربارەی بابەتی قازانج.

قازانجی ژمێریاری– Accounting Profit جیاوازی نێوان سەرجەمی دسهات و تێچوونی ئاشکرایە"بەرچاوەکان"

سەرجەمی قازانجی ژمێریاری = سەرجەمی دسهاتی دامەزراو - سەرجەمی تێچوونی ئاشکرا "بەرچاوەکان"

بەڵام **قازانجی ئابووری**:بریتی یە لە جیاوازی نێوان سەرجەمی دەسهات و تێچوونی ئاشکراو شاراوە .

قازانجی ئابووری = سەرجەمی دەسهاتی دامەزراوەکە - تێچوونە ئابووریەکانی دامەزراوەکە

ئەو هۆكارانەی كە تێچوونەكانی بەرهەم هێنان دیاری دەكەن :

١- نرخی كەرەستەكان یان ئەو بنەمایانەی بەرهەم هێنان كەبەكاردێن لە كرداری بەرهەم هێناندا .

٢- شێوازەكانی بەرهەم هێنان واتا تەكنیكی بەكارهێنراو لەكرداری بەرهەم هێناندا .

٣- نرخی بەرهەم .

٤- چۆنیەتی بەڕێوەبردن .

٥- شوێن .

جۆرەكانی تێچوون :

بەر لەوەی تێچوونەكان پۆلێن بكەین پێویستە جیاوازی بكرێت لەنێوان ماوەی كورت خایەن كە دامەزراوەكان بۆیان ناڕەخسێت سەرجەم بنەماكانی بەرهەم هێنان بگۆرن. لەم ماوەیەدا هەندێك لەم بنەمایانە نەگۆرن وە ئەوانەی تر دەگۆردرێن . وە ماوەی درێژ خایەن كە سەرجەم بنەماكانی بەرهەم هێنان دەگۆرێن، بۆیە دەكرێ ئەو تێچوونانەی دامەزراوەكە لە ئەستۆیان دەگرێ بۆ بەرهەم هێنانی شمەك و خزمەت گوزاریەكان دابەش بكرێن لە ماوەی كورت خایەندا بۆ ئەم جۆرانە :-

١- تێچوونە نەگۆڕەكان:
(TFC) Total Fixed Cost

ئەو تێچوونانەن كە ناگۆرێن بە گۆرینی قەبارەی بەرهەم هێنان ، واتا سەربەخۆیە لەگەڵ قەبارەی بەرهەمدا . بۆ نموونە كرێ ی بینا وە سووی

سەرمایەی قەرزکراو ، ئەم تێچوونانە دامەزراوەکان لە ئەستۆیان دەگرن ئینجا ئەم دامەزراوە بە ووزەی تەواوی یان بەناتەواوی کاربکات وەیا خوود لە بەرهەم هێناندا بوەستێت یاخود نا . سەیری وێنەی خوارەوە بکە .

وێنەی (١) چەماوەی تێچوونە نەگۆڕەکان



٢- تێچووە گۆڕاوەکان:

Total Variable Cost TVC

ئەم تێچوونانە پەیوەستن بە قەبارەی بەرهەم هێنان چ بەزێدەیی بێت یان بە کەمی بێت.، بۆ نموونە کەرەستەی خاو ، یان زیادکردن و کەم کردنەوەی ژمارەی کرێکاران ......

ئەگەر بڕی بەرهەم هاتوو یەکسان بوو بە سفر (هیچ) ئەوا تێچوونە گۆڕاوەکان یەکسانە بە سفر (هیچ) سەیری وێنەی خوارەوە بکە .

وێنەی (١) چەماوەی تێچوونە گۆڕاوەکان



٣- سەرجەمی تێچوون: Total Cost (TC):

بریتــی یــە لــە کۆکردنــەوەی تێـچوونە گۆڕاوەکـان ونــەگۆڕەکان کــە دامەزراوە کە لە ئەستۆی دەگرێت، سەیری وێنـەی خوارەوە بکە .



٤- تێکڕایی تێچوون و تێچوونی سنوورەکی :

شی کردنەوەی تێکڕایی تێچوون و تێچوونی سنوورەکی گرنگی یەکی گەورەی هەیە چونکە پەیوەستن بە هاوسەنگی پڕۆژەکەوە.دەکرێ دابەش بکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:-

أ-تێکڕایی تێچوونە نەگۆڕەکان:

(AFC) Average Fixed Cost

بریتی یە لەو بەشەی کە یەکەی بەرهەم هاتوو لە تێچوونە نەگۆڕەکە بەری دەکەوێت لە ئەنجامی دابەش کردنی تێچوونە نەگۆڕەکان بەسەر بڕی بەرهەم هاتوو.

تێکڕایی تێچوونی نەگۆڕ= $\dfrac{\text{تێچوونی نەگۆڕ}}{\text{بڕی بەرهەم هاتوو}}$

یان

$$AFC = \frac{TFC}{Q}$$

وێنەی (٣) چەماوەی تێکرای تێچووە نەگۆڕەکان



ب- تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو: Average Variable of CostAVC

بریتی یە لەو بەشەی کە یەکەی بەرهەم هاتوو لە تێچوونی گۆڕاو بەری دەکەوێت لە ئەنجامی دابەش کردنی تێچوونی گۆڕاو بەسەر بڕی بەرهەم هاتوودا:-

$$\text{تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو} = \frac{\text{تێچوونی گۆڕاو}}{\text{بڕی بەرهەم هاتوو}}$$

یان:

$$AVC = \frac{TVC}{Q}$$

چەماوەی تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو لە شێوەی پیتی (U) خۆی دەنوێنێت کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە وە بۆ لای ڕاست تاڕادەیەك درێژ

دەبێتــەوە دواتــر بــەرز دەبێتــەوە بـۆ ســەرەوە وەك لــە وێنــەی خــوارەوە هاتووە.

وێنەی (١) چەماوەی تێکرای تێچوونی گۆراو



ج- تێکڕایی سەرجەمی تێچوون: ATC Average Total Cost

بەشی یەکەی بەرهەم هاتووە لە سەرجەمی تێچوون . بە یـەکێك لـەم دوو ڕێگایانەی خوارەوە بەدەست دەهێنرێت .

یەکەم: لە ڕێگای کۆکردنەوەی تێکڕایی تێچوونی نەگۆڕ لەگەڵ تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو.

$$ATC = AFC + AVC$$

دووەم: لەڕێگای دابەش کردنی سەرجەمیتێچوون بەسەر قەبارەی بەرهەم.

$$\text{تێکڕایی سەرجەمی تێچوون} = \frac{\text{سەرجەمی تێچوون}}{\text{قەبارەی بەرهەم}}$$

یان

$$ATC = \frac{TC}{Q}$$

یان

تێکڕایی تێچوونی نەگۆڕ + تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو = تێکرای سەرجەمی تێچوون

یان

$$ATC = AFC + AVC$$

چەماوەی ناوەندی سەرجەمی تێچووەکان لە شێوەی چەماوەی تێکڕایی تێچوونی گۆڕاودایە, بەلاّم خۆی دەنوێنێت بەدووری ستوونی یەکسان بێت بە تێچوونە نەگۆڕەکان وەك لەم وێنە خوارەوەدا هاتووە .



د- تێچوونی سنوورەکی: MC Marginal Cost

بڕی گۆڕانە لە تێچوونی هەمووەکی دا ((نەگۆڕ + گۆڕاو)) لە ئەنجامی گۆڕان لە قەبارەی بەرهەم هێنان بەیەك یەکە . وەپێوانەی تێچوونی سنوورەکی بەدابەش کردنی گۆڕان لە تێچوونی هەمووەکی بەسەر گۆڕان لە بڕی بەرهەم هاتوودا بەر دەست دەکەوێت .

گۆڕان لە تێچوونی هەمووەکی

تێچوونی سنوورەکی = ―――――――――――

گۆڕان لە بڕی بەرهەم هاتوو

یان

$$MC = \frac{\Delta TC}{\Delta Q}$$

چەماوەی تێچوونی سنوورەکی بەرەو دابەزین ئاڕاستە دەبێت تاکو دەگاتە کەمترین تێچوون دواتر بەرز دەبێتەوە لە کاتی زێدە کردنی یەکە بەرهەم هێنراوەکاندا . وەك لەم وێنەدا خۆی دەنوێنێت .



پەیوەندی نێوان تێچوون و قەبارەی بەرهەم

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگای هەژمارکردنی جۆرەکانی تێچوونە جیاجیاکان وە تێگەیشتنی پەیوەندی لەگەڵ قەبارەی بەرهەم دا پشت دەبەستین بەم خشتەی خوارەوە:

خشتەی پەیوەندی نێوان تێچووەکان و قەبارەکانی بەرهەم.

ژمارەی یەکەی بەرهەم هاتوو Q	ت.ن تێچوونی نەگۆر TFC	س.ت تێچوونی گۆڕاو TVC	ت.ت.ن سەرجەمی تێچوون TC	ت.ت.گ تێکڕایی تێچوونی نەگۆر AFC	ت.ن.گ تێکڕایی تێچوونی گۆڕاو AVC	ت.س.ت تێکڕایی سەرجەمی تێچوون ATC	ت.س تێچوونی سنوورەکی MC
٠	٥٠	٠	٥٠	—	—	—	—
١	٥٠	٤٠	٩٠	٥٠	٤٠	٩٠	٤٠
٢	٥٠	٧٠	١٢٠	٢٥	٣٥	٦٠	٣٠
٣	٥٠	٩٠	١٤٠	١٦,٦	٣٠	٤٦,٦	٢٠
٤	٥٠	١١٠	١٦٠	١٢,٥	٢٧,٥	٤٠	٢٠
٥	٥٠	١٢٥	١٧٥	١٠	٢٥	٣٥	١٥
٦	٥٠	١٣٥	١٨٥	٨,٣	٢٢,٥	٣٠,٨	١٠
٧	٥٠	١٤٠	١٩٠	٧,١	٢٠	٢٧,١	٥
٨	٥٠	١٧٠	٢٢٠	٦,٢	٢١,٢	٢٧,٤	٣٠
٩	٥٠	٢٢٥	٢٧٥	٥,٥	٢٥	٣٠,٥	٥٥
١٠	٥٠	٣٠٠	٣٥٠	٥	٣٠	٣٥	٧٥

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کەستونی یەکەم دەربڕی یەکەکانی بڕی بەرهەمە ستونی دووەم تێچوونی نەگۆڕەو ناگۆڕێت هەرچەندە بڕی بەرهەم زیاد بکات .ستونی سێ یەم تێچوونی گۆڕاوە لەگەڵ زیاد بوونی بڕی بەرهەم دا زیاددەکات ستونی چوارەم سەرجەمی تێچوون دەردەخات کەپێك دێت لە تێچوونی گۆڕاوو نەگۆڕ.

ستونی هەشتەم تێچوونی سنورەکی یە کەدەتوانرێت دەربهێنرێت بە دەرکردنی سەرجەمی تێچوونی یەکەم لەسەرجەمی تێچوونی دووەم وە بەو جۆرە ستوونی حەوتەم تێکرای تێچوونە .وەك لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت.

لەخشتەی سەرەوەدا تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

١. تێچوونی نەگۆڕ ناگۆڕێ بە گۆڕانی قەبارەی بەرهەم بەڵکو بەنەگۆڕاوی دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر قەبارەی بەرهەم سفریش بێت، ئەمەش لە پابەند بوونە پێویستەکان خۆی دەنوێنێت سەبارەت بە دامەزراوەکان بەبێ ڕەچاو کردنی قەبارەی بەرهەم بەڵام نەختینەی تێکرای تێچوونی نەگۆڕ کەم دەبێتەوە بەزێدە بوونی بەرهەم تاکو دەگاتە نزمترین بەهاکەی ((٥ یەکەی نەختینەیی)) لەکاتی بەرهەم هێنانی (١٠) دە یەکەدا.

٢. تێچوونی گۆڕاو زیاد دەبێ بە زێدە بوونی بەرهەم ، بەڵام تێکرای تێچوونی گۆڕاو لەسەرەتادا کەم دەبێتەوە لەگەڵ زێدە بوونی بەرهەم تاکو دەگاتە نزمترین ئاستی دواتر زیاد دەبێت .

٣. سەرجەمی تێچوون بەرەو زێدەبوون ئاراستە دەکرێت هەر چەندە قەبارەی بەرهەم زێدە دەبێت وە دەبێتە ((٣٥٠)) لە ئاستی بەرهەم هێنانی (دە یەکە) .

٤. تێچوونی سنوورەکی بە ئاڕاستەی کەم بوونەوەیە تاکو دەگاتە نزمترین بەهاکەیەوە دواتر زێدە دەکات.

وە دەکرێت نواندنی چەماوەکانی تێچوون بکرێت بە وێنە بەم شێوەیەی خوارەوە:



تێكرایی سەرجەمی تێچوون، تێكرایی تێچوونی نەگۆڕ
تێكرایی تێچوونی گۆڕاو ، تێچوونی سنوورەكی

پوختەی تێچوون
A Compact Glossary of Costs

زاراوە	هێما	پێناسە	هاوکێشە
تێچوونی نەگۆڕ Fixed Cost	ت.ن	تێچوون سەربەخۆیە ناگۆڕێت لەگەڵ ئاستی بەرهەمدا	
تێچوونی گۆڕاو Variable Cost	ت.گ	تێچوون دەگۆڕێت بەگۆڕانی بەرهەم	
سەرجەمی تێچوونی نەگۆڕ Total Fixed Cost	س.ت.ن	تێچوونی نەگۆڕی کەرەستە	
سەرجەمی تێچوونی گۆڕاو Total Variable Cost	س.ت.گ	تێچوونی گۆڕاوی کەرەستە	
سەرجەمی تێچوون Total Cost	س.ت	تێچوونی سەرجەم کەرستەکان	$TC=TFC+TVC$
تێکرای تێچوونی نەگۆڕ Average Fixed Cost	ت.ت.ن	سەرجەمی تێچوونی نەگۆڕی لەیەکەیەکی بەرهەمدا	$AFC= TFC \div Q$
تێکرای تێچوونی گۆڕاو Average Variable Cost	ت.ت.گ	سەرجەمی تێچوونی گۆڕاو لەیەکەیەکی بەرهەمدا	$AVC=TVC \div Q$
تێکرای سەرجەمی تێچوون Average Total Cost	ت.س.ت	سەرجەمی تێچوون لە یەکەیەکی بەرهەمدا	$ATC=AFC+AVC$
تێچوونی سنوورەکی Marginal Cost	ت.س	گۆڕان لە سەرجەمی تێچووندا کە لە ئەنجامی زیادبوونی یەك یەکەدا لە سەرجەمی بەرهەمدا	$MC=\Delta TC \div \Delta Q$

بیردۆزی بەرهەم هێنان
PRODACTION THEORY

یەکەم / نەخشەی بەرهەم هێنان: Production function

بریتییە لە بوونی پەیوەندییەکی تەکنیکی لە نێوان بنەماکانی بەرهەم هێنان وەك گۆڕاوێکی سەربەخۆ وە لە نێوان بڕی بەرهەم هێنانی شمەکێك وەك گۆڕاوێکی پاشکۆ .

وە مەبەست لەمەش گوڕانی بنەماکانی بەرهەم هێنانە بۆ شمەکی بەرهەم هاتوو لە ماوەیەکی دیاری کراودا , هەروەها دەربڕی ئاستی تەکنەلۆژی دامەزراوەیەك یان پیشەسازییەك یان ئابوورییەکی گشتگیرە .

وە دەکرێت نەخشەی بەرهەم هێنان بە شێوازی بیرکاری وە بە هاوکێشە دەربڕێت :-

$$Y = f(X_1, X_2)$$

f = بریتییە لە شمەکی بەرهەم هێنراو

(X_1, X_2) = بریتین لە بنەماکانی بەرهەم هێنان

Y بریتییە لە گۆڕاوی پاشکۆ، لە کاتێکدا هەردوو نەخشەی بنەماکانی بەرهەم هێنان $(X_1\ ,\ X_2)$ گۆڕاوی سەربەخۆن .

دووەم / یاسای کەم بونەوەی بەرهەم:
The Law of Diminishing Return

یاسای کەم بوونەوەی بەرهەم گرنگی دەدات بە دەرخستنی گۆڕان لە بەرهەم هێناندا , ئەمەش بە ڕوودانی گۆڕان لە یەکێك لە بنەماکانی بەرهەم هێنان لەگەڵ مانەوەی بڕی بنەماکانی دیکە بە نەگۆڕی و جێگیری.

هەندێ جار ئەم یاسایە پێی دەوترێت (یاسای ڕێژە گۆڕاوەکان) .

١- سەرجەمی بەرهەم و تێکرای بەرهەم و بەرهەمی سنورەکی:-

بۆتێگەیشتن لە یاسای کەم بوونەوەی بەرهەم دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان سێ جۆر لە پێوەری بەرهەم ئەوانەش: (سەرجەمی بەرهەم , تێکرای بەرهەم, بەرهەمی سنورەکی).

جۆری یەکەم: سەرجەمی بەرهەم

بریتییە لە سەرجەمی ئەو بڕە بەرهەمەی شمەکێکی دیاری کراو کە بەرهەم هاتووە لەمیانەی پرۆسەی بەرهەم هێناندا.

جۆری دووەم: نێوەندی بەرهەم یان تێکڕای بەرهەم

بریتییە لە دابەش کردنی سەرجەمی بەرهەم بەسەر بڕی بنەمای بەرهەمی گۆڕاو کە لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا بەکارهێنراوە .

جۆری سێیەم: بەرهەمی سنورەکی

بریتییە لەو گۆرانەی کە لە بڕی بەرهەمدا ڕوودەدات لە ئەنجامی بەکارخستنی یەکەیەکی تر لە بنەماکانی بەرهەم هێنانی گۆڕاو هەروەها بریتیشە لە بەرهەم هێنانی دوایەکەی بنەماکانی بەرهەم هێنانی گۆڕاو .

به بەکار هێنـانی چـەمکی سـەرجەمی بەرهـەم دەکرێـت یاسـای کـەم بونەوەی بنەماکانی بەم جۆرە ڕوون بکرێتەوە :ـ

لەکاتی زیاد کردنی یەکێك لە بنەماکانی بەرهەم هێنانی گۆڕاو یەکـەم جار سەرجەمی بەرهەم زیاد دەکات بە تێکڕایەکی زیاد تر تا دەگاتـە خـاڵی وەرچەرخان . لە پاشاندا زیاد بوون بەردەوام دەبێت بـەلاّم بـە تێکڕایـەکی کـەمتر تـا دەگاتـە ئاسـتێك کـە لـە دوای ئـەو ئاسـتە بەرهـەم هێنـان کـەم دەبێتەوە .

بەلاّم بە بەکارهێنانی چەمکی بەرهـەمی سـنورەکی دەشـێت یاسـاکە بەم جۆرە باس بکرێت :

(لە کاتی زیاد کردنی چەند بنەمایـەك لـە بنـەماکانی بەرهـەم هێنـانی گۆڕاو یەك لە دوای یەك ئەوا سەرەتا بەرهەمی سنورەکی زیاد دەکـات لـە پاشـاندا کـەم دەبێتــەوە تـا دەگاتـە (سـفر) لـە پاشـاندا بـە نیگـاتیڤ دەردەکەوێت).

لە پێناوی ڕونکردنەوەی ئەم یاسایە وە ئـەو قۆناغانـەی کـە بەرهـەم هێنان پێدا تێدەپەڕێت ئەم نموونەیە باس دەکەین :ـ

گریمان بەرهەم هێنێـك کۆمـەڵێك بنـەمای بەرهـەم هێنـانی هەیـە ئـەو بنەمایانەش بریتین لە پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی لەگەڵ کۆمەڵێك ئـامێری کشتوکاڵی لە گـەڵ تـۆو , پـەینی کیمیـایی ﴿بـەلاّم لـەم بـارەدا تـەنها یـەك بنـەمای بەرهـەم دەگۆڕێـت کـە ئـەویش بنـەمای (کرێکـارە)﴾گـەر بێتـوو سەیرێکی خشتەی خوارەوە بکەین دەردەکەوێت لە کاتی زیـاد کردنـی یـەك کرێکار سەرجەمی بەرهەم دەبێتە (٦) تەن . وتێکرای بەرهەمیش بریتی یـە لە شەش تەن , بەلاّم بەزیاد کردنی کرێکاری دووەم سەرجەمی بەرهەم بەرز

دەبێتەوە دەبێت بە (١٨) تەن بەو جۆرە تێکرای بەرهەم بۆتە (٩) تـەن بەمانای سەرجەمی بەرهەم بەبڕی (١٢) تەن گۆڕاوە . کەئەمەش بریتی یە لەبڕی بەرهەمی سنورەکی کرێکاری دووەم , بـەڵام بەکارخستنی کرێکـاری سێ یەم سەرجەمی بەرهەم(TP) بووە بە (٣٣) تـەن بـەوەش تێکـرای بەرهەمبووە بە (١١) تەن , وە بەرهەمی سنورەکی بـووە بـە (١٥) تـەن بەم جۆرە دەردەکـەوێت کەسـەرجەمی بەرهـەم زیـادبووە بـە شـێوازی ڕوو لەزیادی وە ئەم قۆناغە پێی دەوترێت قۆناغی زیاد بوونی ڕوولەزیادی .

بەڵام بە بەکارخستنی کرێکاری ژمارە (٤) دەبیـنین کـە سـەرجەمی بەرهەم بووە بە(٤٠) تەن تێکرای بەرهەم بووە بـە (١٠) بـەڵام بەرهـەمی سنورەکی بووە بە (٧)تەن بەم جۆرە سـەرجەمی بەرهـەم بەردەوامـە لـە زیادبوون بەڵام بەشێوەی ڕوو لەکەمی تاوەکو کرێکاری ژمارە (٨)کەتیایدا سەرجەمی بەرهەم (٤٩) تەنە وە تێکرای بەرهەم بووە بە (٦,١) تـەن وە بەرهەمی سـنورەکی بـووە بـە (سـفر) ئەمـەش قۆنـاغی دووەمـی بەرهـەم هێنانە کە پێ ی دەوترێت قۆناغی زیادبوونی ڕوو لەکەمی .

بـەڵام بـە بەکارخـستنی کرێکـاری ژمـارە (٩) سـەرجەمی بەرهـەم کـەمی کـردووە بـووە بـە (٤٥) تـەن وە تێکـرای بەرهـەم (٥) تەنـە وەبەرهەمی سنورەکی بووە بە – ٤ کەواتە بنەماینۆیـەم بـووە هـۆی کـەم بوونـەوەی بەرهـەم ئەمـەش قۆنـاغی سـێ یـەمی بەرهـەم هێنانـە کـە پێـی دەوترێت (قۆناغی کەم بوونەوەی ڕەهای بەرهەم) .

ژ.ک ژمارەی کرێکار	س.ب سەرجەمی بەرهەم TP	ت.ب تێکرای بەرهەم AP	ب.س بەرهەمی سنورەکی MP	قۆناغ
١	٦	٦	٦	قۆناغی یەکەم (قۆناغی زیادبوون) ڕوولەزیاد بوون (زیادە متزایدە) MP>AP
٢	١٨	٩	١٢	
٣	٣٣	١١	١٥	
٤	٤٠	١٠	٧	قۆناغی دووەم قۆناغی زیاد بوونی ڕوولە کەمی (زیادە **متناقصة**) AP> MP
٥	٤٥	٩	٥	
٦	٤٨	٨	٣	
٧	٤٩	٧	١	
٨	٤٩	٦,١	سفر	
٩	٤٥	٥	٤-	قۆناغی سێیەم قۆناغی کەم بونەوەی ڕەهای بەرهەم (تناقص مطلق)



پەیوەندی نێوان سەرجەمی بەرهەم وتێکڕایی بەرهەم و بەرهەمی سنوورەکی

سنوورو تایبه تمەندییەکانی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان

قۆناغی یەکەم:

لە خاڵی بنەڕەتەوە دەست پێ دەکات و لەو خاڵەدا کە تێکرای بەرهەم یەکسان دەبێت بە بەرهەمی سنورەکی تەواو دەبێت وە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:-

أ. سەرجەمی بەرهەم بە تێکڕایەکی زیاد تر زیاد دەکات.

ب. بەرهەمی سنورەکی گەورەترە لە تێکرای بەرهەم ت.ب < ب.س

ج. کۆتایی دێت لە کاتێکدا ت.ب = ب.س بەرهەمی سنورەکی بەتێکرای بەرهەم.

قۆناغی دووەم:

لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە ت.ب = ب.س تێکرای بەرهەم یەکسان بێت بە بەرهەمی سنورەکی وە لەو خاڵەدا کۆتایی دێت کە ب.س = سفر بەرهەمی سنورەکی =سفر.

ئەم قۆناغە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە :-

أ. سەرجەمی بەرهەم زیاد دەکات بە تێکڕایەکی کەمتر .

ب. بەرهەمی سنورەکی کەمترە لەتێکرای بەرهەم ب.س < ت.ب

ج. لە کاتێکدا کە بەرهەمی سنورەکی دەبێت بە سفر کۆتایی دێت ب.س = سفر

قۆناغی سێیەم:

لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە ب. س = سفر وە بەرهەمی سنورەکی =سفر. سەرجەمی بەرهەم دەست دەکات بە کەم بونەوەی ڕەها وە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:-

أ. سەرجەمی بەرهەم هێنان بە ڕەهایی کەم دەکات

ب. وە بەرهەمی سنوردار دەبێت بە سالب ب. س > سفر

یاسای کەم بوونەوەی بەرهەم یاسایەکی ڕاستی و واقعیانەیە دیاردە ئابووریەکان پشتگیری ڕاستی و دروستی ئەم یاسایە دەکەن ئەگەر ئەمە وا نەبوایە دەتوانرا هەموو ئەو بڕە بەرهەمە بەرهەم بهێنرێت کە مرۆڤ دەیویست بەبەکار بردنی هەمان بڕ لە هۆکارەکانی بەرهەم هێنانی نەگۆڕو گۆڕینی یەك هۆکار بۆ بەدیهاتن و دەرکەوتنی ئەم یاسایە دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبن:-

١- بوونی هۆکاری بەرهەم هێنانی نەگۆڕ لەگەڵ یەك هۆکاری گۆڕاو، (ئەگەر بێت و هەموو هۆکارەکان بگۆڕێن ئەوا بەرهەم هێن دەتوانێت خۆی لە ڕوودانی ئەم یاسایە بە دوور بگرێت).

٢- دەبێ ئەو هۆکارەی دەگۆڕێت لێك چووبن .

٣- دەبێت ئاستی تەکنەلۆژی نەگۆڕ بێت .

Revenue: داهات

(Total revenue) TRV : یەکەم/ سەرجەمی داهات

ئەمە بریتیە لە سەرجەمی ئەو داهاتانەی کە بەرهەم هێن دەستی دەکەوێت بە فرۆشتنی بڕی شمەکی بەرهەم هێنراو ئەمەش بریتی دەبێت لە (بڕی شمەك X نرخی شمەك).

ب × ن = سەرجەمی داهات

س.د = سەرجەمی داهات .

ب = بڕی شمەکی فرۆشراو

ن = نرخی شمەکەکە

چەماوەی سەرجەمی داهات لە بازاڕی کێبڕکێی تەواودا بریتی یە لەهێڵێکی ڕاست کەلە خاڵی بنەڕەتەوە دەست پێ دەکات وە لاریەکەی یەکسانە بە (سفر) .

(Average Revenue) AR :دووەم :تێکرای داهات

بریتی یە لەداهاتی یەك یەکە لە شمەکی فرۆشراو لەسەرجەمی داهات, بەدابەش کردنی سەرجەمی داهات بەسەر ژمارەی یەکەی فرۆشراو لە بەرهەمەکە دەست دەکەوێت .

$$\text{تێکرای داهات} = \frac{\text{سەرجەمی داهات}}{\text{ژمارەی یەکەی فرۆشراو}}$$

سێیەم / داهاتی سنورەکی: Marginal Revenue MR

بریتی یە لە گۆڕانی ڕێژەیی لەسەرجەمی داهات لەئەنجامی گۆڕانی بڕی فرۆشتن بەیەك یەکە . یان بریتی یە لە داهاتی دوا یەکەی فرۆشراو .

$$\text{د.س} = \frac{\Delta \text{س . د}}{\Delta \text{ب}}$$

MR = داهاتی سنورەکی

ΔTR = گۆڕان لەسەرجەمی داهات

ΔQ = گۆڕان بڕی بەرهەمی فرۆشراو

لەم خشتەیەدا سەرجەمی داهات وتێکرای داهات وداهاتی سنورەکی لەبازاڕی کێبڕکێ دا ڕوون کراوەتەوە:

ب بڕی فرۆشراو	ن نرخی یەك یەکە	س.د سەرجەمی داهات	ت.د تێکرای داهات	د.س داهاتی سنورەکی
١	١٠	١٠	١٠	١٠
٢	١٠	٢٠	١٠	١٠
٣	١٠	٣٠	١٠	١٠
٤	١٠	٤٠	١٠	١٠
٥	١٠	٥٠	١٠	١٠
٦	١٠	٦٠	١٠	١٠
٧	١٠	٧٠	١٠	١٠
٨	١٠	٨٠	١٠	١٠
٩	١٠	٩٠	١٠	١٠
١٠	١٠	١٠٠	١٠	١٠

فەرهەنگۆکی ئابووری

"ئینگلیزی – کوردی"

ئینگلیزی	کوردی
Accounting Profit	قازانجی ژمێریاری
Allocation Efficiency	توانستی پسپۆری
Allocation of Resources	دابەشکردنی دەرامەتەکان
Average Cost	تێکڕای تێچوون
Average Fixed Cost (AFC)	تێکڕای تێچوونی نەگۆڕ
Average Labour Productivity	تێکڕای بەرهەمهێنانی کرێکار
Average product	تێکڕای بەرهەم
Average Revenue (AR)	تێکڕای داهات
Average Total Cost (ATC)	تێکڕای سەرجەمی تێچوون
Average Variable Cost (AVC)	تێکڕای تێچوونی گۆڕاو
Budget Line	هێڵی بودجە
Budget	بودجە
Business	کارەکان
Buyer	کڕیار
Capacity	توانا
Capital	سەرمایە
Capital Good	کاڵای سەرمایەداری
Capital Intensive	چڕی سەرمایە
Capitalism	سەرمایەداریێتی
Capitalistic System	سیستەمی سەرمایەداری
Cardinal Utility	کەڵکی ژمێرەیی
Cartel	یەکێتی بەرهەمهێنەران
Ceteris Paribus	لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە نەگۆڕاوی
Change in Demand	گۆڕان لە خواست

ئینگلیزی	کوردی
Change in Supply	گۆڕان لەخستنەروو
Choice	هەڵبژاردن
Commodity	شمەك
Competitine Firm	دامەزراوەی کێبڕکێیی
Competition	کێبڕکێ
Complementary Goods	شمەکی تەواوکەر
Concave	قۆقز
Constant Returns to Scale	نەگۆڕانی داهاتی قەبارە
Consumer	بەکاربەر
Consumer Goods	شمەکی بەکاربردن
Consumer Surplus	زێدەی بەکاربەر
Consumption	بەکاربردن
Convex	کوڕ
Cost Curve	چەماوەی تێچوون
Cost Schedule	خشتەی تێچوون
Cross Elasticity of Demand	نەرمی خواست
Cross Elasticity of Demand	نەرمی خواستی یەکتربڕ
Demand	خواست
Demand Curve	چەماوەی خواست
Demand Schedule	خشتەی خواست
Dependent Variable	گۆڕانی پشتبەست
Derived Demand	خواستی داتاشراو
Determinants of Demand	سنووربەندەکانی خواست
Determinants of Supply	سنووربەندەکانی خستنەروو
Diminishing Marginal Returns	کەمبوونەوەی داهاتی سنوورەکی
Diminishing Marginal Utility	کەمبوونەوەی کەڵکی سنوورەکی
Distribution	دابەشکردن

ئینگلیزی	کوردی
Economic Analysis	شیکردنەوەی ئابووری
Economic Efficiency	توانستی ئابووری
Economic Goal	ئاما نجی ئابووری
Economic Grawth	گەشەی ئابووری
Economic Loss	زیانی ئابووری
Economic Model	مۆدێلی ئابووری
Economic Profit	قازا نجی ئابووری
Economic System	سیستەمی ئابووری
Economic Theory	بیردۆزی ئابووری
Economics	زانستی ئابووری
Elastic Demand	خواستی نەرم
Elastic Supply	خستنەرووی نەرم
Entrepreneur	رێکخەر
Equality	یەکسانی
Equilibrium	هاوسەنگی
Equilibrium Condition	مەرجی هاوسەنگی
Equilibrium Price	نرخی هاوسەنگی
Equilibrium Quantity	بڕی هاوسەنگی
Equity	یەکسانی
Exchange	ئاڵوگۆڕ
Expectation	پێشبینی کردن
Expectation Path	رەوتی فراوانی
Explicit Cost	تێچوونی ئاشکرا
Export	هەناردە
Factor of Production	بنەمای بەرهەمهێنان
Firm	دامەزراو
Free Goods	شمەکی ئازاد (خۆرایی)

ئینگلیزی	کوردی
Full Employment	بەگەڕخستنی تەواو
Globalization	جیهانگیری
Goal	ئامانج
Government Intervention	دەستێوەردانی حکومی
Government Purchases	کڕاوە حکومیەکان
Homogeneous Proudutts	بەرهەمە هاوچەشنەکان
Human Behavior	ڕەفتاری مرۆیی
Human Capital	سەرمایەی مرۆیی
Imperfect Copetition	کێبڕکێی ناتەواو
Implicit Cost	تێچوونی شاراوە
In Come	داهات
In Come Elasticity of Demand	داهاتگەری نەرمی نواندنی خواستی داهات گەری
Independents Goods	شمەکە سەربەخۆکان
Indifference Curves (IC)	چەماوەکانی لێك چوو
Indifference Map	نەخشەی لێك چوو
Indinect Tax	باجی ناڕاستەوخۆ
Individual	تاکەکەس
Industry	پیشەسازی
Inferion Goods	شمەکی بێ کەڵك
Inflation Rate	تێکڕای هەڵاوسان
Interest Rate	تێکڕایی سوو
Intermediate Goods	شمەکی ناوەندی
Investment	وەبەرهێنان
Iso-Cost line	هێڵی تێچوونی یەکسان
Iso-quant Curve	چەماوەی بەرهەمی یەکسان
Labor	کار
Labor Factor	بنەمای کار

ئینگلیزی	کوردی
Labor Force	هێزی کار
Labor Productivity	بەبەرهەم هێنانی کار
Land	زەوی
Law of Demand	یاسای خواست
Law of Supply	یاسای خستنەڕوو
Long Run	ماوەی درێژخایەن
Luxury Goods	شمەکە جوانکارییەکان
Macroeconomics	ئابووری گشتی
Maraginal Cost (MC)	تێچوونی سنووردکی
Marginal Benefits	کەڵکی سنووردکی
Marginal Product (MP)	بەرهەمی سنووردکی
Marginal Productivity	بەبەرهەم هێنانی سنووردکی
Marginal Rate of Substitution	تێکڕای سنووردکی لەجیاتی بوون
Marginal Rate of Technical Substitution	تێکڕای سنووردکی لەجیاتی بوونی تەکنیکی
Marginal Revenue (MR)	داهاتی سنووردکی
Marginal Utility (MU)	کەڵکی سنووردکی
Market Economy	ئابووری بازاڕ
Market Failure	سەرنەکەوتنی بازاڕ
Market Power	هێزی بازاڕ
Market Price	نرخی بازاڕ
Microeconomics	ئابووری بڕەکی
Mixed Economy	ئابووری تێکەڵاو
Monopolist	قۆرخ کەر
Monopolistic Competition	قۆرخ کەری کێبڕکێیی
monopsonist	قۆرخ کەری کڕین
Monopsony	قۆرخ لە کڕین

ئینگلیزی	کوردی
Natural Monopoly	قۆرخ کردنی سروشتی
Natural Resources	دەرامەتە سروشتیەکان
Necessity Goods	شمەکە پێویستەکان
Normal Profit	قازانجی ئاسایی
Oligopoly	قۆرخ کردنی کەمەکان
Open Economy	ئابووری کراوە
Opportunity Cost	تێچوونی هەل
Optimal	نموونەترین
Ordinal Utility	کەڵکی ریزبەندی
Perfect Competition	کێبرکێی تەواو
Perfect Knowledge	زانیاری تەواو
Perfect Substitute	جێگیرکەرەوەی تەواو
Political Economics	ئابووری سیاسی
Price Competation	کێبرکێی نرخ
Price Discrimination	جیاکەری لە نرخ
Price Maker	دروستکەری نرخ
Price Taker	وەرگری نرخ
Private Costs	تێچوونی تایبەت
Private Ownership	خاوەنداریەتی تایبەت
Private Sector	کەرتی تایبەت
Producer	بەرهەم هێنەر
Product	بەرووبووم
Production	بەرهەم هێنان
Production Curve	چەماوەی بەرهەم
Productivity	بەبەرهەم هێنان
Profit	قازانج
Public Goods	شمەکە گشتییەکان
Public Sector	کەرتی گشتی
Purchasing Power	هێزی کڕین
Quantity	بڕ
Quantity Demand	بڕی داخواست
Quantity Supplied	بڕی خستنەروو
Rational Behavior	رەفتاری ژیرانە
Raw Materials	کەرەستەی خاو
Real Wage	کرێی راستەقینە
Rent	موڵکانە
Revenue	داهات
Sales	فرۆشراوەکان
Satisfaction	تێربوون
Scarcity	دەگمەنی
Seller	فرۆشیار
Shortage	کورتی هێنان
Social Benefits	سوودە کۆمەڵایەتیەکان
Social Cost	تێچوونی کۆمەڵایەتی
Social Welfare	خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی
Stability	جێگیربوون
Subsidy	کۆمەك
Substitute Good	کاڵای جێگیرکەرەوە
Supply	خستنەروو
Supply Curve	چەماوەی خستنەروو
Supply Schedule	خشتەی خستنە روو
Surplus	زێدەیی
Tax	باج
Total Cost (TC)	تێچوونی گشتی

کوردی	ئینگلیزی
خەرجی گشتی	Total Expenditure
تێچوونی نەگۆڕی گشتی	Total Fixed Cost (TFC)
بەرهەمی گشتی	Total Product (TP)
قازانجی گشتی	Total Profit
داهاتی گشتی	Total Revenue (TR)
کەڵکی گشتی	Total Utility
تێچوونی گۆڕاوی گشتی	Total Variable Cost (TVC)
کەڵك	Utility
بەها	Value
بەهای بەرهەمی سنوورەکی	Value of Marginal Product
تێچوونی گۆڕاو	Variable Cost
کرێ	Wage
ئارەزووەکان	Wants
سامان	Wealth
خۆشگوزەرانی	Welfare
ئابووری خۆشگوزەرانی	Welfare Economics
ئارەزوو	Willing

پێرست

بابەت	لاپەڕە
بەشی یەکەم —سەرەتاکانی زانستی ئابووری	٤
بەشی دووەم — سیستەمە ئابوورییەکان	٢٥
بەشی سێیەم — بیردۆزی خواست وخستنەڕوو	٥٣
بەشی چوارەم — نەرمی نواندن	٧٤
بەشی پێنجەم- بیردۆزی رەفتاری بەکاربەر	١٠٥
بەشی شەشەم — تێچووەکان وبەرهەمهێنان	١٢١
فەرهەنگۆك	١٤٤